81

# پەیامی زانایان

www.zanayan.org

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری ئایینییە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان مانگی جارێک دەری دەکات

## ژیان و لەیلای جوانترین وەفادارین لەیادی ترازیدیای بەناو بەغدادا!



ئافرەتی موسڵمان...

خواناس و شارەزا و خاوەن بڕیارە

ئیسلام چۆن دەڕوانێتە کارو کرێکار..!؟

بۆچی لە ڤیستیڤالی سۆران ڕێز لە موسلمانان و ئایینەکەیان نەگیرا..!؟



دکتۆر جەمال قوتب:

هەر وڵاتێک ڕێکخستنی فەتوای هەبوو، موسڵمانانی ئاسوودەو یەکگرتوون

# یەکڕیزی نێو ماڵی کورد..!!

هەوڵدانی لە مێژینەی خەمخۆرانی کوردو شۆڕشەکانی کوردستان بۆ ئەوە بووە، کە کورد بگاتە ئامانجی خۆیو سەربەستانەو بە ئازادیو بژیتو بە مافی خۆی شاد ببێت.

لەدوای روخانی رژێم کورد هەنگاوی باشی لە پێناو بونیادنانەوەی عیراقو ناوچەکە نا، کۆمەڵێك ئینجازی گەورە وەدەست هاتن، لە ئەنجامی ئەو بەژدارییە سیاسیەش، کە کورد لەگەڵ بەغدا هەیبووە، شوکر بۆ خوا کورد بووە لایەنێکی بەهێزو کاریگەری هەنگاوەکانو مەیدانی سیاسی لەو وڵاتەدا.

زۆر جاریش دروست بوونی گرژییەکان لە ئەنجامی تاکلایەنی هەندێ کەسی نێو دەستەڵاتو حکومەت، کوردی نیگەران کردووە، بە تایبەت ئەو دۆخەی بەم دواییە هاتە کایەوە، کە ئاماژەی مەترسیداری بۆ سەر ئایندەی کورد لەو وڵاتە لەخۆ گرتووە.

بەڵام هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد لە ئانو ساتێکی وادا، جێگەی دڵخۆشیە، کە پاڵپشت بە یەکڕیزی نێو ماڵی کوردو بە جورئەتێکی پڕ لە بەرپرسیارێتیەوە، زەنگی ئەو مەترسەیەی راگەیاندنو هەڵوێستی کوردیشی لە بارەوە خستە ڕوو.

پێشتریش لە مانگی ئاداری ئەمساڵ سەرۆکی هەرێم کۆمەڵێك هەنگاوی نا، دواتریش سەردانی کۆمەڵێك وڵاتی جێدەست دیاری رۆژهەڵاتو رۆژئاوای کرد، کە سەرەنجام تێکڕا هەوڵی جددین بۆ قۆناغی ئەمرۆی گەلەکەمانو بەرەو پێشەوە هەنگاوەکان.

ئەوەی بەلای ئێمە ( وەکو یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان) گرنگە، هۆشیار بوونی دەستەڵاتدارانی کوردە لەهەمبەر پرسەکانو یەکڕیزیو تەبایی نێوان لایەنە سیاسیە کوردەکانە، کە پێویستیەکی ئەم قۆناغەیەو دەبێ هەمووان لە پێناو بەرژەوەندی نیشتمانو نەتەوە بە یەك هەڵوێستیەوە دەربکەونو هاوکاری یەکتر بن لە سەر خستنی پرۆسە نەتەوەییەکان.

چونکە ئەگەری سەرکەوتنی هەر بڕیارو هەنگاوێك وابەستەیە بە تەبایی نێو ماڵی کوردو یەکڕیزی حزبو لایەنەکان، ئەمەش داخوازی ئێمەو تەواوی گەلی کوردستانە بۆ ئەوەی لە ئایندەوە دەرفەتی دەسکەوتەکانمان لەدەست نەچێو دوژمنانیش پێمان دڵخۆش نەبن..!



خاوەنی ئیمتیاز

# پەیامی زانایان

ژمارە (٨١)

جماد الاولی / ١٤٣٣

نەورۆز/ ٢٧١٢

نیسان/ ٢٠١٢

گۆڤارێکی رۆشنبیری ئایینیی، مانگانەیە، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەری دەکات



خاوەنی ئیمتیاز

**مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی**

amalazada@gmail.com

سەرنووسەر

**مەلا جەعفەر گوانی**

cefergwani@gmail.com

07504522305



بەڕێوەبەری نووسین

**مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**

Sherkaway83@gmail.com

07504632715

راوێژکارانی فەتوا

**مامۆستا مەلا موحەممەد وەرتی**

**مامۆستا مەلا ئەحمەدی شافیعی**

**مامۆستا مەلا عومەری سوێری**

راوێژکاران

**مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی**

**شێخ عەبدولباسیت بالیسانی**

**شێخ بەهائەدین نەقشبەندی**

ستافی نووسین

**مەلا تەیب زیارەتی**

**مەلا ئەمیر گەردی**

فۆتۆ

**تەها شەمسەدین**


## پیرۆزبایی رۆژنامەگەری کوردی

لەیادی رۆژی رۆژنامەگەری کوردیەوە، بە پێویستی دەزانین گەرمترین پیرۆزبایی لەسەر جەم خوشك و برا رۆژنامەنووسەکان و دەزگاکانی راگەیاندن بکەین، بەو ئومێدەی وەك چۆن لە مێژووی پرشنگداری رۆژنامەگەری کوردی خزمەتی بەرچاو بەرامبەر دۆزی رەوای گەلی کورد کراوە، بەهەمان شێوە بتوانین خزمەتی زیاتری هەرسێ لایەنی دینداری و نەتەوەیی و نیشتیمانیمان بەرەو پێشەوە برین و بە هەڵوێست و بابەت و قسەی خێرو پرۆژەی جوان و هەست کردن بە بەرپرسیارێتی سەر شانمان هەنگاوی باشتر بهاوێژین.

دەزانین رۆڵی میدیا کاریگەرە، بەڵام گرنگیشە ئەو میدیایە رەچاوی بنەما گشتیەکانی کۆمەڵگەو داب و نەریت و بەهاو رەوشتی کوردەواریش رەچاو بکات و بە پەیامێکی تەباو ئامانجی رەسەنەوە پەرە بەکاری خۆی بدات.

داواش دەکەین رۆژنامەنوسانمان بە هەست کردن بە بەرپرسیارێتی و رێزگرتن لە یەکترو نەبەزاندنی سنوورەکان و پاراستنی قیەمی کۆمەڵگە درێژە بەکارەکانیان بدەن.

جارێکی تر پیرۆزە ئەو یادەو هیوادارین ببێتە دەروازەیەکی تر لەبەردەم راگەیاندنی کوردی بۆ خزمەتی نەتەوەو نیشتمان.


ناونیشان: هەولێر– شەقامی شەست مەتری سێڕیانی رێگای موسڵ – بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان

# سەرۆكی یەكێتی زانایانی پێشوازی لە شاندێكی ئاینی كۆماری عەرەبی میسر دەكات




رۆژی ٢٠١٢/٤/٢٣ لەبارەگای مەكتەبی تەنفیزی، بەڕێز مامۆستا مەلا عبداللە مەلا سەعید گرتكی سەرۆكی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان، پێشوازیكرد لەشاندێكی ئاینی كۆماری عەرەبی میسر، كە پێكهاتبوو لە بەڕێزان دكتۆر جمال قوتب سەرۆكی لیژنەی فەتوای ئەزهەرو، دكتۆر صلاح عبدالسمیع مامۆستا لە زانكۆی حەلوان و، دكتۆر عبدالخبیر محمود عەتاس لە زانكۆی قاهیرەو، دكتۆر عبدالرحمن نەقیب لە توێژینەوەی رۆشنبیریو، دكتۆرە حەنان عبدالمجید مامۆستای راگەیاندن.

لەدیدارێكدا كە هەر یەك لە دكتور صباح بەرزنجیو، خاتوو سمیرە عبداللە گۆران ئەندامانی پەرلەمانی كوردستانو، هەروەها ئەندامانی مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان ئامادە یبوون، تیشك خرایە سەر پەیوەندی مێژوویی نێوان گەلی كوردستانو گەلی میسرو، رۆلی مەلای كورد لە خزمەتكردنو بەرەو پێشبردنی ئیسلام، بەرزو پیرۆز راگیرا. ئەمەو لەوتەیەكدا، سەرۆكی یەكێتی زانایان وێڕای بەخێرهێنانی شاندەكەهیوای خواست كە شاندی ناوبراو رۆڵی خۆیان ببنن لە پشتیوانی كردنی گەلی كوردو، ناساندنی ئەو پێشڤەچوونە ئاینییەی لە هەرێمی كوردستان هەیە لەوڵاتی میسر.

لەبەرامبەردا شاندی میوان وێڕای دەربڕینی سوپاسگوزاری لەو پێشوازییە گەرمەی یەكێتی زانایان، خۆشحاڵی خۆیان نیشاندا لەو بەرەوپێشچوونەی كە لە هەرێمی كوردستاندا هەیەو، بەتایبەت كە بایەخدراوە بەبوارە ئاینیەكانو، بەلێنی هەماهەنگیو پەیوەندی بەردەوام لەنێوانیان دوپاتكرایەوە.

لەوتەیەكیدا دكتۆر جەمال قوتب گوتی: یەكێك لەو شتانەی لەم سەفەرە زۆر دڵخۆشی كردم بوونی رێكخراوێكی تایبەت بە زانایانی ئاینیو لیژنەی باڵای فەتوا بوو، چونكە لە هەر شوێنێك یەك لیژنەی فەتوا هەبوو ئەوە موسڵمانان سەركەوتوو یەكرتوو دەبن، بەپێچەوانەوە ئەگەر هەر كەسەو لەلایەك فەتوا بدات، ئەوە ئوممەت پارچە پارچە دەبێتو بەم كارە گەورەترین زیان بە ئوممە تی ئیسلامی دەگەیەنن.

شایانی باسە هەر یەك لە مامۆستا مەلا محەمەد وەرتی، مامۆستا مەلا عومەر سوێری، شێخ عەبدولباسیت بالیسانی، مەلا جەعفەر گوانی، ئەندامانی مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایان ئامادەی دانیشتنەكە بوون.

# میسر: یەكێتی زانایان بە هەماهەنگی لەگەڵ (رابیتەی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر) خولێكی راهێنان بۆ ٣٠ مامۆستاو وتاربێژی هەرێمی كوردستان دەكاتەوە

لەوتەیەكدا بۆ راگەیاندنی یەكێتی زانایان، بەڕێز مامۆستا مەلا عبداللە مەلا سەعید گرتكی سەرۆكی یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی رایگەیاند: كە دوا بەدوای ئەوەی كە لەمانگی ئەیلولی ساڵی رابردوو، لەمیانەی سەردانێكدا بۆ لای بەڕێز شێخی ئەزهەر دكتۆر ئەحمەد ئەلتەیب، بیرۆكەی ئەوەمان لاباسكرد، كە بەهەماهەنگی هەردوولا خولێكی راهێنان بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستایانی ئایینی كوردستان بكرێتەوە، ئەوەبوو بەڕێزیان ئامادەییو هەماهەنگی خۆی نیشانداو، لەلایەن خۆشیەوە (رابیتەی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر) تەواوی ئامادەكاییەكانی بۆ ئەم مەبەستە سازكردو، بۆیە لە ئێستادا كارەكانی ئەم گەشتە تەواو بووە.

بەڕێزیان زیاتر گوتی: مەبەست لەبەڕێوەچوونی ئەم خولە، پتەوكردنی پەیوەندیەكانو، سوود وەرگرتنە لە ئەزموونی زانستی سەركەتووی زانكۆی ئەزهەر، بەتایبەت كە خولەكە بەسەرپەرشتی خودی جەنابی شێخی ئەزهەر بەڕێوەدەچێتو، پسپۆڕانو كەسایەتی دیاری زانكۆی ناوبراو وانەكان پێشكەش دەكەنو، بابەتەكان هەمەجۆرن لە هەریەك لە هزری ئیسلامیو، باسە فیقهیە سەردەمیەكان.

لەكۆتاییشدا بەڕێز سەرۆكی یەكێتی زانایان گوتی: رێزو سوپاسی زۆرمان بۆ مەشیەخەی ئەزهەر هەیە، هەروەها بۆ هەموو ئەوانەی كە لە (رابیتەی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر) ئاسانكارییان بۆ كردینو، یارمەتیان داین بۆ بەڕێوەچوونی كارە یاساییەكان، وێڕای سوپاسی زۆرمان بۆ حكومەتی هەرێم، كە كارئاسانیو پشتیوانی پڕۆژكەیان كرد.

شایەنی باسە ماوەی خولەكە یەك مانگەو، لە رۆژی ٢٠١٢/٥/٥ بە بەشداری ٣٠ مامۆستاو وتاربێژی سەرجەم شارو شارۆچكەكانی هەرێم دەست پێدەكات.

# گفتوگۆیەکی کراوە بۆ ئەکتیڤکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی خێزانی



ئێوارەی (٢٠١٢/٤/٢٤) لە هۆتێلی چوارچرا، گفتوگۆیەکی کراوە لەسەر چۆنیەتی کاراکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی خێزانی کرا، کە تێیدا چەندان کەسی پسپۆڕو شارەزا لە بواری یاساو پۆلیسو ئافرەتانو ڕێکخراوەکانو وەزارەتە پەیوەیستەکانی وەک وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی ئەوقافو کاروباری کۆمەڵایەتی تێیدا بەشدار بوون.

مەلا جەعفەر گوانی بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایان دەربارەی گفتوگۆیەکە بۆ سایتی زانایان دەڵێت: ئێمە بە گرنگییەوە بەشداری گفتوگۆیەکەمان کردو، ئەوانەش کە لەوێ بوون دیار بوو باسەکەیان زۆر بە گرنگ وەرگرت بوو، هەروەها بۆ ئێمەش زۆر گرنگ بوو، چونکە هەموومان پێویستمان بەوە هەیە، لەلایەک هاوسەنگی خێزان ڕابگرین، لەلایەکی دیکەش توندو تیژی نەمێنێت، ئێمەش کۆمەڵێك تێبینیو سەرنجمان لەسەر خودی یاسایەکەو ئەکتیڤکردنی خستە ڕوو، بەڵام بە بڕوای ئێمە وەک یەکێتی زانایان یاسایەکە کۆمەڵێك کەمو کورتی تێدایە، بوونی ئەم کەمو کورتییانەش یەکێك لە هۆیەکانی ئەوەیە، کە ئەم یاسایە ئەکتیف ناکرێت، بۆیە هەر زوو یەکێتی زانایان بە نووسراوی ڕەسمی داوای کرد، کە پێداچوونەوە بە یاسایەکە دابکرێت.

هەروەها گووتی: ئێمە پشتیوانی ئەکتیڤکردنی یاساکە دەکەین، بەتایبەتی لەوەی کە تێبینیمان لەسەری نییە، ئەوەی دیکەش پێمان وایە یاساکەی کوشتووە. هەر بۆیەش کۆمەڵێك تێبینیو سەرنجمان پێدان، بەتایبەتی لەوەی ڕۆڵ بە مامۆستایانی ئایینی بدرێت، لە شوێنەکانی شیاندنو ئاشتکردنەوەو دروشتکردنی لێژنەی ئاشتەوایی بە شێوەیەکی یاسایی، کە لەوێدا زانایان دەتوانن ڕۆڵێکی کارا ببینن.

سەبارەت بە تێبینی لەسەر یاساکە، بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایان گووتی: لە گفتوگۆیەدا تێبینیمان کرد، کە نەك تەنها ئەو تێبینیانەی ئێمە هەمانە، بەڵکو شارەزایان یاساییو بواری پۆلیسو زۆر لە چالاکوانانی ئافرەتانیش پێیان وایە ئەم یاسایە سەقەتەو پڕە لە شتی دوور لە یاسا، کە وا دەکات بە زەحمەت جێبەجێ بکرێت، بۆیە تێبینیمان کرد، هەموو لایەك بە ڕاشکاوی یان نا ڕاشکاوی ڕایان وابوو، پێویستە ئەم یاسایە هەموار بکرێتەوەن بۆ ئەوەی کێشەی یاسایی نەمێنێتو، بتوانرێت لە ڕووی کۆمەڵایەتیش خزمەت بە خێزانی کورد بکات.

شایانی باسە گفتوگۆیەکە لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی تاوانکاری کۆمەڵایەتیو بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگار بوونەوەوی توندوتیژی دژ بەئافرەتانو ڕێکخراوی irc ساز کرا بوو.

# کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەوقاف زیادکردنی ئەرکێکی دیکەیە

بە فەرمانی ڕەسمی لە سنووری هەر سێ پارێزگای هەولێرو دهۆکو سلێمانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف کراوەتەوە، کە تا ئێستا هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف هەولێرو دهۆك دەستبەکار بوونە، کە هەر بەڕێوەبەرایەتییەك هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکانی سنووری پارێزگاکە لە خۆی دەگرێت.

بەڵام ئەوەی مامۆستایانی ئایینیو فەرمانبەرانی ئەوقاف نیگەران کردووە، ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە جگە لە ئەرك زیاد کردنو دواخستنی نووسراوەکان هیچ شتێکی دیکە نییە، چونکە پێشتر لە هەر بەڕێوەبەرایەتییەك ڕاستەوخۆ نووسراو بۆ وەزارەتی ئەوقاف بەرز دەکراوە، لەوێوە کارەکان ڕادەپەڕێندران، بەڵام ئێستاکە لە بەڕێوەبەری ناوچەکە بەرزدەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پاش چەند ڕۆژێك لەوێشەوە ژمارەو مێژووی نووسراوەکە بۆ نووسراوی ئەوان دەگۆڕێتو، ئینجا لەوێوە بۆ وەزارەتی ئەوقاف بەرز دەکرێتەوە، بۆیە ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتیان جگە لە نووسراو بەرزکردنەوە هیچ دەسەڵاتی دیکەیان نییەو، ئەوەش بەبێ ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە پێشتر بە ئاسانتر دەکرا. بۆیە ئەگەر دەسەڵاتێکیان نەبێتو، ئیشیان تەنها نووسراو بەرزکردنەوە بێت، بەڕاستی جگە لە ڕەنگو ماندووبوون دروستکردن هیچ شتێکی دیکە نییە.

# وەزارەتی ئەوقاف ڕێگیری لە بەردەم کاری سیحرو جادووگەری دەکات

بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی وەزارەتی ئەوقاف، بە نووسراوێکی ڕەسمی وەزارەتی ئەوقاف سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاگادارکردۆتەوە بەوەی کاری سیحرو جادوگەری نەکەنو، بە پێچەوانەوە هەر فەرمانبەرێك ئەو کارە بکات، بە پێی یاسا سزا دەدرێت.

لەم بارەوە ڕەخنە لە بڕیارەکەی وەزارەتی ئەوقاف دەگیرێت، چونکە بە پێی قسەکانی مەلا جەعفەر گوانی وتەبێژی یەکێتی زانایان، وێڕای پشتیوانیکردنی یەکێتی زانایان لەو بڕیارەی وەزارەتی ئەوقاف، کە بە هەنگاوێکی پیرۆزی دەزانێت، بۆ ئەوەی ڕێگیری لە هەموو ئەوانە بگیرێت، کە بەناوی نوشتەو جادوگەرییەوە ڕۆژانە زیانی مادیو مەعنەویو کۆمەیەتی لە خەڵك دەدەن، لە هەمان کاتدا ڕەخنە لە شێوازی نووسراوەکە دەگرن، چونکە ئەم نووسراوە بۆنی ئەوەی لێ دێت، کە ئەوانەی بەم کارە هەڵبستن لەناو فەرمانبەرانی وەزارەتی ئەوقاف لەوانەیە مامۆستایانی ئاییینی بن، لە کاتێکدا ئەوانە مامۆستای ئاییینی نین، بگرە هەیانە بەدەر لە موسڵمانانیشە، بۆیە پێویست بوو



2012-04-24

وەزارەتی ئەوقاف ڕێگری دەکات لە بەردەم کاری سیحر و جادووکردن

ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف

بەمەبەستی ڕێگری کردن لە دیاردەی کاری سیحر و جادووکردن وهەر کارێکی پەیوەندیدار بەم بابەتە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کە بە نووسراوی فەرمی وەزارەت ئاراستەی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکان کراوە داوا دەکات بۆ بەدواداچوون و ئاگادارکردنەوە، لە نووسراوی فەرمی وەزارەتدا هاتووە :

1. دوعاکردن و پاڕانەوە لە خوای گەورە بۆ چارەسەرکردنی هەر نەخۆشییەک و هەر کێشەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی یان هەر بابەتێکی شەرعی دەگونجێت لەگەڵ بنەماکانی ئایینی ئیسلامی پیرۆز ، هیچ کێشەیەکی لەسەر نییە.

2. بە پێچەوانەی خاڵی یەکەمی سەرەوە هەر فەرمانبەرێکی وەزارەتی ئەوقاف هەڵبستێت بە کاری جادووکردن و سیحر و هەر کارێکی پەیوەندیدار بەم بابەتە کە پێچەوانەی شەرعی ئیسلامی پیرۆزە ، بە توندی و بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

3. داواکارین لە گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتی ئەوقاف بە جدی و هۆشیاری بەدواداچوونی ناوچەکانی بەرپرسیارێتی خۆیان بکەن و ئاگادارمان بکەنەوە.

هەر سێ وەزارەتی ئەوقافو کاروباری کۆمەلایەتیو ناوخۆ، پێکەوە بەشدارییان لە کارێکی وەها کردبا، چونکە ئەوانەی ئەو کارە دەکەن، کەسانێکن مەلاو مامۆستای ئاییینی نین، بەڵکو خەڵکێکن لە دەرەوە ناوی شێخو پیاو چاکیان لەخۆیان ناوەو، ڕۆژانە خەڵك فێری کاری بەدرەوشتیو کێشەی کۆمەلایەتی دەکەن، مامۆستای ئاییینی دوورە لەم کارەو، ئەگەر کەسێکیش وا بکات، تەنها ناوی (مەلا)یەتی یان (شێخایەتی) لە خۆی ناوە، پێویستە ڕێو شوێنی توندو لە بەرامبەر بگیرێتە بەر.

# ژنی دەستکردی چینی ٩٩٪ی تایبە تمەندی ژنی ئاسایی تێدایە



کۆمپانیا چینییەکان لەلایەك بۆ کێبرکێ لەگەڵ کۆمپانیاکـان و دەستخـستنی داهـاتی زیـاتر، لەلایـەکی دیکەشـەوە بـۆ رێگـرتن لـە زۆربـوونی ژمارەی دانیشتوانیان، جۆرێك لە"ژنی دەستکرد" یان بەرهـەمهێناوە کـە ٩٩٪ی تایبەتمەنـدی ژنـی ئاسایی تێدایە و لە هەندێك لە وڵاتانی عەرەبی بە قاچاخ دەفرۆشرێن.

ئـەو ژنـە دەسـتکردەی چـینییەکان دروستیانکردووە، بە گوتەی خاوەنی کۆمپانیای بەرهەمهێنەر، لە دروستکردنیدا پشتیان بە هێـڵ و تایبەتمەندییەکانی ئافرەتی ئاسایی بەسـتووە، بە کۆمپیوتەر دیـزاین کـراوەو، مـاددەی سـلیکۆن تێیدا بەکارهێنراوە، کـە پزیـشکەکانی جوانکـاری بۆ گەورەکردنی سینگی ئافرەتان بەکاریدێنن.

چینییەکان دەڵێن ئەو ژنـە دەسـتکردە هێنـدە لە ژنی ئـاسایی دەچـێت کـە ئەگـەر لـە تاریکیـدا بیبینی قەت باوەڕناکەی دەستکردە.

بـەڵام ئـەم بەرهەمـە تازەیـەی چـینییەکان هـەروەك لـە راوەرگرتنێکـی گۆڤـاری (سـیدتی)ی ئیماراتـدا هـاتووە، نـەیار و هـەواداری زۆرن، گۆڤاری ناوبراو لە دوا ژمارەیـدا رای ١٠٠کـەس لـە هـەواداران و نـەیارانی ئـەو بەرهەمـە تازەیـەی وەرگرتووە. زۆربەی ئەوانەی رایـان وەرگـیراوە و بـە تایبـەتیش ژنـان دژایـەتی خۆیـان بـۆ ئـەو بەرهەمە تازەیەی چین دەربڕیوە.

ئەمـە بەشـێکی ئـەو هەواڵـە بـوو، کـە لـە راگەیاندنـە کـوردیو عەرەبییـەکان زۆر قـسەی لەسەر کراو، ئەمەی سەرەوەش بەشێکە، کە لە رۆژنامەی (رووداو) وەرگـیراوە، بـەڵام قـسە لێرە ئەوەیـە، ئـەم کـارە نیـشانەی ئەوەیـە، کـە ئـەم وڵاتانە هەمیشە وێڵی سێکسو رابواردنن، هەروەها گەورەترین سوکایەتیکردنیشە بە مرۆڤ بە گشتیو ئافرەتان بەتایبەتی، خۆ ئەگەر وڵاتێکی ئیسلامی بووایە، هەزاران قسە دەکرا، بەڵام ئەم کارە هـیچ پەیوەنـدی بـە وڵاتـانی ئیـسلامییەوە نییـەو، لـە وڵاتانێکـە، کـە ئێـستا خۆیـان بـەهێزی دووەمو سێیەمی جیهان دەزانن‌و، رەخنەی مافی کـرۆڤیش لە وڵاتانی دیکە دەگرن، بۆیە ئەم کارە بێجگە لـە سووککردنی مرۆڤ هیچ مانای دیکەی نییە.

# لەبەر قوتابییە موسڵمانەکان زانکۆیەکی بەریتانی خواردنی مادە کحولییەکان قەدەغە دەکات



زانکـۆی لەنـدەن (میترۆبۆلیـان) بەرنامەرێـژی دەکـات بـۆ قەدەغـەکردنی فرۆشـتنی مـادە کحوولیەکان لە چەند بەشێکی زانکۆیەکە، چونکە (٢٠٪)ی ئەوانەی دێنە قوتابخانەکە موسـڵمانن‌و، زۆربەشـیان ئـافرەتن‌و، ئـەوانیش مـادە کحولیەکان بە نارەوشتی دەزانن.

لـەو بـارەوە رۆژنامـەی (الامـارات اليـوم) بڵاوی کردۆتەوە، کە جێگری سەرۆکی زانکۆی ناوبراو ئەوە دووپات کردۆتەوە، کە ئێستا زۆر بە جیـددی دیراسـەی ئـەو هـەنگاوە دەکـەن، چونکە رێژەیەکی بەرزی قوتابیـەکانیان مـادە کحولیەکان بە کارێکی سـەلبی دەزانـن، ئـەوە جگـە لـەوەی (٢٠)ی قوتابیـەکانیان موسڵمانن‌و، زۆربەشیان ئافرەتن.

هەروەها ناوبراو فرۆشتنی مادە کحولیەکان لـە زانکـۆ بـە خـراپ دەزانێـت، لەبـەر ئـەوەی حەساسـیەت دروسـت دەکـاتو، بـە پێـی ئەزموونیشیانکارێکی رەوشتی سەلبییە.

# پۆلیسی دوبەی مۆڵەتی شۆفێری لە سەرخۆشەکان رادەگرێت



پۆلیسی دوبەی بە پێی یاسـا هەڵدەسـتێت بە راگرتنی مۆڵەتی شوفێری لـەو شـوفێرانەی بە سەرخۆشی ئۆتۆمبێلەکانیان لێدەخوڕن.

ژمـارەی مۆڵەتـە راگیراوەکـان ئەمـساڵ زیادی کردووە، کە تەنها لە چارەکی یەکەمی ئەمـساڵداو، بـە پێـی بڕیـاری دادگـا (٣٢١) مۆڵـەتی شـوفێری راگـیراوە، زۆربەشـیان لـە شـۆفێری سـەرخۆش بـووە، کـە بـە رێـژەی (٨٨٪)ی مۆڵەتە راگیراوەکانە، چونکە لەوانـە (٢٨٢)یـان لـە شـوفێرە سەرخۆشـەکانەو، (٢٠)یشیان لەو کەسانەوە بووە، کە بوونەتـە هـۆی گیـان لـە دەسـتدانی کەسـانی دیکـە، ئەوانـەی دیـش لەسـەر کـاری دیکـەی جـۆراو جۆر بوونە.

# رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی نیگەرانی خۆی دەربڕی لەمەڕ بارودۆخی موسڵمانان لە ئەوروپا

(٢٠١٢/٤/٢٤) رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی راپۆرتی خـۆی تایبـەت بـە بـارودۆخی موسـڵمانان لـە ئـەوروپا بڵاوکردەوە، کە تێیدا نیگەرانی خۆی دەربـڕی بـەوەی لـە هەنـدێك وڵاتـی ئـەوروپا بڕیـاری پێـشوەختە لـە دژی موسڵمانان دەدەن‌و، بە ئاشکرا جیاوازی لە نێوان ئـەوان‌و دانیشتوانی دیکە دەکرێت.

راپۆرتەکە بارودۆخی موسڵمانانی لە چەند وڵاتێك لەخۆ گرتبـوو، وەك (هۆڵەنـداو بـەلجیکاو فەرەنـساو سویـسراو ئیسپانیا)، لەو بارەوە بانگەوازیان کرد بۆ ئەم حکومەتانەو یەکێتی ئەوروپا بەوەی هەنگاوی پێویست بگرنـە بـەر بـۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم جیاکارییە.

ئەم جیاکارییانەی ئـەوان رەخنـەیان لێـی گرتبـوو، لـە بواری خوێندن‌و کارپێدان‌و، قەدەغەکردنی حیجاب بوو لـە کـچە موسـڵمانەکان لـە قوتابخانەکانـداو، هـەروەها قەدەغـەکردنی یـەکجارەکی پەچـە لـە هەنـدێك شـوێنداو، قەدەغەکردنی دروستکردنی منارە لە هەندێك وڵاتداو، بگرە قەدەغـەکردنی دروسـتکردنی مزگـەوتی نـوێ لـە هەنـدێك شـوێندا، رێکخراوەکـە ئـەم کارانـەی بـە دژو پێـچەوانەی ئازادای رادەبڕین‌و ئازادی ئایینی هەژمار کردو، پێـی وایـە ئەم کارانە لەگەڵ یاساکانی یەکێتی ئەوروپا تێك ناکاتەوە.

راپۆرتەکە ئاماژە بە بارودۆخی جالیەی ئیسلامی دەکات لە هۆڵەنـداو، بەتایبـەتی لـە بـازاری خوێنـدن‌و کارکردنـدا، هـەروەها ئامـاژەی بـەوەش کـرد، چـۆن قوتابخانەیـەکی کاسـۆلیکی لـە شـاری فۆلەنـدامی هۆڵەنـدا هەڵـستاوە بـە قەدەغەکردنی کچێکی موسڵمان لە پۆشینی حیجابەکـەی، بەتایبەتی کە قوتابخانەکە پاساوی ئەوە بووە، کە ئـەوان دەیانەوێت پارێزگـاری لـە ناسنامەی کۆسـۆلیکی بکـەن.

هـەروەك ئامـاژەی بـە بڕیارەکـانی ئیـسپانیاو بـەلجیکاو فەرەنسا کرد لەوەی دروشمە دینیەکان قەدەغە دەکەن‌و، لە هەرێمی کاتالۆنیا رێژەیـەکی کـەمیو مزگـەوت هەیـەو، لەبەر رێگەپێنەدان موسڵمانان لـە دەرەوە نوێـژ دەکـەن، هـەروەها سویـسراش دروسـتکردنی منـارەی مزگـەوتی قەدەغە کردووە.

لەکاتی خستنە رووی راپۆرتەکـە لـە برۆکـسل، ئـافرەتێکی موسڵمان بەناوی (هاجەر یوجات) باسـی لـە ئـەزموونی خـۆی دەکـرد، وەك ئـافرەتێکی موسـڵمان لـە ئـەوروپاو، جێگـری رێکخراوەکەش جۆن دالهۆرسین لە تەنیشی گوێی لێ دەگرێت.

# پێڵاوێك لەبازارەكانی كوردستان دەفرۆشرێتو ناوی (أللە)ی لەژێرەوە نووسراوە




ئێستا لە بازارەكانی كوردستان جۆرە پێڵاوێك دەفرۆشرێت، كە لە ژێرییەوە نووسراوە (أللە).

پێڵاوەكە بەرهەمی كۆمپانیای (ecco)یەو، لە یەك كاتدا لە ژێرەوەی ناوی (اللە)و خاچیش هەیە، بەڵام ناوی (اللە) زۆر روونترە.

لەو بارەوە مەلا جەعفەر گوانی بۆ سایتی زانایان گووتی: بە دیتنی ئەم پێڵاوە ئێمە زۆر سەرمان سوڕما، چونكە پێشتر شتی دیكەیان دەهێنا، كە وێنەی پێڵاوو نەعلو كەلو پەلی دیكەش هەبوو، كە ئێمە لە یەكێتی زانایانەوە رەتمان دەكردەوە، كە ئەوە ناوی خوا یان پێغەمبەر بێت، بەڵام ئەوەی ئێستا هەمانە ئەوە زۆر بە روونی ناو ی(اللە)ی لە ژێرەوە نووسراوە، ئەوەندەش بە روونی نووسراوە، كە قابیلی هیچ تەئویلكردنەوەیەك نییە، بەتایبەتی ئەگەر لەسەر قوڕو شت دابندرێت، ئەوا لە ژێرەوە ناوەكە دووبارە دەردەچێت، هەروەها لە پاڵ ناوی خواش وێنەیەكی دیكە هەیە، كە زۆر بە خاچ دەچێت، بۆیە ئەم حاڵەتە سوكایەتیكردنە بە خودی دین، بەبێ جیاوازیكردن لە نێوان ئیسلامو مەسیحیەت.

هەروەها وتەبێژی یەكێتی زانایان پێی وایە: ئێمە لەو باوەڕە داین، كە هێنانی ئەم جۆرە پێڵاوانە بۆ كوردستان لەوانەیە بە ئەنقەست نەبووبێت، چونكە ئەوەی بە ئەنقەست بیهێنێت، ئەوا بە خۆی زیانی دارایی‌و مەعنەوی لە كەسایەتی خۆی دەدات، هەر بۆیە نامانەوێت، ئێستا ناوی ئەو شوێنانە بهێنین، كە پێڵاوەكەی لێ دەفرۆشرێت، بەتایبەتی لە سوپەرماركێتە گەورەكان، بۆیە چاوەڕێ دەكەین خۆیان چارەسەری بكەن، ئەگینا دوایی لەوانەیە خەڵك پشتیان تێ بكاتو زیان بە بازاریان بكەوێت، بەتایبەتی ئەگەر خۆیان چارەی نەكەن، ئێمە ناچارین رێو شوێنی دیكە بگرینە بەر، كە ئەوەش خواستی ئێمە نییە، بەڵكو خواستی ئێمە ئەوەیە، ئەوان بە ئەنقەست كارەكەیان نەكردبێتو، ئێستاش هەوڵ بدەن بیكێشنەوە. چونكە دووبارەی دەكەینەوە، ئێمە نە ناوی كەس دەدەینو نە دەمانەوێت كەس زیانی پێ بگات، بەڵام رێزگرتنیش لە هەستو سۆزو دینداری خەڵك دەبێ لە هەموو كاتێك لە بەرچاو بگیرێت.

شیاوی باسكردنە، دوا بە دوای ئەم هەوڵەی یەكێتی زانایانو هەڵوێستی مامۆستایانی ئایینیو هاوولاتیان، كە دوابەدوای بەیاننامەكەی یەكێتی زانایان هاتن، پێڵاوەكە لە بازارەكانی كوردستان كێشرایەوە.

## دكتۆر جەمال قوتب:

# هەر وڵاتێك رێكخستنی فەتوای هەبوو، موسڵمانانی ئاسوودەو یەكگرتوون



دكتۆر جەمال قوتب سەرۆكی پێشوی دەستەی فەتوا لە ئەزهەری شەریف، لەمیانی سەردانەكەی بۆ هەرێمی كوردستانو، هاتنی بۆ سەردانی مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایان تەئكیدی لەسەر گرنگی فەتوا كردەوەو، گوتی: ئەوەی لەم سەردانەو بە هەرێمی كوردستانەوە دڵخۆش بووم بوونی لیژنەی فەتوایە، چونكە ئێمە ئەزموونمان لەگەڵ هەموو وڵاتان هەیە، هەر كاتێك یەك فەتوا هەبووبێت، موسڵمانان هەمیشە یەكگرتووو یەكڕیزو خاوەنی یەك هەڵوێستنو بە برایەتی دەژین.

بەپێچەوانەوە، ئەگەر چەند فەتوایەك هەبووبێتو، هەر مامۆستایەك لەلایەك فەتوا بدات، موسڵمانانی ئەم وڵاتە لە دڵەراوكێو نائارامی دەژین، بۆیە دەبێ شانازی بەوە بكەین، لە كوردستان فەتوا هەیەو، مامۆستایانی ئایینی ئێرە رێز لە فەتوا دەگرنو، سەرئێشەو دڵەراوكێ بۆ موسڵمانانی كوردستان دروست ناكەن.

# لەسەر كارابوونی رۆڵیان... فەرمانگەی ژینگەی هەولێر سەرۆكی یەكێتی زانایانو بەرپرسی راگەیاندن خەڵات دەكات


بەبۆنەی رۆژی ژینگەی كوردستان (٢٠١٢/٤/١٦) بەهۆی ئەو رۆڵەی كە نواندوتانە بۆ پاراستنی ژینگە و
هۆشیاری ژینگەیی لە سنوری پارێزگای هەولێر، فەرمانگەی ژینگەی هەولێر سوپاس وپێزانینی خۆی
ئاراستەی بەرێزتان دەكات، هیوادارین ئەمەتان هەر زۆربێت.
لەگەڵ رێزماندا...
دەستەی پاراستن و چاككردنی ژینگە
فەرمانگەی ژینگەی هەولێر

لەئاهەنگێكی شاستەدا سەر لەبەیانی رۆژی (٢٠١٢/٤/٢٦) فەرمانگەی ژینگەی هەولێر هەڵستا بە خەڵاتكردنی چەند كەسێك، كە لەماوەیساڵی رابردوودا رۆڵیان هەبووە لەبواری ژینگەو وشیاركردنەوەی هاووڵاتیانو هاریكاریكردنی رێكخراوەكانی تایبەت بەم بوارەوە، لەناویاندا (مەلا عەبدوڵلا مەلا سەعید گرتكی) سەرۆكی یەكێتی زانایانو، (مەلا جەعفەر گوانی) بەرپرسی راگەیاندنی یەكێتی زانایان خەڵات كرابوون، وەك لە خەڵاتەكە هاتووە: (بەبۆنەی رۆژی ژینگەی كوردستان (٢٠١٢/٤/١٦) بەهۆی ئەو رۆڵەی كە نواندوتانە بۆ پاراستنی ژینگەو هۆشیاری ژینگەیی لەسنووری پارێزگای هەولێر، فەرمانگەی ژینگەی هەولێر سوپاسو پێزانینی خۆی ئاراستەی بەرێزتان دەكات).

# یەکێتی زانایانو ڕێکخراوی ئەرین تەئکید لە پاراستنی گیانەوەرانی کێوی دەکەنەوە

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پێشوازی لە ڕێکخراوی ئەرین بۆ سروشتپارێزی گیانلەبەران دەکات.

ئەمڕۆ یەکشەمە لە مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان مەلا عەبدوڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان پێشوازی لە د. نەژاد حوسێن قادر سەرۆکی ڕێکخراوی ئەرین بۆ سروشتپارێزی گیانلەبەرانو دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوەکە کرد.

لە دانیشتنەکەدا هەردوولا تەئکیدیان لە پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان بەتایبەتیش گیانەوەرانی کێوی کردەوە، هەربۆیەش گفتوگۆ لەسەر کۆمەڵێك چالاکی هاوبەش کرا بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هەردوولا بە هەماهەنگی ئەنجامی بدەن، بۆ ئەوەی بتوانن خەڵك بەتایبەتیش ئەوانەی خەریکی ڕاونکردنن وشیاربکرێنەوە، چونکە پاراستنی ژینگە ئەرکێکی ئایینیو مرۆییو نیشتیمانییە.

یەکێتی زانایان لە ڕوانگەی دینەوە پێی وایە ئەرکی هەموو لایەکە گرنگی بە پاراستنی گیانەوەران بدەن، چونکە ئەوەی ڕێپێدراوە بەم شێوازە بەرەڵایە نییە، کە خەڵك دەیکات، بەڵکو پێویستە سنووری دیار بێت، کە پسپۆڕانو شارەزایانی ئەو بوارە دیاری دەکەن، ئەوەش لە حاڵێکدایە، کە ڕێژەکە زۆر بکات، بەڵام بەم شێوازەی ئێستا دەبێ خەڵك دوورکەوێتەوە لە کوشتنی گیانەورانی کێوی، هەر بۆیەش لە سەردەمی پێغەمبەریش درودی خوای لەسەر بێت، ناوچەی پاوانو پارێزراوی تایبەت هەبووە.

لە بەرامبەردا ڕێکخراوی ئەری بۆ سروشتپارێزی گیانلەبەران جەغت لەلایەنی زانستی دەکاتەوە، کە بوونی ئەو گیانلەبەرانە تەنها بۆ جوانی سرووشت نییە، چونکە وێڕای ئەوەی جوانییەکی زۆر بە سروشتی کوردستان دەبەخشن، لە هەمان کاتدا سوودی زۆریان هەیە، کە شتی دیکە شوێنیان ناگرێتەوە، ئینجا لەسەر ئەوە چەند نموونەیەکیان لەبەر دەست دابوو.

دواتر هەردوولا بەرنامەیەکی هاوبەشیان دانا بۆ ئەنجامدانی چەند چالاکییەك، بەتایبەتی لەو وەرزە، کە وەرزی زاوزێیە بۆ ماسیو گیانەوەرانی دیکەو، پێویستە خەڵك خۆی لە ڕاوکردن بە دوور بگرێت.

جێی باسە هەر یەك لە د. یونس ئەنوەر ئەحمەد بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنو د. یوسف ڕەسول محەمەد بەڕێوەبەر پەیوەندییەکانو د. نەوال کەمالو مامۆستا شەونم لە دەستەی کارگێڕی یاوەری سەرۆکی ڕێکخراوی ئەرین بوون.

هەروەها مەلا جەعفەر گوانی بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایان لە دانیشتنەکە ئامادە بوو.

# هەولێر: شاندێکی باڵای یەکێتی زانایان لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری هەرێم کۆدەبێتەوە

ڕۆژی ٢٠١٢/٤/١١ بەمەبەستی تاوتوێکردنی چەند کێشەو پرسێکی تایبەت بە بابەتی کاروباری باری کەسایەتیو شەرعی لە دادگاکانی باری کەسی هەرێمو، ڕاگۆڕینەوەو لێکنزیکبوونەوەو، پتەوترکردنی هەماهەنگی نێوانیان، شاندێکی باڵای یەکێتی زانایان، بە سەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان مامۆستا مەلا عبدالله مەلا سەعید گرتکیو، بەڕێزان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆكو، دکتۆر ئەحمەد شافیعیو، مامۆستا مەلا محمد وەرتیو، دکتۆر عیرفان ڕەشیدو، مامۆستا مەلا محمد ئێنەییو، مامۆستا مەلا صادق خەتی ئەندامانی لێژنەی فەتوا، کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری ئەنجام دا، کە هەر یەك لە بەڕێزان دکتۆر محمد سلێڤانەیی سەرۆکی دەستەی کاروباری کەسی لە دادگای تەمییزی هەرێمو، هەریەك لە دادوەران: مڤفر فتاح سعيد دادوەری دادگای باری کەسی هەولێرو، بهزاد فتحی ئەتروشی دادوەری دادگای باری کەسی دهۆكو، جاسم جەزا جاف دادوەری دادگای باری کەسی سلێمانیو، دلشاد عیسی عبدالرحمن دادوەری دادگای باری کەسی کەلار ئامادەبوون.

لەکۆبوونەوەیەکدا، کە دکتۆر بەشیر خەلیل سەرۆکی لێژنەی ئەوقاف لە پەرلەمان ئامادەی بوو، باس لە گرنگی هەماهەنگیو پەیوەندی نێوانیان کرایەوەو، هەریەك لە باسو گرفتەکانی گرێبەستی هاوسەرگیریو، کێشەکانی تەڵاقو، دابەشکردنی میرات لە دادگاو، لەدەرەوەی دادگا لەلایەن مامۆستایانی ئایینی بەوردی باسیان لێوەکرا.

لەبەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، هەردوولا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە هەوڵ بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی بدرێت، بەتایبەت لە باسی (زەواج) و (تفریق)و، جەخت لەسەر پێویستی پرۆژە یاسای (مأژون الشرعی) کرایەوە، کە هۆکارێکی پێویستە بۆ بنبڕکردنی زۆرینەی کێشەکانو، بڕیاردرا کە بە هەماهەنگی هەردوولا هەوڵ بدرێت دووبارە بەرزبکرێتەوە بۆ پەرلەمان بە مەبەستی دەنگدان لەسەریو جێگیرکردنی وەك یاسایەك.

## شاندێکی باڵای یەکێتی زانایان بەشداری لە کۆڕێکی تایبەت بە ساڵیادی شەهیدبوونی قازی محمد دەکاتو سەردانی مەکتەبی کۆمەڵایەتی (ی ن ك) دەکات




**ڕاگەیاندنی لق- مەلا محمد کەڵکەسماقی/**

ڕۆژی ٢٠١٢/٣/٣١ شاندێکی باڵای لقی سلێمانی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، کە پێکهاتبو لەبەڕێزان: مامۆستا مەلا أحمدی شافعیو، مامۆستا مەلا نجم الدين وادی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزیو، مامۆستا مەلا إسماعيل دێرێ ئەندامی سەرکردایەتی و، مامۆستا مەلا نجم الدين قادر بەرپرسی لقو، مامۆستا مەلا حمید ڕەباتیو، مامۆستا مەلا محمد کەڵکەسماقی کارگێڕانی لق بەشداریان کرد لەکۆڕێك، کە بەبۆنەی ساڵیادی شەهیدبوونی قازی محمد سەرۆك کۆماری مەهاباد سازکرابوو.

ئەمەو لەلایەکی دیکەوە، ڕۆژی ٢٠١٢/٤/٢ بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندیو هەماهەنگیەکان لەگەڵ دامو دەزگاو دامەزراوەو ڕێکخراوەکان، شادێکی باڵای لقی سلێمانی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان مامۆستا مەلا نجم الدين قادر بەرپرسی لق و، مامۆستا مەلا حمید ڕەباتی و، مامۆستا مەلا ابراهیم محمد و، مامۆستامەلا عباس خدر و، مامۆستا مەلا کریم عبداللهو، مامۆستا مەلا مصطفي صابرو، مامۆستا مەلا محمد کەڵکەسماقی کارگێڕانی لق سەردانی مەکتەبی کۆمەڵایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان کرد، لەلایەن بەڕێزان حامیدی حاجی غالی لێپرسراوی مەکتەبی کۆمەڵایەتیو، بەڕێزان شێخ عزالدینو، شێخ سەردارو، شێخ جمال و، مامۆستا پشتیوان و کاك یادگار ئەندامانی مەکتەبی کۆمەڵایەتی بە ڕێزەوە پێشوزانیان لێکرا.

لەدانیشتنێکدا، سەرەتا بەڕێز کاك حامیدی حاجی غالی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە سەردانەکە و، دوای بەخێرهاتن هیوای خواست کە پەیوەندیو هەماهەنگی نێوان مەکتەبی کۆمەڵایەتیو زانایان بەردەوام بێتو، گوتی: کە بێگومان پێوستیمان بە هاوکاری ئێوەهەیە بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

لەلایەن خۆیشیەوە بەڕێز مامۆستا مەلا نجم الدين سوپاسی پێشوازییەکەی بەڕێزیانی کردو، هیوای سەرکەوتنو بەردەوامی بۆ خواستن لە خزمەتکردنی خەڵكو چارەسەرکردنی کێشەکۆمەڵایەتیەکانو، تەواوی پشتیوانیو هەماهەنگی لقی سلێمانی یەکێتی زانایانی خستەڕوو، بۆ هەر خزمەتێك بە هاونیشتیمانیان، بەتایبەت لە بەرەو پێشبردنی ڕۆشبیری کۆمەڵایەتی لەژێر دەقی قورئانو فەرموودەو، جەختی لەسەر گرنگی کارکردن بۆ ئەم ئامانجە پیرۆزە کردەوە.

# بۆچی لە فیستیڤاڵی سۆران ڕێز لە موسڵمانانو ئاینەکەیان نەگیرا



**سایتی زانایان:** ڕۆژانی (٢٢و٢٣و٢٤/٤/٢٠١٢) لە شاری سۆران فیستیڤاڵێك لەژێر ناونیشانی (پێکەوە بۆ سەربەخۆییو ئایندەیەکی گەشتر) بەڕێوەچوو، کە تێیدا کۆمەڵێك کەسی (شاعیر)و (هونەرمەند)یان داوەت کرد بوو.

ئەوەی لەم فیستیڤاڵە، بەتایبەتی لەدوا ڕۆژیدا باسکراو خوێندرایەوە، بووە مایەی نیگەرانی زۆری هاووڵاتیانو بەتایبەتیش مامۆستایانی ئایینی، چونکە بە ئاشکرا تەجاوز بوو بەسەر دەقەکانی قورئانی پیرۆزو پەیامی ئیسلامو، مێژووی پڕشکۆی زانایانی ئایینی.

ئەوەی تەواو جێگەی تێڕامان بوو، شێوازی ئەداکردنو چۆنیەتییەکەی بوو، چونکە پێشتر هەمیشە گلەیی ئەوە لە مامۆستایانی ئایینی دەکرا، بەوەی ئەم جۆرە نووسەرو (شاعیر)انە شتەکانیان لەکتێبو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەنووسن، کەچی مامۆستایانی ئایینی لەسەر مینبەرو تەلەفزیۆنو بۆ بەرچاوی خەڵك دەیڵێن، بەڵام ئەمجارە بەپێچەوانەوە، ئەم شتانە کە دەکران بە قوڕگێکی پڕ لەحەماسەتو، لەهۆڵێکی گەورەو بە بەرچاوی خەڵكو لەفیستیڤاڵێکی وەك ناویان نا بوو (ڕۆشنبیری)و بە گواستنەوەی چەند کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بوو، کە نەك تەنها (١٠٠) کەس یان زیاتری ناو مزگەوت گوێبیستی دەبوون، بەڵکو بۆ هەموو دونیا لەکەناڵە ئاسمانیەکانەوە پەخش دەکرا. سەیرتریش ئەوە بوو، چۆن خەڵکێك بە چەپڵەڕێزان پێشوازییان لەو قسانە دەکردو، هاوارییان بۆ دەکردن، ئەمەش هەموو ئەو قسانە هەڵدەوەشێنێتەوە، کە پێشتر وەك ڕەخنەو گلەیی ئاراستەی مامۆستایانی ئایینی دەکرا، بەتایبەتی ئەوەی کرا ئەگەر لەڕووی یاساییەوە تەماشا بکرێت، هیچ مەجالێکی یاسایی نییە، کە لەسەر تیڤیو لەناو هۆڵێکی گەورەوە تەجاوز بەسەر قورئانو پیرۆزییەکانەوە بکرێت.

لە هەندێك لەدیمەنەکانی ناو شیعرەکان بە ڕوونی سوکایەتی بە قورئانی پیرۆزو سورەتی نیسائەوە دەکراو، هەروەها مامۆستایانی ئایینیشان بە پشتیوانیکاری ئەم سورەتە وەك تۆمەتبار پیشان دەدان، لە هەمووشی سەیرتر ئەم وشانە بە چەپڵەلێدان کۆتایی پێدەهات، جا ئایا بەبێ تێفکرین ئەم قسە لەلای ئامادەبووانەوە تێدەپەڕین، یان هەر بەڕاستی ئامانج لەو فیستیڤاڵە لێدانی ئیسلام بەگشتیو قورئانی پیرۆز بەتایبەتی بوو، ئەوە سەرباری ئەوەی چەند جارێك بەبێ ڕێزی لەناو چەند شیعرێك ناوی خوا دووبارە دەکرایەوەو شتگەلێکی بۆ بەکاردەهێندرا، کە لە پێگەی مرۆڤەکان ناوەشێتەوە، چ جای بۆ پێگەی خوای گەورە بەکار بهێندرێت، یان ئایەتەکانی قورئان بەشێوەی شیعرو گاڵتەئامێزی بەکار دەهێندران، یان پێغەمبەران بەراوردی کەسانی دیکەیان پێ دەکرا.

بەشێکی دیکەی شیعرەکان بۆ هێرشکردنە سەر پێگەو مێژووو ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی بوو، لەکاتێکدا خەڵکی غەیرە کورد پێش خۆمان شایەتی بۆ ڕۆڵی ئەکتیڤو کارای مامۆستایانی ئایینی لەمێژووی کورد دەدەن، کە هەتا کورد ماوە، ئەگەر هەزاران ڤیستیڤاڵی دیکەش ئەنجام بدرێن، ناتوانن لە ناوو ڕۆڵو پێگەی مامۆستایانی ئایینی بچنە دەرەوە، کەچی لەم ڤیستیڤاڵە مامۆستای ئایینی بەوە تۆمەتبار دەکرا، لەسوڕەتی نیسائەوە فێری ئۆلداری بووبێت، وەك ئەوەی دینداری لەم سوڕەتە شتێکی خراپ بێت، ئینجا داتنە سەر ئەوەی کە مەلا بە زمانی کوردی خەڵکی کافر کردبێت بە فەتوادان، تا گەیشتە ئەوەی (مەلا) هەموو دونیای لە کورد کردبێت، تا دەگاتە ئەوەی مەلایەکان هەموویان سەرخۆشن، چونکە قسە لەسەر مێژوو دەکەنو، پێدەچێ ئەوە ڕەخنە بێت، لەوەی مەلا هەمیشە ڕاوەستاوە نایەوێت وشەکان بشێوێندرێنو، خەڵکێك دوور لە ڕاستەقینە بە کەیفی خۆی بینووسێتەوەو دەستکاری بکات، لەکۆتاییدا ڕەخنەی ئەوە لە مەلا دەگرن، کە مەلا منداڵەکانمان فێر دەکەن، ناوی (مەکەو مەدینە)یان لێ بنێن. ئەوە سەرباری ئەوەی هاندانێکی بە ئاشکرای تێدا بوو بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕەوشتو بەها ئایینیەکان، ئەمە وەفای ئەو ڤیستیڤاڵە بۆ هەڵوێستو ماندوبوونی مەلای کورد، کە تائێستاش لەگەڵ خۆشیو ناخۆشییەکانی گەلەکەی دایە.

ئەوانە تەنها چەند شتێکی کەمن، کە لەو ڤیستیڤاڵە بەکارهێندران، کە تەواو هەموو لایەکی نیگەران کرد، بەتایبەتی ماوەیەکە ئەو باسانە بەم شێوەیە قسەی لێوە ناکرێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەسەر داوای بەڕێز کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مامۆستایانی ئایینیو نووسەران لە کۆنگرەیەکی لێکتێگەییشتن لە هەولێر لە شوباتی (٢٠١١) کۆبوونەوەو، لەسەر ڕاسپاردەی ئەو، ئەم باسانە کەم کرانەوەو، هەوڵ درا شتی تایبەت بۆ کەسی تایبەت بێتو، خەڵك بەم شەڕە (سەپێندراوە) سەرقاڵ نەکرێت، چونکە ئێستا کورد بە قۆناغێکی سەختتدا تێدەپەڕێت، کە لەژێر چەندەها مەترسیدایە، نەدەبوو هەر کەسێك خۆی بەڕۆشنبیرو غەمخۆری وڵات بزانێت، لەژێر ناوی بریقەداری وەك سەربەخۆیی کوردستانو ئایندەی گەشتر، دڵی خەڵکی کوردستان بڕەنجێنێتو، حسێب بۆ قورئانو ئیسلامو موسڵمانان نەکاتو، بە بیانووی ڤیستیڤاڵی ڕۆشنبیری کۆمەڵە شیعرێك هەڵبژاردە بکەن، کە لە هیچ وڵاتێکی ئیسلامی بەم شێوە ناخوێندرێنەوە.

# وەزارەتی پەروەردە بەدواداچوونی جیدی بۆ قوتابخانەی میدیا دەکات




وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە بە دواداچوون بۆ کێشەی قوتابخانەی میدیا کردووە.

سەر لە نیوەڕۆی ئەمڕۆ (١٧/٤/٢٠١٢) لە دیوانی وەزارەتی ئەوقاف، کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان هەر یەك لە لیژنەی ئەوقاف لە پەرلەمانی کوردستانو وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتیو ئەوقافو یەکێتی زانایان ساز کرا تایبەت بە پرسی قوتابخانەی میدیا، کە قسەی زۆری لەسەر کرا دەربارەی پرۆگرامو ئامانجەکانی.

لە کۆبوونەوەکە، کە هەر یەك لە دکتۆر عصمت وەزیری پەروەردەو حاجی کامیل وەزیری ئەوقافو دکتۆر سەباح بەرزنجی ئەندامی لیژنەی پەروەردەو لیژنەی ئەوقاف لە پەرلەمانی کوردستانو مەلا عەبدوڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان ئامادەی بوون، گفتوگۆ لەسەر خوێندن بەشێوەیەگی گشتیو خوێندنی ئەهلی بەتایبەتی کرا، هەموو لایەك کۆکبوون، کە دانانی یاسایەکی تایبەت بەو بوارە لە پەرلەمانی کوردستان یەکێك لە کارە هەرە گرنگو زەرورەکانە، بۆ ئەوەی هەموو قوتابخانەکان پێیەوە پابەند بن.

هەر لە کۆبوونەوەکە قسە لەسەر قوتابخانەی میدیای بنەڕەتی کرا، کە لەم دواییە قسەی زۆری لەسەر کرا، بەتایبەتی دوای ئەوەی قوتابیەکی ئەو قوتابخانەیە لە سلێمانی مامۆستایەکی خۆی کوشتو دواتر خۆشی کوشتو، خەڵك قسەی لەسەر ئەوە کرد، کە ئەو قوتابخانە تەنسیرییەو، ئیش بۆ ئەوە دەکەن منداڵی موسڵمانان بکرێنە کریستیان.

هەر یەك لە وەزیری ئەوقافو وەزیری پەروەردەو لیژنەی ئەوقاف لە پەرلەمانی کوردستانو یەکێتی زانایان پێیان وابوو بە هیچ شێوەیەك ڕێگە بەوە نادرێت، کە قوتابخانە بۆ کاری لەم شێوە بەکاربهێندرێت، چونکە دەرگا بە رووی قوتابخانەکان دەکرێتەوە، ئەویش لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان، بەڵام نابێ لەسەر حیسابی کلتورو نەتەوەو دینمان بێت.

سەبارەت بە قوتابخانەی میدیاش وەزیری پەروەردە رایگەیاند: ئێمە لیژنەیەکمان پێکهێناوە بۆ بەدواداچوونی بابەتەکە، هەنگاویشمان هاوێشتووە، کە لە یەك کاتدا ئیجرائاتی یاساییو عیلمیو ئیداری لەگەڵ ئەو قوتابخانەو سەرجەم قوتابخانە ئەهلیەکان دەکەین، کە کارێکیان کردبێت بەدەر بووبێت لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە، ڕێگەش نادەین خوێندن بۆ ئەم کارانە بەکار بهێندرێتو، لە داهاتووشدا بەرهەمی بەدواداچوونەکەمان زیاتر دەبینن، چونکە ئێمە نامانەوێت لە وڵاتی ئێمە، کە وڵاتی پێکەوەژیانە کەس کێشەو گرفت بۆ ئێمە دروست بکات.

سەرجەم لایەنە بەشداربووەکان پشتیوانی قسەو هەنگاوەکانی وەزیری پەروەردەیان کرد، بۆ ئەوەی کوردستان هەمیشە لانکەی پێکەوەژیانو خۆشەویستی بێت.

جێی باسە هەر یەك لە حاجی جەمال خدر بەرێوەبەری دیوانی وەزارەتی ئەوقافو مامۆستا بورهان ئەرگۆشی بەرێوەبەری گشتی وەزارەتی پەروەردەو مامۆستا عەلی سالار بەرێوەبەری گشتی وەرزشو سەرۆکی لێژنەی بەدواداچوونی قوتابخانەکەو کاك حەسەن لە نووسینگەی وەزیری ئەوقافو مەلا جەعفەر گوانی بەرپرسی راگەیاندنی یەکێتی زانایان ئامادەی دانیشتنەکە بوون.

جێی باسکردنە یەکێتی زانایان لە ساڵی (٢٠١٠) چەند جارێك هەوڵی دا، کە ئەم قوتابخانەیە بخرێتە ژێر ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە، بۆ ئەوەی هیچ گرژییەکی لێوە دروست نەبێت.

### بەبۆنەی ساڵیادی رۆژنامەگەری کوردی سەرۆکی یەکێتی زانایان:

## پێویستە بزاڤی رۆژنامەگەری زیاتر لە ئامانجەکانی نزیك بێتەوە

**راگەیاندنی سەنتەر/** بەمەبەستی بەرز راگرتنی رۆژی رۆژنامەگەری کوردیو دەرچوونی یەکەمین رۆژنامە بە زمانی شیرینی کوردی بەر لە ١١٤ ساڵ، سەنتەری زانایان بۆ رۆشنبیری ئایینی مەراسیمێکی شایستەی ڕێك خستو کۆمەڵێك مامۆستایی ئایینی، کە لە بواری نووسینو بڵاوکردنەوەی بابەت لە گۆڤارو رۆژنامەکان دەستیان هەیە خەڵات کرد.

سەرەتای مەراسیمەکە وەیسی سەعید وەیسی بەرپرسی سەنتەر وێڕای بەرزنرخاندنی ئەو یادە، کورتەیەکی لە مێژووی بزاڤی رۆژنامەگەری خستە روو، دواتر باسی لە رۆڵی مامۆستایانی ئایینی کرد، بەتایبەت ئەوانەی لە بواری نووسینو کاری رۆژنامەگەری کار دەکەنو بەرهەمیان هەیە.

دواتر سەرۆکی یەکێتی زانایان بەرێز مامۆستا مەلا عەبدوللا مەلا سەعید وتەیەکی پێشکەش کردو تێیدا بە گرنگیەوە رۆڵی مامۆستایانی ئایینی بەرز نرخاندو گوتیشی: هەموومان دەزانین کە ئیسلام گرنگیو بایەخی تەواوی بە بواری راگەیاندنو کاری بانگەوازی داوە، کە دەتوانین بڵێین وتاری هەینی سەرەکیترین وێستگەی راگەیاندنی ئیسلامیە، ئەوەش روونە کە مامۆستایانی ئایینی هەمیشە چاکسازێکی کۆمەڵایەتی بوونە، کە جێگەی خۆشحاڵیە لەگەڵ یادکردنەوەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی زۆرێك لە مامۆستایانی ئایینی رۆڵیان بەرچاوەو لە بواری رۆژنامەوانیو نووسینو بڵاوکردنەوەی بابەت جێ پەنجەیان دیارە.

لە بەشێکی تری قسەکانی سەرۆکی یەکێتی زانایان گوتی: پێویستە وەك چۆن لە رابردوو مامۆستایانی ئایینی لە ناو مزگەوتو تەدریسو دەعوەو رۆشنبیری فکریو مەعریفیو ئەدەبی رۆڵیان دیوە، بەهەمان شێوە ئێستا ئەرکە درێژەپێدەری ئەو کاروانە بنو بە زمانو نووسینو وتارەکانیان رۆڵی چاکسازیو بەرەو پێشەوەبردنی بزاڤی راگەیاندن ببینن، گوتیشی پێویستە مامۆستایانی ئایینی لایەنێکی هاوکار بن بۆ راگەیاندنی کوردی، چونکە ئەوان بە پێی پێگەی خۆیان بەژداریەکی کاریگەریان هەیە لەو بوارەوە.

هەروەها گوتیشی: بە شێوەیەکی گشتی پێویستە لەو قۆناغەدا کاری نووسینو بواری رۆژنامەگەری کوردی زیاتر لە ئامانجەکانی نزیك بێتەوە، کە قوڵکردنەوەی گیانی نەتەوەییو بەرز راگرتنی ئەخلاقی کوردەواریو بەرپرسانە مامەڵەکردنە لەگەڵ حەدەسو پێشهاتەکاندا.

لەکۆتایی مەراسیمەکەشدا دیاری رێزلێنان لەلایەن سەنتەری زانایانەوە بەسەر ١٥ مامۆستای ئایینی دەڤەرەکە دابەش کرا، کە لەبواری نووسینو کاری رۆژنامەوانی رۆڵیان هەبووە.

# ئافرەتی موسڵمان...
# خواناسو شارەزاو خاوەن بڕیارە

**بەشی یەکەم** **جەعفەر گوانی**



## وێنەی ئافرەتی موسڵمان جوان بکەنەوە

شێخ محەمەد غەزالی دەڵێت: "لە مولتەقای فیکری ئیسلامی بووم، کاتێک باڵیۆزی ئەڵمانیا قسەی دەربارەی ئیسلام دەکرد، بە ئامادەبووانی گووت: پێویستە لەلای خۆتانەوە، بارودۆخی ئافرەت چاک بکەنەوە، چونکە وێنەی ئافرەتی موسڵمان، ئەوروپییەکان لە هاتنە ناو ئیسلام دوور دەخاتەوە.

یەکێک لە ئامادەبووان لێی پرسیم: باشە چی بکەین؟ پێم گوت: کاتێک کابرای بازرگان کەلو پەلی خۆی بۆ فرۆشتن نمایش دەکات، ئەگەر هەندێک وەسفو پێداهەڵگووتنی بداتە پاڵی، کە لە شتەکەدا نەبێت، ئەوە کەسێکی فێڵبازە، وە ئەگەر بەبێ ئەوەی لێی شارەزا بێتو، هەڵبستێت، بە نەزانیو کەمو کورییەوە نمایشی بکات، ئەوە کەسێکی گێلەو، ستەم لە کەلو پەلەکەی خۆی دەکات.

باڵیۆزی ئەڵمانیاش دوای ئەوەی خوای گەورە دڵی کردۆتەوەو، موسڵمان بووە[1]، روو دەکاتە موسڵمانانو، پێیان دەڵێت: بە جوانی دینەکەتان بخەنە روو، بە تێگەییشتنی خراپو کردەوەی خراپتان رێ لە خەڵکی مەگرن بێنە ناو ئیسلام، ئەگەر وا دابنێین کەسێک سەرجەمی زانیارییەکانی دەربارەی ئیسلام تەنها ئەو حەدیسەی (ئەلحاکم) بێت، کە ئافرەت فێری نووسین نابێت، یان تەنها ئەو حەدیسەی خاوەنی (الزوائد) بێت، کە نابێ ژن پیاو ببینێتو، پیاویش ژن ببینێت[2]، پاشان تەنها بەو هەندە زانیارییە، پەیامی ئیسلام بۆ خەڵکی ئەوروپاو ئەمەریکا نمایش بکات، ئایا هیچ کەس موسڵمان دەبێت؟ یان هیچ ژنو پیاوێک رێز لە ئیسلام دەگرن؟".

کاتێک بۆ یەکەمجار قسەکەی باڵیۆزی ئەڵمانیام خوێندەوە، وەکو بۆمبێک وا بوو، تا تەکانێک بە خۆمان بدەینو، هەوڵبدەین هیچ نەبێت لە داهاتوودا رۆڵی راستەقینە بۆ ئافرەتان بگێڕینەوە، بەتایبەتی هەست دەکرێت، زۆر جاران فێڵ لە خۆمان دەکەین، کاتێک گوێمان لەو قسانە دەبێت، لە جیاتی رەخنە لە خۆمان بگرینو، پێداچوونەوە بە هزرو بیرمان بکەینەوە، یەکسەر دەست دەکەینە هێرش کردنو، باسکردنی کارە خراپەکانی ژنانی رۆژئاواو، پێمان وایە ئەوانە هەمووی پیلانن بۆ تێکدانی خێزانو، بێ رەوشتکردنی ئافرەتانی ئێمە، خۆ ئەگەر ئەو قسانە هەموو راست بن، بەڵام ئایا پێویست نییە بە خۆمان دابچینەوە، داخۆ ئافرەتی (کوردی) موسڵمان لە کوێی ئافرەتی دونیایە، یان تا چەند هاوشانی ئافرەتانی (١٠٠٠) ساڵ پێشی هەنووکەن، لە شارەزاییو پەروەردەو رۆڵ دیتنو، پێگەیاندنو بەشداریکردنو کارایی.

ئیدی نابێ هەر خەریکی هێرشکردنە سەر خەڵکانی دیکە بین، بەڵکو وەک دکتۆر محەمەد سەعید رەمەزان بۆتی دەڵێت: "پێویستە مەنهەجو رێبازێک بگرینە بەر، لەلایەک پەردە لەسەر ئەو درۆو بوختانانە هەڵدەینەوە، کە کەسانێک –لەو رێگەیەوە بۆ ئیسلامی هەڵدەبەستن– وە باس لەوەش بکەین چەندە خوای گەورە لەرێگەی شەریعەتو ئەحکامەکانی، کە دایبەزاندوون، رێزی لە ئافرەت گرتووە، پاشان دەبێ –بە بوێرییەوە– باس لەو کەمتەرخەمییەش بکەین، کە کەسانی نەفامو دەمارگیر دەینوێننو، دەست بە دابو نەریتی رابردوویان دەگرن، دابو نەریتێک کە پێچەوانەی شەرعی خوایە، دەبێ رژد بین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کارە ناشیاوانە، کە تەحەدی شەرعو بڕیارەکانی خوای پەروەردیگار دەکەن.

ئاخر لە کوێی ئیسلام ئەوە جێگەی دەبیتەوە، کە مێرد هەوڵ دەدات، کەس ناوی ژنەکەی نەزانێت، یان باوکو برا ناوی کچو خوشکەکەی نەزانن، ئەگەر زانیشیان کەسێک ناویان دەزانێت، هەست بە شەرمو خەجاڵەتی دەکەن.

کەسی واشمان هەیە، هەوڵ دەدات قەت لە رێگەو بانەکان ژنەکەی لەگەڵ نەڕوات، ئەگەر لەگەڵیشی بڕوات، هەوڵ دەدات لێیەوە دوور بێت، تا هەست بە شەرمەزاری نەکات.

خۆ ئەگەر زانی خوشکەکەی یان کچەکەی لە خشتە براوە، جا هەر جۆرە لە خشتەبردنێک بێت، یان تووشی هەڵەیەک بووە، ئەوە بەبێ ئەوەی بیر لە بڕیارو پەیامی خوایی بکاتەوە، یەکسەر بڕیاری کوشتنی

دەدات، ئایا ڕۆژانە چەندان تاوان هەن، کە تەنها بە خوێن پاك دەکرێنەوە"، خۆ هەمان هەڵە، ئەگەر کوڕەکەی یان براکەی کردبێتی، ئەوە نەك لە خوێنی ناگەوزێنێتن بەڵکو بە پارەو ماڵ دیفاعی لێ دەکات، لە هەندێك جاردا کچو خوشكو کچە مامەکانیشی بۆ دەکەنە قوربانیو، بۆ ئەوەی کوڕەکە کێشەی نەمێنێت، دەیدەنە ماڵی بەرامبەر، گرنگ لێرە کوڕەکە ڕزگاری بێت، کێشەی نییە ئەگەر کچەکە بچێتە دۆزەخی بەرامبەریش.

ئەو بۆچوونەو ئەقلیەتو بیرکردنەوەیە، چ جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو چاخەی پێیدەگووترێت، سەردەمی نەفامی پێش ئیسلام، وەك موفتی زادە دەفەرمووێت:

## (ئاخر لەو ژینی جاهیلییەتە کچ مایەی عارەو کوڕ بەرەکەتە)

ئەرێ نەتان پرسیوە ئەوە بۆچی وەهایە؟، وەڵامەکەی وەك بۆتی دەڵێت: "پیاو پیاوە، لەسەر خووی مغامەرەو خۆتێرکردن گۆشکراوە، ئافرەتیش ئافرەتە، کۆمەڵێك عەیبو عارەو دەبێ بشاردرێتەوە". مەبەست لە شاردنەوە حیجاب نییە، بەڵکو ئەوەیە، کە دەبێ بزر بێتو، ئاوەدانی نەبینێتو، ڕۆڵی پێ نەدرێتو، وەك مایەی عەیبو شوورەیی تەماشا بکرێت.

ئەوەی باسمان کرد، وەسفێکی ڕاستەقینەی ئەو ماڵانەن، کە هێشتا بە دەست دابو نەریتی چەوتەوە دەناڵێننو، سەرباری هەموو گۆڕانکارییەکان، لێی ڕزگار نەبوونە.

بۆتی درێژەی دەداتێو دەڵێت: "جا ئەو ماڵانە کەم بن یان زۆر، ئەرکی ئێمەیە، ڕەخنەیان لێ بگرینو، ڕوونی بکەینەوە: ئەو کارانەیان پێچەوانەی بنەماو ئەخلاقیاتی ئیسلامن، بانگەشە بکەین بۆ بەرەنگاربوونەوەو لابردنی لە کۆمەڵگەدا.

نە لە قورئانی پیرۆزو، نە لە فەرموودەیەکی دروستدا نەهاتووە، کە ئافرەت نهێنییەکی عەیبدارەو، دەبێ بشاردرێتەوە، ئەگەر لەگەڵ پیاوەکەی بێت، کەمایەتییە بۆ پیاوەکەو، لە کەسایەتی کەم دەکاتەوە، بەڵکو ئەوەی لە قورئاندا هاتووەو، پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت مومارەسەی کردووە، پێچەوانەی ئەوەیە.

پێغەمبەری خوا لەگەڵ ژنەکانی دەردەچوو، لە یەك ڕێگەدا پێکەوە دەبوون، شەوانیش –وەکو پیاسەیەك پێکەوە دەرچوونە– لە فەرموودەیەکی بوخاریو موسلیمدا هاتووە، کە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت لەگەڵ سەفییەی خێزانی، لە شەودا بە یەکەوە دەڕۆییشتن، دوو کەسی ئەنصاری بەلایان تێپەڕین، کە چاویان پێکەوتن، خێراتر ڕۆییشتن، پێغەمبەری خوا درودی خوای لەسەر بێت، فەرمووی: هێواش بن، ئەوە صەفیەی کچی حەییە –هاوسەرمە– ئەوانیش گووتیان: سبحان الله... یارسول الله... ئەویش فەرمووی: ترسام شەیتان خرپایەك یان شتێك بخاتە ناو دڵتانەوە".

کەواتە ئێمە چەندە پێویستمان بەوەیە بەختەوەریو ئاسوودەیی خێزان بپارێزین، ئەوەندەش پێویستما بەوە هەیە، بەرەنگاری هەموو ئەو دابو نەریتانە ببینەوە، کە ئافرەتانی ئێمەیان تەجمید کردووە، ئەوەش مانای وانییە، هەرچی دابو نەریتە هەڵەو چەوت بێت، بەڵکو بەشی چاكو خراپی هەیە، کە لە داهاتوودا ئەوەش زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم نووسینانەی پێشەوە، لەوەی زۆر جاران دابو نەریت زاڵ بووە بەسەر بڕیارو دەقە ئیسلامییەکان، بۆیە هەوڵ دەدەین لە ماوەی داهاتوودا ئەو نووسینە دابەشی سێ تەوەری سەرەکی بکەین.

یەکەم: وەڵامدانەوەی ئەوانەی بوختان بۆ ئیسلامو پەیامەکەی هەڵدەبەستن، تا خەڵك بزانێت ئەوانە قسەی هەڵبەستراونو دوورن لە ڕاستەقینە.

دووەم: ڕوونکردنەوەی ئەو ڕێزو گەورەییەی ئیسلام لە ئافرەتی گرتووە، تا لە لایەکەوە هەقیقەتی ئیسلام پیشانی دنیا بدەین، لەلایەکی دیکەش هەمان ڕۆڵو پێگە بۆ ئافرەتان بگێڕینەوە.

سێیەم: کۆمەڵێك دابو نەریت هەن لە هیچ شوێنێکی ئیسلام جێگەیان نابێتەوە، کەچی لە سەرووی دینەوە تەماشا دەکرێن، دەبێ بە جورئەتەوە پەنجەیان لەسەر دابنێینو ڕەخنەیان لێ بگرین.

جا لەبەر ئەوەی دوو تەوەری یەکەمو دووەم زۆریان لەسەر نووسراوەو دەنووسرێت، لە تەوەری سێیەمەوە دەچینە ناو باسەکەوە، هەر لەناو ئەویشەوە هەوڵدەدەین، دوو بەشەکەی دیکەی تێکەڵ بکەین.

حەز دەکەم پێش ئەوەی زیاتر قسەی لەسەر بکەین، ئەوە بڵێم: ئەو ڕەخنانەی ئێمە لە خودی خۆمانی دەگرین، بە هیچ شێوەیەك بۆ ئەوە نییە، ڕەواجو برەو بە ڕۆژئاوا بدەین، چونکە وەك ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکرێت، ڕۆژئاوا بەهەشتی ئافرەتان نییە، لە زۆر بواردا لێرە دۆخی ئافرەت باشترە، بەتایبەتی لەڕووی ئاسوودەبوونو بەختەوەری، کە لە ئەڵقەکانی داهاتوو بەڵگەی لەسەر دەهێنینەوە، بەڵکو ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئافرەتی موسڵمان هەمیشە هەم پابەندی ڕێبازو ئایینی خۆی بێتو، لە هەمان کاتدا ڕۆڵێکی کاراو ئەکتیڤ ببینێت.

سەرەتاش بە بابەتێکی شێخ محەمەد غەزالی بە کورتیو پوختی دەست پێدەکەین، تا ببێتە سەرەتاو دەروازەیەکی گشتی بۆ تەوەرە سەرەکیەکانو هێنانەوەی ڕاو بۆچوونی زانایان.

## درزێکی دیکە لە بواری کۆمەڵایەتی

ئەگەر خەلافەتی ڕاشیدە لەبەرەدەم چەند دابو نەریتێکی عەرەبی هەڵوەشێندرابێتەوە، تا وای لێهات شورا ماناو مەفهوومێکی بڵاوو نادیاری هەیە، کە هیچ قورساییەکی نییە، هەروەها بەزینێکی دیکەی ڕێنماییەکانی ئایینی ئیسلام لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی هەیە، کە پێویستە تیشکی بخەینە سەر.

هەر لەسەرەتای بوونەوەرەوە، مرۆڤ دەژیو درێژەی بە مانەوە داوە بەهۆی هەردوو هاوسەری نێرو مێ بووە، هەر یەك لەو دوو ڕەگەزەش تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە خوای گەورە لەسەریانی دروست کردوون، دەشێ بڵێین: نێرینە توندترو بەهێزترە لە مێینە، وە مێینەییش ئارامگرترو نەرمترن



لە نێرینەوە، بەڵام هەر یەكێكیان ئەوەی دیكە تەواو دەكات، یەك ڕەچەڵەكیش بۆ ئادەم دەیانگێڕێتەوە، یان وەك قورئان دەفەرموێت: (أَنِّي لاَ أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ)(٣). واتە: من هەر كەس لە ئێوە كارێكی چاك بكا لە كیس نادەم پیاو بێ یان ئافرەت، كە هەندێكتان لە هەندێكتانن(٤).

بەڵام بە سووك تەماشاكردنی ئافرەتو چەوساندنەوەیی، نكۆڵیكردن لە مافە سرووشتییەكانی، سەردەمێكی دوورە بووتە شتێكی ئاساییو خووپێگیراو، لە پێشدا هەندێك لە كۆڕبەندو مەجامیعە ئەورووپییەكان لە نێوە خۆیان دەپرسی: ئایا ئافرەتیش لە ڕەگەزی ئاسایی مرۆڤە وەك پیاو؟ ئایا ئەویش وەكو پیاو هەمان ڕۆحی هەیە؟ بە درێژایی مێژوو دەستو یاسا ئەورووپییەكان زۆر ڕێزیان لە پیاو گرتووەو، بە سوك تەماشای ئافرەتیان كردووە.

هەندێك نموونەی زۆر وەحشیگەرانە هەیە، كە نكۆڵی ماق ژیانیان لە ئافرەت كردووە، لە هەندێك ناوچەی هیندستان ئەگەر مێرد مرد، واجبە دەبێ ژنەكەشی لەگەڵدا بمرێت، هەرچەندە با ساغو سەلامەت بێت، هیچ كەسێك بۆ ئەم حاڵەتە لەوان گێلتر نەبووە، بێجگە لە عەرەبی سەردەمی جاهیلی نەبێت، ئەوانەی دڵتەنگ دەبوون بە لەدایكبوونی كچو، هەندێكجار زیندە بەچاڵیان دەكردنو، ئەو كچە منداڵە دوا هەناسەكانی ژیانی بە زیندوویی لە ژێر خۆڵدا دەدا. كابرایەكی عەرەب، كە دڵی تەنگ بووە بە كچ دەڵێت: سوێند بە خوا، كچ منداڵێكی باش نییە، پشتیوانییەكەی گریانەو، چاكەكەشی دزیكردنە، مەبەستی ئەوەیە، كچەكان بە چاكی نازانن شەڕ بكەن، تا پشتیوانی خێڵو عەشیرەتەكەیان بكەن، ناتوانن كاریش بكات، تا بە ماڵەكەی چاكە لەگەڵ خزمو كەسانی بكات، بەڵكو لە ماڵی مێردەكەی وەردەگرێتو دەیداتە خزمەكانی ئەگەر هەژار بن.

لێرەدا دەپرسین: كێ لە پشت ئەوە بووە، كە ئەو كچە هونەری شەڕی نەزانیوە؟

بێگومان باوكی بووە، كە ڕقی لە كچەكەی بووە!.

ئەی كێ لە پشت ئەوە بووە، كە كچەكە نەتوانێت داهات بۆ خۆی كۆبكاتەوە؟ وەڵامەكەی هەمان وەڵامە، باوكەكەی بووە، چونكە باوكەكە هەر لە سەرەتاوە ڕقی لێ بووە.

ژنە جولەكەكان لە فەلەستینی داگیركراو (ئیسرائیل) زەوییەكانیان كشتوكاڵ دەكەنو، چەك هەڵدەگرنو، بە دلێرانەیی شەڕ لەگەڵ پیاوەكانی فەلەستین دەكەن.

(تا ئێستا باس لە سەردەمی پێش ئیسلام دەكەین، كە بەم شێوە مامەڵەیان لەگەڵ ئافرەتانیان كردووە).

ئینجا ئیسلام هات، ڕێزی لە ئافرەت گرتو، هەموو تێڕوانینو بۆچوونە هەڵەكانی بەرامبەر ئافرەتی، دوور خستەوە، هەموو ئەو سوكایەتییپێكردنەی دەرهەق ئافرەتان دەكرا، ڕەتی كردنەوەو، ئافرەتی وەك بەشێك لە حەقیقەتی مرۆڤایەتی دانا، كە ئیسلام بۆ پاككردنەوەی هاتووە...

ئینجا لە سەردەمی پێشینە باشەكانمان، كۆمەڵگەی ئیسلامی وها ئافرەتی لەخۆ گرتبوو، كە لە بەیانییەوە تا ئێوارە هاتووچۆی مزگەوتی دەكردو، وەكو پیاوان شارەزای دینداری دەبوو، هەندێك جار لەگەڵ پیاوان بەشداری جەنگی دەكردو، هەندێك جار برینداراكانیان تیمار دەكردنو، مردوویان بە خاك دەسپاردو، فەرمانیان بە چاكە دەكردو، خەڵكیان لە خراپە دوور دەخستەوەو، ئامۆژگاری خەڵكیان دەكرد...

بەڵام دابو نەریتی عەرەبی جاهیلی، كە لە كۆنەوە دەوری ژنیان گرت بووو، دەستیان بەسەر مافە مادیو ئەدەبییەكانیان گرتبوو، نەیتوانی ئەو هەنگاوە مەزنە قبوڵ بكات، كە ئیسلام بە ئافرەتی هاوێشت، ئیدی دەستی پێكرد، تا ئەو مافانەی لێ بستێنێتەوە، كە ئیسلام پێیدا بووو، نكۆڵی لەو مافانە بكات، كە ئیسلام چەسپاندوویەتیو، بەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئافرەت بكات، كە تەنها بۆ چێژ وەرگرتنە. (ئەوە نموونەی كۆمەڵگەی عەرەبین بەڵام كۆمەڵگەی كوردیش كەوتە ژێر ئەو كاریگەرییە).

پاشان لە چەندین لای نادیارەوە، فتوای جۆراو جۆر دەرچوو، كە نابێت ئافرەت لە مزگەوت نوێژ بكات(٥)، ئەو قەدەغەكردنەی ئافرەت بەردەوام بوو تا نزیكەی دوازدە سەدەو، تا ئێستاش لە زۆر شوێن بەردەوامەو، لە كوردستانیش لە زۆر شوێن ڕێگە نادەن، شوێنی ئافرەتان لە مزگەوت بكرێتەوە.

بە هەمان شێوە فەتوای دیكە دەركرا، بەوەی نابێت كچ بچێتە قوتابخانە، هەرچەندە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریش بێت، چ جای ناوەندیو ئامادەییو باڵا... ئەگەر زەغتو سووری هەندێك خەڵكی ئاقڵ نەبوایە، قەت ڕێگە بە خوێندنی ژنان نەدەدرا لەم سەردەمەو، هەر وا دەمانەوە، كە هیچ لەو هەموو جۆرە زانستانە نەزانین.

چەند فەتوایەكی بەدرۆش دەركران، گوایە ڕوخساری ئافرەت عەورەتە (تا ئەگەر ترسی فیتنەش نەبێت)، وە دەنگەكەشی هەر عەورەتە، ئەو فەتوایانە، بەشێوەیەك بڵاوكرانەوە، كە شوێنی بڕیارێكی لازمی گرتەوە، نەك وەكو ڕایەكی ئیحتیمالی، تا دەگووترا: بەشێوەیەكی گشتی، ئافرەت هیچ پەیوەندی بە چالاكی ڕۆشنبیریو كۆمەلایەتییەوە نییە!، سەبارەت بە چالاكییەكانی دیكەی مەدەنیو سەربازی، ئەوە بوونی ئافرەتان لەم شوێنانە، كەمو زۆر مونكەرو خراپەیەكی زۆر گەورە بوو!.

ئەوەی ڕاستی بێت شەریعەتی ئیسلامی دەربارەی كاروباری ئافرەتان، لە نێوان پیساییو خوێن دەرهاتووە، نەفامی عەرەبیمان قبوڵ نییە، كە سەدان ساڵ بوو خۆی سەپاند بوو، هەروەها نەفامی ئەورووپیش، كە بەسەرمان دێت، ئەویش قبوڵ نییە، هەندێكیش لەوانەی بەناوی ئیسلامەوە قسە دەكەن، وا دەخوازن ئافرەت بگێڕنەوە بۆ ژێر ركێفی دابو نەریتی دەشتەكی(٦)، یان





بارودۆخی نەفامی دارماوی ئافرەت... هەروەك هەندێكی دیكەش دەیانەوێت لە هەموو شتێك چاو لە ڕۆژئاوا بكەن، لە ڕاستیدا ئەحكامەكانی پەیامی ئیسلامی لەوە پیرۆزترن، كە یەك لەو دو گرووپە سەرسەری پێوە بكەن.

جارێكیان گەنجێك نامیلكەیەكی پێشكەش كردم، عالمێك داینا بوو، كە داوای نیقابو پێچەی دەكردو، ئەو ژنانەی سافیرەن بە فاسقی دانا بوون، منیش چاوم كردە دێرەكانی سەرەتاكەی، دەبینم پیاوەكە نووسیویەتی: ئیسلام زینای حەرام كردووە، كەواتە واجبە رووخساری داپۆشیت، تا ڕێگە لە گوناه بگیرێت (سدّ الذريعة).

منیش گوتم: ئەوە بەڵگەیەكی هەڵەیە، ئەوە نییە ئیسلام داوای كردووە لە كاتی حەجو نوێژكردندا، ژن روخساری بە دەرەوە بێت، ئایا بەم كارەی، خەڵكی بۆ فاحیشەو گوناه هانداوە؟، كتێبەكانی فەرموودە سەحیحەكانیش نزیكەی (١٠) فەرموودە دەهێننەوە، كە ئەوە دەگەیەنن، پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت، روخساری بە دەرەوەی دیتوونەو، هیچ ئینكاریشی نەكردووە، ئایا بەم كارەی ڕێگەی بە شتێكی خراپ داوە؟ یان لە قورئاندا دەبینین فەرمان دەكات، ئافرەتان حیجاب بكەنو، لاشەیان داپۆشن، تەنها جوانی دەرەوە نەبێت، ئایا ئەگەر پۆشینی رووخسار واجب بێت، ئەی جوانی دەرەوە كوێیە، كە لە فەرمانەكەی جیا كردۆتەوە؟.

ئەوەی راستی بێت، هەر بە ئەنقەست كۆمەڵێك فەرموودەی دروست پشتگوێ خراون، یان ماناكەیان شێوێندراوە، هەندێك حەدیسی هەڵبەستراویان بە پێشەوان هێخستوونە، كە ئافرەتان هان دەدەن، تا نەخوێندەوار بن، یان چەند خەبەرو هەواڵێكی وەهمیان هێناون، ئەوە دەگەیەنن، كە ئافرەت نابێ هیچ كەس ببینێتو، هیچ كەسیش ئافرەت نەبینێت، ئەوانە هەواڵی مونكەرن، بە روونی پێچەوانەی ئەو بەڵگانەن، كە بەشێوەی دەستە جەمعیو دروست لە پێشینە باشەكان بۆمان ماونەتەوە، پاش ئەوە موسڵمانان دەستیان بەوە كردووە، كە ئافرەت نەخوێندەوار بكەنو، پشتگوێیان بخەن، تا لە چاخەكانی دوایی بووەتە پووچترین كەلو پەلو، مێیینەیی بووەتە دروشمی شتێكی بێ مانا.

جارێكیان موتالای ڕۆژنامەیەكم دەكرد، لە لاپەڕەی سەرەكی وێنەیەكی (تاتشر) بڵاوكرابووەوە، كە ئەو خانمە سەرۆكوەزیرانی ئینگلتەرا بوو، لەو كاتەدا گەنجێك، كە تەماشای منی كردبوو، پێیگووتم: ئەم وێنەیە دەبینی؟ گووتم: بەڵێ، گووتی: ئایا پێی سەرسامی؟ گووتم: ئەوەی راستی بێت گەلەكەی بە (ئافرەتێكی ئاسنین) وەسفی دەكەن!، هەڵوێستەكەشی لە ئەنجومەنی گشتی سەرنجی منی ڕاكێشا، كە داوای دەكرد سزای لە سێدارەدان بۆ یاسای ئینگلیزی بگەڕێندرێتەوە، ڕاستە ئەنجومەنەكە خەجاڵەتیان كرد، بەڵام ئەز وا دەبینم ئەو ئافرەتە زیرەكترو هەقبینتر بێت لە دوو سەد ئەندامی ئەنجوومەنەكە، كە بەرەنگاری پێشنیازو داواكەی بوونەوەو، بە سەریدا سەركەوتن.

هەستكردنی بە بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر ئەمنو ئاسایش قەناعەتی ئەوەی پێ هێناوە، كە قیساسو هەق سەندنەوە شتێكی پێویستە، لەو حاڵەدا ئەو ئافرەتە وشیارترو دادگەرانەترە لەو پیاوانەی بەرەنگاری بوونەوە.

گەنجەكە ویستی قسەكەم پێ ببڕێت، جا پێمگووت: شتێكی دیكەی ئەو ئافرەتەش دڵخۆشی كردم، لەو كاتەی ئینگلتەرا شەڕی ئەرجەنتینی دەكرد، ئەو ئافرەتە پێشەوایەتی گەلەكەی دەكرد، ئا لەو كاتەدا بەردەوام بە ڕەشپۆشی دەهاتە پێش چاوانو، جلی ڕەشی دەپۆشی، وا تێدەگەییشت هەر سەربازێك لە كوڕانی نیشتیمانەكەی بكوژرێت، براو كوڕی ئەون، بۆیە تازیەی بۆ دادەنانو، هەموو نیشانەكانی خۆشیو سروری ڕەت دەكردەوە!!.

بە بەرچاوی من، ئەو ئافرەتە باشترە لە حاكمو دەسەڵاتدارەكانی ڕۆژهەلات، كە ریشو سمێڵیشیان هەیە.

گەنجەكە پێیگووتم: ئایا سەرە رووتەكەی نابینی؟ گووتم: ئەوە ئادابێكی ئیسلامی نوقسانەو، لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا سەر عەورەتە پێویستە لەچكەی بەسەردا بدرێت، جا چ عەورەتی موغەلەزە بێت وەك ئیمامەكان باسی دەكەن، یان موخەففەف بێت، وەك مالیكیەكان دەیڵێن، بۆیێ پرچ پێویستە داپۆشرێت وەك ڕێزەك بۆ ڕێنماییەكانی ئایین، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگەو پێویستە بیخەمە پاڵ ئەم حوكمە ئەوەیە: ناوەوەی سەر گرنگترە لە دەرەوەی، مەبەستم ئەوەیە، زیرەكی یان گێلی، زانست یان جەهل، ئەوانە كۆمەڵە شتێكن لە شتەكانی دیكە گەورەترو، گرنگترن.

(كەواتە دەبێ ئیش بۆ ئەوە بكرێت، ئافرەتی موسڵمان سەرباری ئەركە ئایینیەكەیو، پابەندبوونی بە شەرعی خوا، لە هەمان كاتدا زیرەكو چالاكو بە تواناو شارەزا بێت).

**پەراوێزەكان:**

١- موراد هۆفمان، باڵیۆزی ئەڵمانیا، دوای موسڵمانبوونی بووە بانگخوازێكی ئیسلامیو، وێڕای وتارەكانی، چەندین كتێبی دەربارەی ئیسلام نووسیوە.

٢- مەبەست ئەوەیە، پێویستە هەر دەقێكی ئیسلامی، كاتێك ڕاڤەدەكرێت، پێویستە ڕەچاوی هەموو لایەنەكانی بكرێت، بۆچی دابەزیوە، باس لە چ ڕووداوێك دەكات، چۆن لەگەڵ دەقەكانی دیكە دەبەسترێتەوە.

٣- سورەتی ئالیعیمران/ ١٩٥.

٤- خولاصەی تەفسیری نامی/٤٦.

٥- سەیر ئەوەیە، ئەوانەی ئەو فەتوایە دەدەن، قسەی هەندێك سەحابەیان وەپێش فەرموودە ڕاستو ڕوونو دیارەكانی پێغەمبەر خستووە، بەوەی ئافرەتان لە مزگەوت قەدەغە مەكەن.

٦- مەبەست لە دەشتەكی، دانیشتوانی دەشت نییە، ئەوان كەسانی زۆر وشیارو دیندارو شارەزایان تێدایە، بەڵكو مەبەست ئەو دابو نەریتانەیە، كە كاتی خۆی دوور لە ئایینو شارستانییەت، كەسانێك پێڕەوییان دەكرد.



# تیۆری چۆنایەتی لەفەلسەفەی قورئان دا

مەلا ئاراس رواندوزی ـــــــ Malaaras.rwanduzi@gmail.com

## تیۆرە قورئانییەکان و، دەروازیەك بۆ ناسینی فەلسەفەی قورئان !!..

شیکردنەوەی تیۆرە قورئانییەکان کە بە پێکهێنەرو پەرەپێدەری لایەنێکی درەوشاوە لە فەلسەفەی قورئانی پیرۆز دادەنرێن، کردارێکی ئێجگار گرینگە بەئاراستەی تێگەیشتن‌و پێگەیشتن لەسایەی ئەو فەلسەفە بێوێنەیەدا کە وێنای ئەوپەڕی قودسییێتی دەقەکانی گوتاری خودایی دەکات، فەلسەفەیەك کە داڕێژەر و کۆکەرەوەی هەموو مەزنێتییەکەو، کامە فەلسەفەی مەزنی جیهانە تەنانەت ئەگەر هەموو فەلسەفە مەزنەکانیش لێکبدرێن‌و یەکبخرێن، مەحاڵە بتوانن بە سادەترین دیمەن‌و دەلالەت هاوشانێتی‌و هاوتایی خۆیان لە هەمبەر ئەو فەلسەفەیە بسەلمێنن، کە پشتئەستوور بەو ڕاستییە، دەتوانین بە شانازییەوە فەلسەفەی قورئان بەدایکی فەلسەفەکان ناوزەد بکەین، کەواتە فەلسەفەی قورئان ڕاڤەیەکی ڕوون‌و ڕاستەقینەی گەڕەکە بۆ ئەوەی شوناسە ڕاستەقینەکەی بناسێنین‌و دەلیڤەی پیشاندانی پایە سروشتییەکەی بۆ هەموو مرۆڤایەتی فەراهەم بکەین، ئاشکراشە کە دەستەبەرکردنی ئەو ڕاڤەیە، لەئاشنابوون بە تیۆرە مەزنەکان بەدیدەهێنرێت کە لە شوێنگەو ڕوانگە قورئانییەکاندا دەرکەوتوون، کە سەرەنجام دەتوانین دووجار لەو ئاشنایەتییەدا سەرکەوتوو و سوودمەند ببین، جارێکیان بە قووڵبوونەوەو وردبوونەوە لە فەلسەفەی قورئان کە ئەمەیان ئەولەویەتێکی لە ڕادەبەدەر لەپێشینەیە بۆ حاڵیبوون لە مەغزاو مانا ناوازەکانی گوتاری ئیلاهی، جارێکی تریش ڕەخساندنی دەرفەتی گواستنەوەی ئەو تیۆرانەیە بۆ بۆتەی کردارەکان کە ئەمەشیان بەواتای دۆزینەوەی شێوازێکی شایستەیە لەسازاندنێکی هاوسەنگ و هاوئاهەنگ لەنێوان هەردوو چەمکی تیۆری‌و کردەییدا، لێرەداو بەخوێندنەوەمان بۆ هەقیقەتانەی سەرەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە تیۆرە قورئانییەکان دەروازەیەکن بۆ ناسینی فەلسەفەی قورئان، بەدیوێکی دیکەشدا، فەلسەفەی قورئان زادەی بوونی تیۆرە قورئانییەکانە، کە دیارە ئەمەش هەنگاوێکی یەکلاییکەرەوەیە لەپرۆسەی بەدەستهێنانی مەعریفەی فرە مەودای قورئان، کە ئەو دەستکەوتە مەعریفییە نایاب و ناوازەیە، لێهاتوویی‌و کارامەیی بە کەسەکان دەبەخشێت کە لەو مەیدانەدا تووێشووی کۆڵیان لێخستووەو دەرفەتی پێشکەوتن و پێشەنگێتیان لەم بوارەدا بۆ مەیسەر دەکات، بۆیە لەم بابەتەدا دەمانەوێت شرۆڤەیەکی شایستە لەو کایەیەدا پێشکەش بکەین‌و، بۆ وردبینی‌و بەرچاوڕوونی زیاتریش، باسەکەمان دابەش دەکەینە سەر دوو تەوەری گرنگ کە تەوەری یەکەم وێنەیەکی دیار لەتیۆری چۆنایەتی لەخۆدەگرێت‌و لەڕووی پەیوەندی ناوەڕۆك‌و مەغزا شاراوەکاندا لەگەڵ تەوەری دووەم یەکدەگرنەوە .

### تەوەری یەکەم: تیۆری چۆنایەتی لە وێنەیەکی زیندووی قورئاندا !!..

خودای پەروەردگار لەقورئانی پیرۆز لەسەرەتای سوڕەتی (تبارك)دا دەفەرموێت: (الذي خَلَقَ المَوْتَ والحياةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً وَهُوَ العَزِيزُ الغَفورُ)، واتە: خودای گەورە هەر خۆی مردن‌و ژیانی بەدیهێناوە، تا تاقیتان بکاتەوە، کامتان کردەوەی چاکترو پەسەندترە، هەر ئەویش زاتێکی باڵادەستە بەسەر بێ باوەڕاندا، وە لێخۆشبووە لە ئیمانداران.

لەو ئایەتەی سەرەوەدا زۆر زانیاری‌و بەرەنجامی گرنگ‌و ئیجابیانە هەن کە لە ژیانی تاك‌و کۆمەڵگەدا بەرجەستە دەبن، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئێمەیەو دەمانەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین، وردبوونەوەیە لەو بڕگەیە (أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلا) کە پەروەردگارمان لەو بەشە بنچینەییەی ئەو ئایەتە پیرۆزەدا ئاماژە بۆ خاڵێکی زۆر گرنگ دەکات کە وەك پێویستییەکی هەمیشەیی لە وێستگەکانی سەفەرکردنی مرۆڤ بۆ ئاخیرەت خۆی دەنوێنێت‌و، دەخوازێت بەگرنگیدانی گەورەوە لە هەنگاوو هەڵوێست‌و ئاکارو گوفتارەکاندا بچەسپێندرێت، ئەو خاڵەش تیۆری چۆنایەتییە، چۆنایەتییەك کە بە بەهێزییەکەی، تایبەتمەندی ڕێژەیی‌و چەندایەتی هەڵبوەشێنێتەوەو پێگەکەی ئەو بگرێت‌و، لە هاوکێشەو حیساباتە گرنگەکاندا خۆی بە پتەوێتییەوە نمایش بکات، ئەوساکە بایەخپێدانە کلاسیکییەکان لەچوارچێوە چەندایەتییەکانەوە بۆ چوارچێوە چۆنایەتییەکان دەگوێزرێنەوە، کە ئەمەشیان پرۆسەی گۆڕینی فەلسەفە تەقلیدییەکان بە ئاراستەی فەلسەفە واقیعییەکان ئەکتیڤتر دەکات، ئیدی سەرەنجام خواستە قورئانییەکان لەبری ئارەزووە باوەکانی مرۆڤەکان، دەبنە نەریت‌و دەرکەوتەی پەسندیدە لە هەموو گۆشەیەکی کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکانداو، ئەودەم مرۆڤەکان بە کارلێکەری ئەمەوە، بە حەسانەوەو حاسڵبوونی خۆشی‌و هێمنی‌و ئارامی شاد دەبن.

### گریمانەیەك و، گرنگی خوێندنەوەی ڕەهەندەکانی !!..

لەقسەکردنمان لەسەر ئەو باسە، سەرەتا بەو پرسیارە دەستپێدەکەین‌و دەڵێین: جیاوازی چییە لەنێوان فەرمایشتی خودای گەورە (أَحْسَنُ عَمَلا) وە لەنێوان گریمانەی ئەوەی ئەگەر بیفەرمووبایە (أَكْثَرُ عَمَلا)؟!!، شتێکی سروشتییە کە ڕووبەری جیاوازییەکە زۆر بە فراوانییەوە ببینین، چونکە چۆنایەتی لەکاردا زۆر جیاوازە لە چەندایەتییەکەی کە لە چوارچێوەی پرسیارەکەی سەرەوەدا بەرجەستە دەبێت، جا بۆ ئەوەی ڕوونتر لە سەر ئەو لایەنە بوەستین‌و بنووسین، نموونەیەکی واقیعی‌و زیندوو دەهێنینەوە: پیاوێك لەڕۆژێکدا بۆ ماوەی چوار کاتژمێر لە کارخانەیەکی دارتاشیدا کار دەکات، پیاوێکی دیکەش تەنها دوو کاتژمێر لەهەمان شوێندا کار دەکات، بەڵام سەرنج دەدەین‌و دەبینین خەڵك زۆرتر ڕوو دەکەنە لای ئەو پیاوەی دووەم کە ڕۆژانە دوو کاتژمێر کار دەکات سەرەڕای ئەوەی کە ماوەی کارکردنەکەی کەمەو



ناتوانێت بەرهەمی زۆر پێشکەش بکات، لێ جیاوازی نێوانی ئەو و پیاوی یەکەم ئەوەیە کە ئەمەی دووەمییان بە وەستایی و شارەزاییەوە کارەکەی خۆی ئەنجام دەدات و، کاتێك دڵنیا دەبێت کە هیچ کەموکوڕی و خەوشێکیان تیادا نییە ئینجا بەرهەمەکانی دەداتە کڕیارەکانی، هەرچەندە پیاوەکەی یەکەمە کە ڕۆژانە چوار کاتژمێر کار دەکات، دەبینین وەستایی و شارەزایی لەکارەکەیدا نییەو ئەو بەرهەمانەی پێشکەشی کڕیارەکانی دەکات زوو کۆن و خراپ دەبن سەرەڕای ئەو ماوە زۆرەی لەڕۆژێکدا لەکارەکەی بەسەری دەبات.

ئێستا لەو نموونەیەی سەرەوە تێدەگەین و دەزانین کە کارباشی و کارجوانی چ ڕۆڵێکی گرنگ و گەورەی هەیە لە پێشکەشکردنی لە چاکترین و تەواوترین شێوەدا بەوەی هەڵگرو هێمادار بێت بەتایبەتمەندیی چۆنایەتییەوەو هەرگیز نەسازێت بەراورد بکرێت بە چەند کارێك کە جگە لەچەندایەتییەکی ڕواڵەتییانە، هیچ ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەند بە چۆنایەتییەکی سەنگینی تیادا بەدینەکرێت، کاتێکیش ئەو نموونەیەی سەرەوە بەسەر عیبادەت و کردەوە باشەکانمان جێبەجێ دەکەین، دەبینین زۆرینەمان کردەوەکانمان لەو ئاستی باشی و چاکییەدا نییە کە دەبێت هەبێت، خەڵك هەیە کار دەکات بەبێ بایەخپێدان بە کارەکەی، وە هەشیانە بە بایەخپێدانەوە کار دەکات، بۆیە ئەگەر بمانەوێت کارە باشەکانمان قەبول بکرێن و بەردیدە بن، دەبێت کارەکە پاك و پوخت و جوان بێت و خاوەنەکەشی دڵسۆزانەو لەخۆبردووانە بۆ خودای گەورە ئەنجامی بدات، بە واتای ئەوەی تەرکیز بخەینە سەر لایەنی چۆنایەتییەوەو خۆمان لەلایەنە ڕێژەیی و چەندایەتییەکەوە غافڵ بکەین.

**تەوەری دووەم: ستراتیژیەتی هەماهەنگیی و دەستەجەمعی لەکارو کۆششەکاندا !!..**

خودای پەروەردگار دەفەرمووێت: (وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا)، واتە: (هەوڵ بدەن) هەر هەمووتان بەتوندی دەست بگرن بە ئاینی خواوەو پەرت و بڵاو مەبن، لەو ئایەتە پیرۆزەدا خودای گەورە وشەی (جميعاً)ی بەکارهێناوە کە ناشێت (پەنا بەخوا) بەبێ هۆو بە بێمانا بەکارهێنرابێت، بەڵکە خودای مەزن بۆیە بەکاریهێناوە تاوەکو دووپات بکاتەوە لەڕادەی گرنگی هەماهەنگی و هاوپشتی و هاوسۆزی لەژیانی تاکەکانی کۆمەڵگای ئیسلامی کە ئەگەر نەخوازەڵا فیعلەن تەفەرەقەو تەکەتولات بووە شتێکی باوو بەهێزی ناو ئەو کۆمەڵگایە، حەتمەن لاوازیش دەکەوێتە پەیوەندییە گشتی و تایبەتییەکان و، عاقیبەتێکی ترسناك چارەنووسی تەواوی تاکەکانی دەتەنێت و، جگە لەپەرتەوازەیی و پاشاگەردانی، ناتوانیت پێشبینی خۆشی و خۆشبەختی بۆ ئایندەی نەوەکانییان بکەیت، بۆیە پەیوەستبوون بە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەو ئایەتە پیرۆزە، دەبێتە ئەرکێکی ئایینی و مرۆیی قورس لەپێناو سەروەربوونی سەقامگیریی و هاتنەکایەی کەشێکی پڕ لەکامەرانی بۆ ئێستاو پاشەڕۆژیان.

## چ مەغزایەك لە پەیوەندی نێوان کاری باش و کاری دەستەجەمعیدا هەیە؟!!

ئێستا جێی خۆیەتی پەیوەندی ئایەتی یەکەم کە لەتەوەرەی یەکەمدا باسمانکرد بە ئایەتی دووەم لەم تەوەرەیەدا ڕوون بکەینەوە، بۆیە دەڵێین: ئەوە تایبەتمەندی چۆنایەتییە بەیەکەوە کۆیان دەکاتەوە، بەوەی کاتێك کارێك جوان و دڵسۆزانە ئەنجام بدرێت و بەچۆنایەتییەکی بەهێز پێشکەش بکرێت، دەبینین بەئەنجامی باش و سوودبەخش دەگەڕێتەوە بەسەر تاك و کۆمەڵگەدا، بەڵام کاتێك کارەکە بەردەوامی دەبێت بەوەی زۆرێك لە خەڵك (جوان و دڵسۆزانە) ئەنجامی دەدەن لەچەند کاتێکی جیاجیا یان لەیەك کاتدا بەڵام لەشوێنی جیا جیا، دەبینین ئەمەیان زۆر جیاوازە، بۆ نموونە، سەرنج دەدەین یەکێك بەردێك فڕێ دەداتە دەریایەکەوە، دەبینین چەند شەپۆلێکی بچووك لەسەر ڕووی ئاوەکەدا دروست دەبن کە تا دەگەنە کەنار کۆتاییان دێت، بەڵام ئەگەر چەند بەردێك بەبەردەوامی فڕێ بداتە دەریاکەوە، ئەوجارەیان دەبینین چەندین شەپۆڵ لەسەر ڕووی ئاوەکەدا دروست دەبن کە هەندێکیان یارمەتی هەندێکیان دەدەن بۆ گەیشتن بە کەناری دەریاکە بەسەلامەتی، لەهەقیقەتیشدا کاری دەستەجەمعییانەش ئاوەها بەمشێوەیەیە.

## هۆشداریدان لە پەرتبوون و دەستەگەری و گروپ گروپێنە !!..

لەو ئایەتەی پێشوودا خودای گەورە هۆشداری دەدات لە پەرتبوون و دەستەگەری و گروپ گروپێنە کە ئەمانە بەرجەستەی لایەنێکی ئاشکرای چۆنایەتییێکی ترسناك دەکات لە مامەڵەو مومارەسەکاندا، ئەمەش لەپێناو ئەوەی کارەکانمان بە فیڕۆ نەڕۆن و وەکو خوای پەروەردگار دەفەرمووێت (هباءً منثوراً) بەرباو پەرش و بڵاو نەبن، چونکە بەم شتانە شیرازەی یەکڕیزی و هاوهەنگاوی و هاوئاهەنگێتی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا هەڵدەوشێتەوەو، ئیدی کۆمەڵگا دەبێتە گۆڕەپانی ململانێ و ڕکابەرییە سەختەکان کە ئاکامەکانییان بە شکستهێنان و هەرەسهێنانی هەموو کۆششەکان بۆ بەهێزکردنی ستراتیژییەتی پرۆژەی بەیەکەوەبوون تەواو دەبێت، بەدیوێکی دیکە، دەبێت لە بەهەند وەرگرتنی ئەو هۆشدارییە، دەستوبرد بکەین بۆ چەسپاندنی چۆنایەتییە باشەکە کە زامنی زەمینەسازییە بۆ پاراستنی هێمنی و بەرقەراری ژیان لە کۆمەڵگەدا .

کەواتە لەبنچینەکانی کاری باش و جوان ئەوەیە کە کارەکانمان بەوێنەو نموونەی بەرزەوە دەربکەون، وە پێویستە هاوپشتی یەکتری بین لە بەدیهێنانی گرنگترینی ئامانجەکانمان کە ئەویش ڕێخۆشکردنە بەرەو خۆشبەختی و شکۆمەندی دونیاو ئاخیرەت و، نزیکبوونەوەی زیاتر لە لوتفی ئیلاهییانە.

## چەندایەتی و، خولانەوە بە دەوری بازنەیەکی داخراودا !!..



بۆیە لە سەرەنجامی باسەکەمان دەگەینە ئەو باوەڕە بەهێزەی کە چەسپاندنی (تیۆری چۆنایەتی) لەڕەفتارو کردارەکاندا، لەمامەڵەو مومارەسەکاندا، لەهەنگاوو هەڵوێستەکاندا، سەرەڕای زامنکردنی دەستخۆشی لێکردن و پەسندکردن، دەبێتە نموونەیەکی باڵا بۆ ئیسلاحبوونی تاکەکان و دەرچوونییان لە ژێر کاریگەریی ( تیۆری چەندایەتی) کە ئەوە سەلمێنراوە ئەو تیۆرە باوە پێشکەوتن و گۆڕانکاری ئیجابیانە دروست ناکات بەڵکە واتای خولانەوەیە بەدەوری بازنەلایەکی داخراوو، جگە لە لایەنە حیسابییەکەوە کە هیچ گرنیگییەکی نییە، هیچ فەزڵ و فائیدەیەکی ئەوتۆ لە هیچ ڕووێکەوە نابەخشێت، بۆیە ئەگەر بمانەوێت کارو هەڵوێستەکانمان بەردیدەو پەسندیدە بن هەم لەبواری دینداریی و هەم لەژیانی دونیاییمانداو، هاوکات ببنە مایەی ڕەزامەندی خوداو خەڵك و دەبێت کار بۆ بەهێزبوون و نەشونماکردنی لایەنی چۆنایەتی بکەین، کە ئەمەش بەوە دەستەبەر دەبێت کە لایەنی چەندایەتی کز و کاڵ بکەینەوە .

بۆیە با تیۆری چۆنایەتی بکەینە کۆڵەگە سەرەکییەکە لەبونیادی کرداردا، تاوەکو بتوانین کردارەکانمان ڕەنگینترو ڕەنگڕێژتر بەو تیۆرە بڕازێنینەوە، لەم کارەشماندا پێویستمان بەوە هەیە زیاترو وردتر دیراسەی فەلسەفەی قورئان بکەین کە هەموو تیۆرە مەزنەکانی تیادا کۆبۆتەوە، بۆ ئەوەی بە بەرچاوڕوونییەوە، تەرجەمەیەکی تێروتەسەلییان لە واقیعدا بۆ بچەسپێنین.

تێبینی/ لە نووسینی ئەم بابەتەدا، سوودم لەو سەرچاوانە بینیووە:

١- قورئانی پیرۆز بەتەفسیرە جۆربەجۆرەکانییەوە.

٢- پەرتووکی (الفلسفة القرانية)، دانراوی (عباس محمود العقاد).

٣- پەرتووکی (الفلسفة الاسلامية)، دانراوی (محمد رضا المظفر).

# بەهار، وەرزی جیلوەی جەماڵی خوا

مودریك عەلی عارف

مرۆڤی کامڵو ژیرو بەسەلیقە ئەو مرۆڤەیە، کە دەتوانێ سود وەرگرێ لە هەموو جوڵەو گۆڕانکارییەکی ژیانو جیهان، هەروەك هەموو ئەو بزاوتو گۆڕانکارییانە چێژی پێ دەبەخشن، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەم مرۆڤە ژیرو کامڵو بەسەلیقەیە بێباكو خەمسارد نییە بەرامبەر هیچ شتێك، تێکڕای دەنگو ڕەنگو قەبارە جیاوەزەکان سەرنجی ڕادەکێشنو ئاسۆی بیری فراوانترو خەرمانی هەستی دڵو ناخی زیاد دەکەنو ویژدانی دەبزوێننو زیندووی ڕادەگرن.

ئەوە ڕوونو ئاشکرایە، کە خوای گەورەو میهرەبان، پەروەردگاری خاوەن (جەلال)و دەسەلاتو (جەماڵ)و جوانی، بەچەندین شێوە مرۆڤەکان هۆشیار دەکاتەوەو فێری چۆنیەتی ژیانو مردنیان دەکات، پێیان دەڵێت کە سودو چێژ لە هەموو جومگەو بەشەکانی ژیانو گەردوون ببەن.

خوای حەکیمو کاربەجێ، گاهێك بە ئایاتی (ئەنفوس)و (ئافاق)و گەردونی ڕێنومایيمان دەکاتو پەیامی خۆیمان پێ ڕادەگەینێ، تاوێکیش بەئایاتی (قورئان) بەئاگامان دەهێنێتەوەو ڕێبازی ژیانمان نیشان دەداتو بەرەو ڕێگەی بەختەوەریو سەرفرازی دونیاو دواڕۆژ ڕێنومایيمان دەکات و دەمانخاتە ڕێ.

ئەوە حیکمەتو دانایی بێ سنوری خوای میهرەبانە، کە بەچەندین شێواز داوامان لێدەکات، کە بگەڕێین بەسەر زەویداو تەماشای دروستکراوەکانی بکەینو پەندو عیبرەتو سودو چێژیان لێوەرگرین، وەك ئایەتەکانی: ﴿وَفِي أَنْفُسِكُمْ أَفَلَا تُبْصِرُونَ﴾و ﴿أَوَلَمْ يَنْظُرُوا فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ..﴾ الأعراف/١٨٥،و ﴿فَانْظُرْ إِلَى آثَارِ رَحْمَةِ اللَّهِ كَيْفَ يُحْيِي الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا إِنَّ ذَلِكَ لَمُحْيِي الْمَوْتَى وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ الروم/٥٠،و ﴿قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ ثُمَّ اللَّهُ يُنْشِئُ النَّشْأَةَ الْآخِرَةَ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ العنكبوت/٢٠،و ئەمانەو چەندین ئایەتی هاوشێوەی ئەمانە داوای سەرنجدانمان لێدەکەن کە تەماشای (ئایاتی گەردونی) بکەین و لێیان ڕامێنینو پەندین لێوەرگرینو دەسەلاتی خوا بهێنینە پێش چاومان، جەسەلاتی (جەلال)و (جەمال) جوانی.

لە سۆنگەی ڕامانێکی خێرا لەم ئایەتە پیرۆزانە، دەبینین کە وەرزی بەهار، وەرزی دەرکەوتنو تەجەللاکردنی دەسەلاتی (جەلال)و (قەدیر)ی خوای بەتوانایە، وەرزی جیلوەکردنی (جەماڵ)و جوانیو میهرەبانیو حیکمەتی بێ چوونی خوای جوانکاری سروشتو بەدیهێنەری جوانترین دروستکراویەتی کە مرۆڤە، ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا الأنْسانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ﴾ التين/٤، وەرزی میوانداری بەندەکانە لەلایەن خواوە بۆ ناو سروشت و بەجێهێشتنی چواردیواری بێ گیانی ماڵ و کۆشك و تەلارەکان، وەرزی ئاشتبوونەوەی لەگەڵ سەوزاییو دەنگی مەلو جریوەی چۆلەکەو قاسپەی کەو و گمەی کۆترو هاژەی ڕوبار و تاڤگەو قوڵپەقوڵپی ئاوی کانیاوە سازگارەکان، وەرزی ئاشتبوونەوەی لەگەڵ هەوای پاك و نورو ڕوناکی خۆرو پرشەو خەرمانەی مانگی تابانو ورشەو تیشکی زێڕینی ئەستێرەکانی ئاسمان.



ستەمو ناڕەوایەو سادەییە ئەگەر جوانیو ڕازاوەیی و قەشەنگی دیمەنە دڵڕفێنەکانی سروشتی وەرزی بەهار، جوانی و جەماڵی خوای میهرەبانمان نەخاتەوە یادو تامەزرۆ و تینووی عیشق و خۆشەویستی ئەو زاتە (جەمیل)و خاوەن (جەماڵ)و (کەماڵ)ە ڕەهایەمان نەکات، حەیفەو زۆریش حەیفە کە لەو دیمەن بەهارییانەدا هەست بە تەجەللاکردنی (جەلال)و (جەماڵ)و جوانی خوا نەکەین.

دەبێ وەك (عەتتاری نەیشابوری) لە هەموو لایەکەوە جوانیو جەماڵی خوای میهرەبان ببینین، وەك دەڵێ:

چشم بگشا که جلوه دلدار
متجلی است از در و دیوار.

واتە: چاو بکەرەوەو تەماشا بکە کە جیلوەی دڵدارو خۆشەویست، لە دەرو دیوارو هەموو لایەکەوە تەجەللای کردووەو دەرکەوتووە.

پێویستە ئێمەش بەم ڕۆح و نەفەسەوە تەماشای سروشتو جوانیو دیمەنە قەشەنگەکانی وەرزی بەهار بکەین و لێیان ڕامێنینو سودو چێژیان لێوەرگرین.



## پەیمانگای ئەزهەر لە هەولێر:

# دوارۆژێکی پڕشنگدار بەتیشکی زانستی شەرعی رەسەن




**ئامادەکردنی: مەلا ئەمیر گەردی**

بوونی دامەزراوەو دەزگای خوێندنی ئەکادیمی شەرعی، وێڕای ئەوەی کە پێویستییەکی هەنووکەیی و سەردەمیانەیە، لە هەمان کات مایەی دڵخۆشیو، هەروەها هۆکاری سەرەکی پێشکەوتنی ئاستی زانستی خوێندنی شەرعی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، کە کورد لە دێرین زەمانەوە پشکی شێری بەرکەوتووەو، لەو رێیەدا لە حوجرەو مەدرەسە ئایینییەکانەوە چەندین کەڵەزاناو رۆشنبیرو مامۆستای ئایینی پێگەیاندووەو، چرای رۆشنی ژیانو ژیاری شارو دێهاتەکانی جیهانی ئیسلامی بوونە.

چەندساڵێکە لە کوردستان، بە هەوڵو ماندووبوونی خەمخۆرانی شەرعو پەیامی جوانی ئیسلام، شان بەشانی دەزگاو خوێندنگە شەرعیەکان، دامەزراوەیەکی خوێندنی شەرعی ئەکادیمیو سەردەمیانە، بە شێوازێکی نوێو پرۆفیشناڵ، خزمەت دەکاتو، بە ئومێدێکی زۆرەوە جێگای شانازیو سەربەرزیەو، جێگەی خۆی لە نێو کۆڕی پێگەیاندنی زاناو مامۆستایانی ئایینی دوارۆژ کردۆتەوە، کە ئەویش بریتیە لە (پەیمانگای ئەزهەر لەهەولێر).

بەمەبەستی ئاشناکردنی زیاتری شەیدایانی خوێندنی شەرعیو، ناساندنی ئەم پەیمانگا ناوازەو تازەیە، بە پێویستمانزانی لە ژمارەی ئەم جارەی گۆڤاری پەیامی زانایان، سەردانێکی ئەم شوێنە پیرۆزە بکەینو، لە نزیکەوە چەند پرسیارێك ئاراستەی بەڕێزان بەڕێوەبەرو یاردەدەری پەیمانگای ناوبراو بکەینو، کورتە راپۆرتێك ئامادەبکەین.

سەرەتا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێز مامۆستا سەید تاهیر مەعروف کەریم بەڕێوەبەری پەیمانگا کردو، ئەویش بەسوپاسەوە وەڵامی داینەوە

**+ سەرەتا سوپاست دەکەین، دەکرێ پێناسەیەکی کورتی ئەم پەیمانگایەمان بۆ بکەی؟**

– پێشەکی بەخێرهاتنتان دەکەم، ئەم پەیمانگایە، لەساڵی خوێندنی ٢٠٠٨/٢٠٠٩ دامەزراوە، بێگومان ئەوەش دوای هەوڵو جدییەتێکی زۆری خەمخۆرانی خوێندنی ئەکادیمی شەرعی لە کوردستان هاتۆتە بەرهەمو، سەرەتای هەوڵەکان لەسەردەمی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم دەستپێدەکات، دوای ئەوکاتەی کە بەڕێز وەکیلی مەشیەخەی ئەزهەر (شێخ عبدالغنی عاشوور) سەردانی کوردستانی کردو، ئەم بیرۆکەیەی لا باسکرا، ئەوەبوو دواتر شاندێکی باڵای حکومەتی هەرێم لە هەریەك لە ئەوقافو پەروەردەو خوێندنی باڵا، بەسەرپەرشتی بەڕێز وەزیری ئەوقافی ئەوکاتی هەرێم (شێخ محمد شاکەلی) سەردانی کۆماری میسریان کردو، توانرا ئەم پەیمانگایە بکرێتەوە، بۆیە ئێمە راستەوخۆ سەربە بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵای وەزارەتی ئەوقافینو، لە هەمان کات بەشێکیشین لە ئەزهەر.

**+ ئەم پەیمانگایە شێوازی خوێندنی چۆنە؟**

– ئەم پەیمانگایە سەر بە (قطاع معاهد الازهر)ە، لەسەر سیستەمو شێوازی خوێندنی ئەوانەو، خوێندن تیایدا ٦ ساڵەو، جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ سیستەمی خوێندنی ئێرە لەرووی دانانی نمرەی قوتابیو، پرۆگرامی خوێندنی وانە شەرعیەکان، تەنها ئەوە نەبێ کەهەریەك لە وانەکانی ئینگلیزیو بیرکاریو زانستەکان لەسەر پرۆگرامی خوێندنی ئێرەن.

## ساڵانە ٤٠ تا ٥٠ قوتابی وەردەگرین

**+ شێوازو سیستەمی وەرگرتنی قوتابی لێرە چۆنە؟**

– راستە ناوی ئێرە پەیمانگایە لەسەر سیستەمی خوێندنی ئەزهەر، بەڵام لێرە ئەم پەیمانگایە لەبەرامبەر قۆناغەکانی ناوەندیو دواناوەندییە، بۆیە قوتابی دوای دەرچوونی لە پۆلی ٦ی بنەڕەتی لای ئێمە وەردەگیرێن، بێگومان ئەمەش دوای چاوپێکەوتنو، تاقیکردنەوەیەکی بەراییو، هەوڵماندداوە باشترین و زیرەکترینیان وەربگرین.



**بەڕێوەبەری پەیمانگا بۆ پەیامی زانایان:**

## ئامانجی سەرەکیمان گرنگیدانە بە زانستی شەرعیو، زمانی عەرەبیو، بڵاوکردنەوەو پەرەپێدانی پرۆگرامو ڕێڕەوی زانکۆی ئەزهەر، لە ڕووی میانڕەویو، وەسەتیەتو، ڕەسەنایەتی

**+ ساڵانە چەند قوتابی وەردەگرن‌و، تایبەتمەندییان چیە؟**

– داخوازی قوتابیان زۆرە، بەڵام وەك باسمکرد ئێمە هەوڵمانداوە باشترین‌و زیرەکترین قوتابی وەربگرین، بۆیە دوای تاقیکردنەوەی قوتابیانی پێشکەشکار، ئەوانەی بەرزترین نمرە بەدەستت دێنن، شایەنترینن‌و، پێوەر لای ئێمەی وەدەستهێنانی بەرزترین پلەیە، بۆیە ساڵانە ٤٠ تا ٥٠ قوتابی وەردەگرین‌و، تایبەتمەندیان ئەوەیە، کە وانەکەنیان چڕوپڕەو، بەزمانی عەرەبیەو، ١٠کەسی یەکەمی دەرچووی ئێرە راستەخۆ لە زانکۆی ئەزهەر وەردەگیرێن، کە ئەمە گەورەترین دەسکەوتە بۆ قوتابیان بە تایبەتی‌و، ئاستی زانستی شەرعی لە کوردستان، هەروەها لێرە مانگانە هەر قوتابییێکی ناوشار ٢٥ هەزار دینار وەردەگریٚ‌و، قوتابی دەرەکیش ٣٥ هەزار دینارو، تێکڕای ژمارەی قوتابیەکانیشمان ١٦٠ قوتابین.

**+ ئامانجی ئەم پەیمانگایە چییەو، ئایا تائێستا پێکاویەتی؟**

– ئامانجی سەرەکی گرنگیدانە بە زانستی شەرعی‌و، زمانی عەرەبی‌و، بڵاوکردنەوەو پەرەپێدانی پرۆگرام‌و ڕێڕەوی زانکۆی ئەزهەر، لەرووی میانڕەوی‌و، وەسەتیەت‌و، ڕەسەنایەتی، هەروەها خزمەتکردنی قوتابی خوێندنی ئیسلامی‌و، ئامادەکردنیانە بەهێزی زانستە شەرعییەکان لەسەر ئاستێکی بەرز، کە سوپاس بۆ خوا سەربەرزانە هەست دەکەین، ئامانجەکەی پێکاوەو، قوتابیانمان ئاستی زیرەکی‌و زانستییان بەرزە.

## وەزارەتی پەروەردە وەك پێویست هاوکارمان نیە

**+ ئایا مامۆستاتان هەیە لەئەزهەر (میسر)ەوە هاتبیٚ‌و، لێرە وانە بڵێتەوە؟**

– بەڵێ هەموو ساڵێ مامۆستای ئەزهەرمان هەبووە، ٣ مامۆستامان لابوو، بەڵام پارساڵ لە کۆتایی ساڵ گرێبەستەکانیان لەگەڵ زانکۆی ئەزهەر تەواو بوو، بۆیە نەهاتنەوە، بڕیار وابوو ئەمساڵ ٣ مامۆستای دیکە بنێرن، بەڵام نەهاتن، چاوەڕوانین بۆ خوێندنی ساڵی داهاتوو بێن.

**+ تێکڕای ژمارەی مامۆستاکانتان چەندن، لە چ ئاستێکی زانستیدان؟**

– بە هەردوو مامۆستایانی میلاك‌و موحازر ١٠ مامۆستامان هەیە، کە هەموویان لەئاستێکی بەرزی زانستیدان، هەیانە بەکالۆریۆس‌و، هەشیانە ماجستێری هەیە.

**+ داواکاری‌و کەم‌و کوڕیتان چیە؟**

– دەتوانم بڵێم تا ئاستێکی بەرز کەم‌و کوڕیمان نییەو، وەزارەتی ئەوقافی هەرێم زۆر پیشتیوانیمان دەکات، بەڵام ئەوە هەیە کە ئێستا شوێنەکەمان بەرتەسك بۆتەوە، بەهۆی ئەوەی کە دوو دەوامی جیای لێدەکریٚ‌و، کە ئێمەین وەك پەیمانگای ئەزهەرو، خودی بیناکە هی خۆمانە، لەگەڵ پەیمانگای زانستەئیسلامیەکان‌و، هەم ئەوان‌و هەم ئێمەش لە فراوان بوون‌و زۆربوون داین، هەروەها وەزارەتی پەروەردەش وەك پێویست هاوکارمان نییە، لەدابینکردنی مامۆستا بۆ وانەکانی بیرکاری‌و زانستەکان.



**مامۆستا کەمال عەزیز ئەمین**
**یاریدەدەری بەڕێوەبەر**

**دواتر رووی پرسیارەکانمان لە بەڕێز یاریدەدەری بەڕێوەبەر مامۆستا کەمال عەزیز ئەمین کردو، بەڕێزەوە وەڵامی داینەوە.**

**+ مامۆستا داواکاریتان چیە لە قوتابیان‌و بەخێوکەرانیان؟**

– داواکاریمان ئەوەیە کە دایکان‌و باوکان بەر لەوەی قوتابیان بهێنن بۆ ئێرە، پێشتر لە ڕێگەی خولی دەرەکی، یان خولی هاوینە، یان بە هەر جۆریکی دیکە ئاستی زمانی عەرەبی قوتابیان بەرزبکەنەوەو، گرنگی زۆر بدەن بەلایەنی زانستی شەرعی، هەروەها زۆریان لێنەکەن بۆ هێنانیان بۆ ئێرە.

**+ ئایا لەرووی چالاکی‌و پێشانگاو خول‌و کاری تەرفیهی چی بۆ قوتابیان دەکرێت؟**

– ساڵانە گەشتی بەهاری سازدەکرێت بۆ قوتابیان‌و، وێڕای کردنەوەی پێشانگایەك بۆ خۆشنووسی، ٢ سمینار لەسەربابەتی جیاواز لەلایەن کەسانی پسپۆڕو لە دەرەوەی پەیمانگا پێشکەشکراوە، ئەمساڵ تێکڕای قوتابیانمان بردووە بۆ مۆزەخانەی هەولێر، کە هەستمان کرد بەڕاستی کاریگەری هەبووە لەسەریان.

**+ مامۆستا ئێمە هیچمان نەماوە، ئەگەر ئێوە شتێکتان مابیٚ؟**

– سوپاستان دەکەین، سوپاس بۆ هاتن‌و بەرسەرکردنەوەکەتان.

# گەنج لەنێوان پێشان و ئێستاو داهاتوودا

# لەژێر عادات و تەقالیدو هەروەها لەڕوانگەی ئیسلامەوە

***

# (گەنج)ی پێشان و ئێستا

– گەنجی پێشان زۆر شەرمیان لەباوکیان هەروەها لەگەورەو ریش سپی دەکرد.. هی ئێستا موناقەشەو موجادەلەیان لەگەڵ دەکەن.

– گەنجی پێشان ئەگەر جگەرەیەکیان بکێشابا ئەوە لەپەناو قوژبنان دەیکێشا وەئەگەر کەسێك بینیبای جگەرەی پێیە تکاو ڕەجای لێ دەکرد کە لای باوکی یان براگەورەکەی باسی نەکات.. بەڵام هی ئێستا زۆر ئاساییە بەلایەوە گەر لەلای باوکی یان براگەورەی بیکێشێت.. وەلەوەش خرابتر خواردنەوەی ماددە کحولیەکان.. وەلەوەش خرابتر بە برا گەورەی گوتوە بە ویسکی دەعوەتت دەکەم!!.

– گەنجی پێشان برادەری مەشڕوبخۆر لایان کوفر بوو هەیانبێت.. هی ئێستا بەپێشکەوتن و سەقافەت و پێکەوە ژیان.. والحاصڵ ی بەجۆرەها بیانوو زۆر ئاساییە بەلایەوە گەر برادەری واشی هەبێت.. وەبەسەرخۆشی دێتەوە پێش بابی هەر شەرمێکیش لەخۆی ناکێشتەوە. لەفەرموودەی پیرۆز دا هاتووە: ((إذا لم تستحي فاصنع ماشئت)) ئەگەر حەیای نەبوو ئەوکاتە هەرچی بیەوێت ئەنجامی دەدات.

– گەنجی پێشان برادەری کچی نەبوو.. یان بەپێچەوانەوە کچ برادەری کوڕیان نەبوو.. هی ئێستا وەکو دەستوری خاریجی لێهاتووە.. لەڕێگەی جۆراو جۆر وەکو مۆبایل و تۆڕی کۆمەلأیەتی وەك فەیس بوك و چاتکردن و...هتد. بەڵکو شانازیش دەکەن دەڵێن: ئەوەندە برادەرەم هەیە..! لەفەرموودەی پیرۆزدا هاتووە: ((المرأ على ديني خليلة)) یان ((ألمرء مع من أحب))..

وەئەوەی ئێستا لێت دەقەومێ هەمووی لەئەنجامی برادەری خراپ لێت دەقەومێ.. ئینجا هەر ڕووداوو پێشهاتەو قەزیەیەك هەبێت..!!

– گەنجی پێشان عاشقاتی نەدەکرد.. وەئەگەر بشی کردبا ئەوە تەنها لەگەڵ یەك کەس عەلاقەیەکی دوور بەدووری دەبەستاو بەتەمای یەکتری دەبوون.. بەڵام هی ئێستا دڵی خۆی دەدات بە دەیان کەس.

– گەنجی پێشان شەرمیان بەخۆبوو سەیری ناموسی خەڵك بکەن.. هی ئێستا وێنەو ژمارەیان داخل دەکەن.. لەسەر ڕێگای قوتابخانەو خوێندنگاکان ئەوەستن..

– گەنجی پێشان مونافەسەیان دەکرد لە زیرەکی و لەخوێندن و دەرغ کردن.. هی ئێستا مونافەسەیانە: لە جل و بەرگ و سەرو سیماو نەشتەرگەری جوانکاری و مکیاج و جل و بەرگی سەیرو سەمەرەو سەرنج راکێش و سەیارەی مۆدێل بەرزو... هتد.

– گەنجی پێشان گەر باسی زانکۆ یان قوتابی زانکۆیان بکردبا بەجۆرێك سەرنجی دەدرایێ کە



مەلامسلم مەلاصالح فریزی

پێگەی پەروەردەیی و ئاستی زانستی بەرز لێ ی دەخوێندرایەوە لە کۆمەڵگاش ڕێزی تایبەتی خۆیان هەبوو.. هی ئێستا (لەگەڵ داوای لێبوردنم بۆ گەنجانی باش.. بەڵام) بونەتە گروپ گروپ و ناوی سەیرو سەمەرەی دوور لە خوێندکارو بەهای بەرزی مرۆڤایەتیان لەخۆناوە بۆنمونە وەکو: (گروپی عاشقانی زانکۆ) هەروەها (گروپی چاوەڕوانی تۆم) وەهەروەها (کچێك بۆ خۆشەویستی).. هتد. فـ(لا حول ولا قوة الا بالله).

– گەنجی پێشان دیاربوون.. هی ئێستا هەندێکیان لێکیان ناکەیەوە کە کچە یان کوڕە.. هەتا نەگەیتە تەنیشتی.

– گەنجی پێشان دەی نواڕییە جوانی ناوەڕۆك.. بەڵام هی ئێستا بەر لەهەموو شتێك دەڕواننە جوانی ڕوخسارو پێ ی هەڵدەخەڵەتێن.

– گەنجی پێشان لەمەجلیسی گەورە قسەیان نەدەکرد.. هی ئێستا لێی بگەڕێن خۆی خاوەن مەجلیسەو سەری ژوور دەگرێت.

– گەنجی پێشان شوکرانە بژێرو قانع بوون.. هی ئێستا سەرەڕای ئەو هەموو نازو نیعمەتەی کەتێیدانە.. هێشتانیش ناشوکری دەکەن و یانیش وەکو پێویست شوکرانە بژێری نیعمەتەکانی خوای گەورە نین.

– گەنجی پێشان قارەمان بوون.. هی ئێستا (هەندێکیان) سەرژنانی و.. قارەمانیەتەکەشیان کورتکراوەتەوە لەسەر ماڵەوەو دڵی دایك و باوك زامدارکردن و.. وەجاربەجاریش کۆمێنت و تەعلیق.. ئەویش لەپەنای ناوی خوازراوەوە.

– گەنجی پێشان پانتۆڕیان لا عەیب بوو لەبەری بکەن.. هی ئێستا سترێژو سێچارەگو...هتد. لایان زۆر ئاساییە.. إلا مارحم ربی.

– گەنجی پێشان ریش تاشین یان سمێڵ تراشینیان پێ عەیب بوو.. هی ئێستا جگە لەریش و سمێڵیان برۆشیان چادەکەن و مکیاجیش دەکەن.

– گەنجی پێشان بۆ کوڕان عەیب بوو هەموو جۆرە یاریەك بکەن.. ئێستا نەك کوڕ.. لەوە دەرچووە.. بگرە کچانیش بونەتە لاعیب و تایکواندۆو کەمال ئەجسام و..هتد. إلا مارحم ربی.

لەو هەولێرە کچ لەبەر ئەوەی باوکی لێ نەگەڕاوە بۆ لاعیبایەتی بڕوات بۆشارێکی ترو پێی گوتوە کچم ئەوە لە ریشی ئێمە ناوەشێتەوە.. کەچی کچەکە توڕەبووەو لە ڕقی باوکی هەڵساوە خۆی سوتاندوە.. فـ(لاحول ولا قوة الا باالله العلي العظيم).. کەوتوینەتە چ دەورو زەمانێکی..؟ پێشینانمان گوتویانە: خوایە نەمخەیە دەورو زەمانێك گەورە دەکەونە بنەبانان – گچکە دەدەنەوە جوابی میوانان.. ڕێك ئەوە ئەمڕۆیە.

واللە هەندێك وێنەو هەروەها وێنەی کاریکاتێری لەسەر گەنجان بڵاو دەکرێتەوە.. من بەو



پیاوەتیەی خۆم ئارەقەی پێ کردومە.. من بڕواناکەم یەکجاری بەو دەرەجەیە بێ.. من واهەست دەکەم کە (إفراط و تفریط)ی تێدایەو تا ڕاددەیەك زوڵم لە توێژی گەنج کراوە..

بەڵام لەهەمانکاتیشدا بەداخەوە دەڵێم: کە زۆریشی تەواوەو واقیعی ئەمڕۆی (هەندێك لە) گەنجانمانە.

– گەنجی پێشان ئەگەر دڵیشی بەکچێك وەبایە ئەگەر شووی بکردبایە ئیتر بەدوای ناموسی خەڵکەوە نەدەبوو دەستی لێ دەشوشتەو دەیگوت: تازە شووی کرد.. بەڵام هی ئێستا لەلای مێردیشی وازی لێناهێنێ.. دەیەوێت بەجۆرێك ئیحراجی بکات.. بەداخەوە!!

گەنجەکان لەوە دڵنیا دەکەمەوە کە مەسەلەی ناموس قەرزە زۆر ناسكو ترسناکە تکایە گاڵتە بەناموسی خەڵك مەکەن تا ناموستان پارێزراوبێت.. بەرامبەر بەناموسی خەڵکی دەست بەدەستنوێژو چاوو زمانو دامێن پاك بن.

– گەنجی پێشان فەعال بوون لە ئیش.. هی ئێستا هەموو شتێکی ئیستیراده.. هاوردەیە بۆی.. بۆنمونە: عەینەکی چاوی ئەمریکیە، کراسی یابانیە، قەڵەمی سەرگیرفانی مالیزیە، سەعاتی دەستی فەرەنسیە، ئەنگوستیلەو تورکیە، پانتۆڕی خەلیجیە، کراسی سینیە، مۆبایلی فنلندیە، نەعلو پێڵاوی ئیتالیە...هتد.

– گەنجی پێشان ڕەزیان بەخێو دەکرد.. هی ئێستا بە عەلاگە رزق دەکڕێ یان ئەویشی بۆ دەکڕدرێت.

– گەنجی پێشان جۆتیان دەکرد.. هی ئێستا بە پلی خۆی دادەوشێنێت.

– گەنجی پێشان شوانیو گاوانەتیان دەکرد.. هی ئێستا بێ ئیش لێ ی دەسوڕێنەوە.

– گەنجی پێشان ئاژەڵیان بەخێو دەکرد.. هی ئێستا تەیرو تواڵو کۆتر.

– گەنجی پێشان شەرمی بەخۆبوو بەخۆی داوای ژن بکات.. هی ئێستا هێشتان مناڵەو خۆی داوای ژن دەکات..

ئینجا لێرەدا خۆ ئەگەر ڕاستیەکیشت دەوێ خۆ واللە ناحەق نینە.. برام هەر چواردەوریان ئاگر بارانە.. خوا ڕەحم بەحاڵیان بکات.

– گەنجی پێشان باش باشو هەروەها باشو خراپو مام ناوەندیان هەبوو.. بەڵام هی ئێستا یان ئەوەتە باشە یانیش خراپ.. مام ناوەندیان نەمایە.

– گەنجی پێشان خۆشۆردنیان لەسەربایە دەچوونە ڕووباری وە ڕەنگە شەختەیان دەشکاند خۆیان دەشۆردو نوێژی بەیانیانیان نەدەچوواند.. هی ئێستا لە پێخەفی گەرمو نەرمو حەمامو ئاوی گەرم ئینجا نوێژی بەیانی دەچوێنن.

– گەنجی پێشان گەر نوێژیان بکردبایە بەردەوام بوونو وەکو پێشینانیشمان گوتەنی سەری بچێت نوێژی ناچێت.. بەڵام هی ئێستا حەفتەیەك نوێژ دەکات دوو حەفتە نایکات.. یان ڕەمەزان بچێتە مزگەوت وادائەنێت ١١یانزە مانگەکەی تر عەفووە.

– گەنجی پێشان لەگەڵ ئەوەی کە مزگەوت نەبوو وە خوێندەواریش کەم بوو ئینجا لەقۆناغی بنەڕەتی یەوە قورئانی دەزانی، ئەگەر هەمووشی نەزانیبا هەندێکی هەر ئەزانی.. بەڵام هی ئێستا نەك بنەڕەتی لە قۆناغەکانی دواناوەندیو پەیمانگاو زانکۆو..هتد. خەریجەو خاوەن شەهادەیە نازانێت قورئان بخوێنێتەوە.

توخودا پێم بڵێن: ئەگەر خوێندەواریەك بۆ دین نەبێت بۆچی باشە؟؟؟

– گەنجی پێشان هەر لە منالیەوە دەچوونە بەر قورئان.. هی ئێستا بۆ بەر ئینتەرنێتو فەیسبوكو مۆبایلو ئەتاریو تۆپانێو.. هتد.

– گەنجی پێشان کچو کوڕ تێکەڵ نەدەبوون تەنها بۆ ئیشی هەرەوەزیش هەریەکەو لەلایەك خەریکی کاری خۆیان دەبوون. بەڵام هی ئێستا جگە لە ئاهەنگو شوێنەکانی خوێندنو پارکو..هتد. بگرە لە کافتریاو مۆڵەکانو..هتد. بەو پەڕی ناشیرینی تێکەڵ دەبن..!!!

بۆیە حاڵمان بەمە گەیشت بەداخەوە.. هەرچی ڕووداوو کاریسەی گەورەی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتی هەیە هەر هەمووی لە (إختلاط) تێکەڵاوی ڕوودەدات!!!

– گەنجی پێشان تەوقەکردن لەگەڵ ئافرەت پێیان تاوانێکی زۆر گەورە بوو (کە لەراستیشدا هەر وایە).. بەڵام هی ئێستا تەوقەکردنو دەست لە ملانێو وەجاری واشە ماچ کردن بەلایانەوە ئاساییەو نەك هەر ئەوەندەش بەڵکو بەلایانەوە سەقافەتە (والعیاذ بالله من مکر الشیطان وکیده لي ولکل المسلمین).

– گەنجی پێشان قارەمان بوون هی ئێستا پێم بڵێن لاسامح الله ئەگەر شتێك ڕوو بدات چۆن دیفاع لەخاكو وڵات دەکەن.. ئەوە گریمان لە جیهادو دین هەر بگەڕێ؟؟؟ ئایا بە نەرگەلەو سەرخۆشیو حەب خۆریو پانتۆری تەسكو تریسكو مکیاجو پرچ درێژکردنو سمێڵ تراشینو برۆ کردنو ریاگو نەعلو شیش تکەو لەفە خواردنو گەڕانو سوڕانو.. یان بە چیتر؟؟؟

واللە وامان لێهاتووە وەکو ئەو بەیتە شیعرەی کە دەڵێ: (أسد علي وفي الحرب نعامة)..!

– گەنجی پێشان گەر شتێکی نامۆی لەبەر با دەیانگوت ئەوە غەیرە دینە.. هی ئێستا گەنجێك بەپێش دوو پیاوی بەتەمەن دا تێپەڕیبوو وایەر لێسی لە گوێ بوو، مۆبایلی بەدەستیەوە بوو، کابۆیەکی سێچارەگی تەسکی لەبەر بوو فانیلەیەکی نازانم خۆت بڵێ چۆنی لەبەر بوو.. یەك لە پیاوەکان گوتی: سەرنج بدە واللە ئەو ئەوروپیانە ئێرەیان پیس کردیە؟ ئەوەکەی تر گوتی نا کاك فلان ئەوە ئەوروپی نیە ئەوە کوڕەکەی منە..! مهەه.. ئەوجا وەرە لە جیاتی فرمێسك خوێن لە چاوەکانت نێ.

– گەنجی پێشان شەرمیان بە پێگەی بابو باپیریان بوو.. هی ئێستا (هەندێکیان) هەر حیساب بۆ ئەو لایەنانە ناکەن.

هەموو سەردەمێك گەنجیان کردوەتە قوربانی.. بەڵام قوربانی ئەوجارە وەکو هیچ جارەك نییە ئەگەر گەنج نەیەنەوە هۆش خۆیانو ڕوو لەدینی ئیسلام نەکەنەوە وڵاتەکەمان بەرەو هەڵدێر دەچێت..!

ئومێدەوارم ئەو نەخۆشیو ڤایرۆسانەی هەیە وەبەتایبەت لەخودی گەنج دەئاڵێن گەنجانی ئێمە خۆیان لێ ی بەدووربگرن.

* ئینجا هەروابێتەوە:

گەنجو عەقیدە.. گەنجو لایەنی دینی.. گەنجو لایەنی کۆمەڵایەتی..

لەشوێنێك گەنجێك دکتۆری سەرسام کرد لەژێر بەنجی نەشتەرگەری قورئانی دەخوێندەوە.. هی ئێستا منە منی گۆرانیان ئەگەر بێت.. تورکیو عربیو فارسیو ئینگلیزیو هەموو سەروگێلاکی گۆرانیەکانیش دەشکێنن ڕەنگە خۆشیان نەزانن چی دەڵێن.

– ئینجا بەرهەڵدانی چاو لەو کچ بۆ ئەم کچ (یان لەم کوڕ بۆ ئەو کوڕ).. هەروەها لەوشاشە بۆ ئەوشاشە..

– گەنجی پێشان لایان عەیب بوو بەرۆژ بنوون.. هی ئێستا زۆر ئاساییە بەلایەوە.

– گەنجی پێشان یارمەتی باوکی دەدا.. بەڵام هی ئێستا ئەگەر بە قسەش وەنەڵێ رەفتارەکەی ئەوە دەسەلمێنی.. دەڵێ: ئەوەتەی باب پێ ڕاگەیشتووە کوڕ ئیسراحەتی کردووە.

– گەنجی پێشان تەمبەڵ نەبوو، دەستو پێ سپی نەبوو.. هی ئێستا چاویان بڕیوەتە دەستی باوکو برا، وەجاری واشە دایكو خوشك، یانیش ئەوەتەیە چاویان بڕیوەتە معاش.

– گەنجی پێشان یارییەکی حەشایارانەیان دەکرد.. هی ئێستا جگە لە ئەتاریو فیشەو بلیاردو هەروەها کۆنکانو تاوڵەو.... ئینجا سەیری تۆپانێ تا ئەو ئاستەی لەجێوە شەڕ دەفرۆشن بەیەکتری لەسەر لاعیبی خەڵکی.

– لەناو گەنجی پێشان کەسێك وەکو نەخۆشیەکی ناو توێژی گەنجەکان بوو.. هی ئێستا وێرانە (إلا مارحم ربي).

– ئینجا بەراستی لەکۆتاییدا دەبێ هەموو لایەك دەرك بەو حەقیقەتە بکەین کە زێر لای زێرینگر بەقەدرە گەر بێتوو بیدەیتە دەستی تەنەکەچی ئەوا دەیداتە بەر چەکوشان... بەهەمان شێوەش گەنج لە ئیسلامدا بەقەدرو خاوەن پێگەو ڕێزە.

*** دیاری بابەت.. شاعیرێك دەڵێ:**

**گەنجێك پێکەنی بە ڕیشی پیرێك**
**وەڵامی داوە لەولاوە ژیرێك**

************

**مەڕوانە ئەمڕۆ کە شۆخی بەناو**
**پیرم زۆر دیوە لەسەر گۆڕی لاو**



# بنەماکانی هاوڕێیەتیو چەند سەرنجێك..!

م. عومەر ئەحمەد

هەڵبەتە شتێکی روون ئاشکرایە لای هەموو موسڵمانێك کە ئادابو رەوشتو بەهای هەرە گرانگی کۆمەڵگەی ئیسلامین، هاوڕێیەتیش یەکێکە لەم بنەمایە سەرەکیانەی کە پێویستە باوەڕدار زۆر بە گرنگیەوە مامەڵەی لەگەڵ بکات، بۆیە زۆرێك لە زانایان لە هەموو کاتو سەردەمێکدا لێ دواونو باسیان کردووە چەندین نووسراوی گەورەو فرە بەرگیان لە بارەیەوە نووسیوە.

جا ئەگەر بە وردی سەرنجی واقعی ئەمرۆی موسڵمانان بدەین دەبینین موسڵمانان بە شێوەیەکی روونو لەبەر چاوو لە هەڵبژاردنی هاوڕێیان هەڵەیان کردووە بە تایبەت گەنجانمان.

گومان لەوە دانیە هەموو کەسێك لە ژیانی رۆژانەیدا پێویستی بە هەڵبژاردنی هاوڕێی تایبەتی خۆی هەیە، جا پێویستە لەسەر موسڵمانان کە لەگەڵ کەسانێك هەڵسوکەوت بکەن، کە قورئانو سوونەت بۆی دیاری کردووینو شیاوی هاوەڵێشین، لێرەدا بە پێویتسی دەزانم تیشك بخەمە سەر چەند خاڵێك:

یەکەم: پێویستە موسڵمان ئەو کەسەی کە دەیکات بە هاوەڵو برادەرو دۆستی خۆی خواناسو بڕوادار بێت، هەروەکو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (لا تصاحب إلاّ مؤمناً).

دووەم: لە کاتی نزیك بوونەوەی هەر کەسێك بە مەبەستی هاوڕێیەتیو برادەرایەتی، یەکەم خاڵ کە پێویستە لێی بکۆڵیەوە بزانە مەبەستی چیە؟ ئەگر زانیت مەبەستی رەزامەندی خوای گەورەیە ئەوە تۆش لێوەی نزیك بەرەوەو بیکە بە دۆستو برادەری خۆت، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو واتە مەبەستێکی تری هەبوو ئەوە خۆی لێ دوور بگرە.

سێیەم: هەوڵدە ئەو کەسەی کە هەڵی دەبژێری خاوەن زانستو زانیاری بێت، چونکە لەگەڵ کەسانی خاوەن زانستو زانیاری زیاتر سوومەند دەبیت.

چوارەم: با ئەو کەسەی هەڵیدەبژێری رەوشت جوانو بەرز بێت، چونکە مرۆڤ لەگەڵ کێدا هەڵسوکەوت کات، خوو رەوشتی ئەو وەردەگرێت، هەر بۆیە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (المرء على دين خليله فلينظر أحدكم من يخالل) رواه أحمد.

واتە: مرۆڤ لەسەر ئایینی هاوەڵەکەیەتی جا با تەماشا بکەن بزانن کێ دەکەن بە دۆستو هاوەڵی خۆتان.

پێنجەم: کاتێك هاوەڵێتی موسڵمانێکت کرد رێزی تەواوی لێ بگرە پاشان بەناوێکی جوانەوە ئەوەی کە پێی خۆشە بانگی بکەو لەکاتی پێویستدا یارمەتی بدە ئەگەر توانین هەڵدە کێشەکانی بۆ چارەسەر بکە.

شەشەم: کاتێ دۆستەکەت هەڵەیەکی بەرانبەرت کرد لێی ببورە، چونکە ئەو لێبوردنە دەبێتە مایەی پتەوبوونی هاوڕێیەتی کردنو چاکردنەوەی هەڵەکەی.

حەوتەم: داپۆشینی هەڵەو عەیبو کەمو کوڕی هاوڕێیەکەت بە یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی هاوڕێیەتی دەژمێردرێت، چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (من ستر مسلماً ستره الله يوم القيامة) رواه المسلم.

واتە: هەر کەسێك عەیبو کەمو کورتی موسڵمانێك داپۆشێت ئەو خوای گەورە لە رۆژی دواییدا عەیبو کەمو کوڕیەکانی ئەو دادەپۆشێت.

هەشتەم: ئەگەر هاوەڵەکەت دیار نەبوو یاخود بێ هەواڵ بوو، ئەوە پێویستە هەواڵی بپرسیو سەردانی بکەی، وە ئەگەر هەستت کرد، کە غەمبارە دەبێ لێی بپرسیو دڵی بدەیتەوە، بەپێی توانا یارمەتی بدەی بۆ ئەوەی بزانیت کە تۆ غەمخۆری ئەوی، بەمەش هاورێتیتان پتەوتر دەبێت.

نۆیەم: دەبێ لە هاوکایەتیدا گیانی برایەتیو هاوکاری بوونی هەبێو بەردەوامیش لە هەوڵی ئەوە دابن کە کاری خێرو چاکە ئەنجام بدەنو لە شتە خراپو ناشیاوەکان خۆیان بەدوور بگرن.

دەیەم: دەبێ ئەوەش بزانین کە هاوڕێیەتی کردنی یەکتر ئەجرو پاداشتی زۆری هەیە لای خوای گەورە، بۆیە دەبێ ئەو چاوەڕوانیە لە هاوڕێیەتی رەنگ بداتەوە، چونکە ئەوانەی لە پێناوی خوا هاوڕێیەتی یەکتر دەکەنو یەکتریان خۆش دەوێت، ئەوە بە پێی فەرموودەی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) دەبنە خۆشەویستو نزیکی خوای گەورە.

بۆیە هیوادارم ئەو چەند خاڵەی سەرەوە بکەینە بنەمای سەرەکیو گرنگی ژیانی خۆمان لەبواری هاوڕێیەتیدا، بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵەی ناڕەواو، هەمیشەش بەختەوەرو سەرفرزا بین.





# جلوبەرگ
# پۆشاكی مرۆڤانە بەخشیی خوای میهرەبانە

ئا : م. پشتیوان جاف

شیعر

**پیاو و ئافرەت لەیەك سەرچاوە لاشەیان**
**هەردوو لەگڵ خوڵقاوە**
**گیانی پێبەخشین خودا بۆ ژیان یەك بەبێ**
**ئەوەی تر ناتەواوە**
**ئەی كیژۆڵەكەی تازەی ناو ژیان خۆ دەرخستن**
**حەسرەتەو گریان**
**تۆ زۆر بەرێزی پەرژین كە باخت بەهرەی**
**خۆت مەخە بەرچاوی گورگان**

بەرگو پۆشاك یەكێكە لە پێویستیە گرنگو سروشتیەكانی مرۆڤ ئەویش پێویستیەكەی كەمتر نییە لە خوردانو نوستنو... هتد، بێگومان هەریەكە لەو پێویستیانە لایەنێك یان چەند لایەنێكی ژیانی رۆژانەی مرۆڤەكە دابینو مسۆگەر دەكات.

چۆن خواردنو خواردنەوە هۆكاری گەشەو بەردەوامی زیندەگییە هەروەها نووستن ساباتی حەوانەوەی هزرو لاشەی شەكەتو ماندووە ئەوا بەرگو پۆشاك جگە لە هۆكاری نمایشكردنی جوانی مرۆڤ داپۆشەری عەورەتو جەستەیەتی وە كالآی پاراستن لەشیەتی لەگۆرانكارییە راستەوخۆو ناراستەوخۆكانی ناوەندی ژینگەكەی پەردەیەكی ئالۆ والآی پێشانگەی زینەتی ڕوخسارو دیمەنی ناوازەیەتی بەو شێوە تایبەتیەی لەسەری بەدیهێنراوە لەرووی دیارو نادیاریەوە ﴿+ , - . / 0﴾،

بەرگو پۆشاك شكۆمەندیو گەورەیی مرۆڤ دەپارێزێت وەك بەدیهێنراوێكی بەرزو رێزلێگیراو خاوەن ویستو خواستی نایابو ئازاد لە هەڵبژاردنی بەرگو پۆشاكدا بەپێچەوانەی دروستكراوەكانی تری بوونەوەرەوە، كە هەر لەبنەرەتدا بەبێ ویستو خواستی خۆیان بەرگیان تێوە ئاڵێنراوە هەر لەو بەرگە هەوایەی بەدەوری زەویدا هەیە تابەرگی بەروبومە ڕووەكیەكانو ئاژەڵو گیاندارەكان.

هەڵبەت ویستو ئیرادەی ئازادانەی مرۆڤ لەهەڵبژاردنی ڕەنگو جۆری بەرگەكانیدا بەخشیشێكی پەروەردگارە بۆ مرۆڤەكانو رەهەندی تری تیادا بەرجەستەدەكرێتو لێخوێندنەوەی دیكەی بۆ راڤە دەكرێت.

شایانی ئاماژە پێدانە هەوڵی مرۆڤ بۆ نوێگەریو تازە پۆشیو جوان پۆشی لەبەرگو پۆشاكەكانی دا بەرهەمێكی دیكەی شكۆدارییی مرۆڤە لەڕووی جیاكردنەوەی ئادەمیزاد لە بونەوەرەكانی تری گەردوونە وە پسۆلەیەكی هەستی ناسكی مرۆڤەكانە بۆ تێڕوانینی گەشبینانە لەبەرامبەر ئاسۆی ئومێدو ئاواتە ڕوونەكانی ژیانی پڕ لەسەروەریو سەرفرازیی ئیستاو ئاییندە، جیاوازی بوونی سایكۆلۆژیو فەسیۆلۆژی نێوان ئافرەتو پیاو لە زۆربەی ڕووكارەوە جوانییەكی تری بەم ژیانە بەخشیوە وە كاری سەرەكیە لە جیاوازی خستنە گەڕی خواستو ویستە ئازادەكانیان لەهەڵبژاردنی بەرگو كالآی تایبەت بە هەریەكەیانو ڕەنگدانەوەیەكە لەسەدان ڕەنگدانەوەی تری زانراوو نەزانراوی ئەوتۆ، كە پابەندن بەجیاوازیە بنەڕەتیەكانەوە لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵە چڕوپڕانەی بەناوی ئازادی ڕەهای ئافرەتو پڕەنسیپی ڕێكخراوەیی ڕەگەزی مێینەو قاڵەی دەزگاكانی ڕاگەیاندن بۆ بەزۆر یەكسانی كردنی ئەو دوو ڕەگەزە جیاوازەی مرۆڤ تائیستاش نەیتوانیەوە خشتێك لەدیواری پۆلآینی زەوقو ئیرادەی ئازادانەی مرۆڤ بڕوخێنێت سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەو ڕەنگو شێوەی هەریەكە لەو دوو ڕەگەزە لەناخەوە دەیخوازێت پێی ئاسودە دەبێت.

بۆ نمونە لەسروشتی پێكهاتەی ئافرەت، كە بەچەند قۆناغیكدا دەڕوات ئەو بوارە درێژخایەنەی پێ نادات كە بەرگی پیاو لەبەری بكات چونكە شتێكی نامۆیە حاڵەتەكەش ڕێژەییە ئەو ڕێژەییەش یان لەڕووی زەمەنەوەیە یان لەڕووی برەوەوەیە یان لەڕووی ژمارەوەیە بەدەربڕینێكی سادەتر (مۆد)ێكەو چاخی بەسەردەچێت دواتر بەشێوەیەكی ئاسایی لەكاتی بۆنەو ئاهەنگەكاندا ئۆتۆماتیكانە دەچێتە سەرباری سروشتیو بنەڕەتی خۆیو دەیەوێت حەقیقەتی ڕاستەقینەی خۆی دەربخات ئەمەش بۆ ئافرەتو پیاو وەكو یەك وایە ئەمە خواستێكی بنچینەییو سروشتی مرۆڤەكانە بەبێ ئەوەی فەرمانی كەسێك ئەوەی واجب كردبێت بەڵكو ئەمە بارێكە لەسەر دیوارەكانی كۆشكی (فیطرەت) نەخش كراوە تاكو هەریەكە لە دوو ڕەگەزەكەی مرۆڤ وای خواستبێتو وای بخوازێت.

لەمانەوە بۆمان دەردەكەوێت، كە بەرگو پۆشاك یەكێكە لە فاكتەرە جیاكەرەوەكانی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەقۆناغەكانی بەرەوپێش چوندا وە ویستێكی خوای گەورە بووە بۆ ئادەمیزاد، كە دەبێت داپۆشراو بێت بە پۆشاكو جلوبەرگی شیاوو گونجاو وە بەخششو نیعمەتێكی خوای گەورەیە بۆ مرۆڤ لەدنیادا، كە دەفەرمووێ: ﴿ D E F G H I J K L N O P Q S T U V W X ﴾، واتە: ئەی نەوەی ئادەم ئێمە ئەو پۆشاكەمان بۆ ناردوون، كە عەورەتی خۆتانی پێ داپۆشن پۆشاكی جوانیشمان بۆتان ناردووە پۆشاكی پارێزگاری (تقوی) ئەوە بۆ ئیوە چاكەو پیرۆزە ناردنی پۆشاك لەنیشانەكانی دەسەڵآتی خوایە تا ئامۆژگاری وەرگرن.

لەو كاتەی كە خوای گەورە ئادمو حەوای لە بەهەشتاكردنە دەرەوە ئەندامەكانی لەش (عورە)یان بەدەركەوت، خوای گەورە گەڵآی دارەكانی بەسەردا وەراندن بۆ ئەوەی ئەندامەكانی لەشیان پێ دابپۆشن، هەروەك ئەم ڕاستییە لەسورەتی (الاعراف) ئایەتی ٢٢ ﴿فَلَمَّا ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ بَدَتۡ لَهُمَا سَوۡءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِۖ وَنَادَىٰهُمَا رَبُّهُمَآ أَلَمۡ أَنۡهَكُمَا عَن تِلۡكُمَا ٱلشَّجَرَةِ وَأَقُل â إِنَّ â لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ بەدیاردەكەوێت. دەگەینە ئەوڕاستیەی، كە مەبەستی خوای گەورە لە بەكارهێنانی جلوبەرگ داپۆشینی عەورەتی مرۆڤ بووە، وە لەهەمان كاتیشدا لەماددەی پاك دروست كرابێت.

ئاشكرایە عەورەتی پیاوان لەنێوان چۆكو ناوك دایە (السرة الركبة) وەهی ئافرەتانیش سەرتاپای جەستەیانە تەنیا دەستو دەمو چاوەكانیان نەبێت ئیتر بەكام شێوەو بە چ جۆرە شێوازێكو بەكام ڕەنگ ئەوانە هەمووی بۆ ئازادی شەخشی بەجێ دەمێنێ لەسەردەمی حەزرەتی ئادەمەوە ئەم ڕێسایە پەیرەوكراوەو دەكرێت تا رۆژی دوایی.

جا لێرەدا جێگای خۆیەتی باسی ئەوە بكەین، كە ئیسلام هیچ كاتێك جۆرە جلوبەرگێكی تایبەتیو بەناوی جلوبەرگی ئیسلامی فەرز نەكردووە، بەڵكو پۆشتەیی لە مرۆڤ داوا كردووەو پۆشتە بونیش مۆركو سیمایەكی شارستانیەتو پێشكەوتنی مرۆڤە بۆیە شتێكی ئاساییە، كە مرۆڤی موسڵمان جلوبەرگی ئاساییو رێكوپێكی دەست كردی هەر وڵآتێك بەشێوەی شەرعی خوا لەبەر بكات، ئەوەتا پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەربێت) لەلایەن پاشای ڕۆمەوە فەروایەكی قۆڵ درێژی بۆدێتو لەبەری دەكات هەروەكو ئەنەس كوری مالیك بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێ: (ان ملك الروم اهدی للنبی( d ) مستقه من سدی فلبسها).

ئیبن القیمی جەوزی لەبارەی جلوبەرگی پێغەمبەر( d ) دەفەرمووێ: (فلبس في كل موطن ماينا سبە) هەروەها دەفەرمووێ: (ان هدیە في اللباس ان یلبس ماتیسر من اللباس) لە هیچ سەرچاوەیەكی مێژوویی نەزانراوە، كە پێغەمبەر( d ) داوای كردبێت، كە واز لە جلوبەرگی نەتەوەكەی خۆیان بهێنن كاتێ، كە موسڵمان دەبون یان جلو بەرگی عەرەبی لەبەر بكەن... (ولم یات عنە انە) ( d ) (نهي وافدا علیە من العجم عن زیهم وندبهم الی زي العرب) بۆ ئێمەی كوردیش جێگەی خۆیەتی شانازی بە جلوبەرگی كوردانەی خۆمان بكەینو ئاوڕێكی جددی لێ بدەینەوە جا چ جلوبەرگی پیاوان وە یان ئافرەتان بێت، بەداخەوە كە لەم ڕۆژگارەدا بەرگی كوردی بەشێوەیەك نامۆ بووە تەنها لەبۆنەكانی وەك نەورۆزو ڕاپەریندا دێتەوە بیرمان ئەو كاتەش بۆ سەیرانو وێنە گرتنو یان بۆ گەرم كردنی پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندن لەبەردەكرێت. كەواتە با نەوەكانی خۆمان زیاتر ڕابهێنین، كە پابەندبن بەم جلوبەرگە كوردییە جوانو ڕێكوپێكە، كە جگە لەوەی سیمایەكی نەتەوەیی بە وڵآتەكەمان دەبەخشێت لەهەمان كاتیشدا مافێكە پێغەمبەری ئیسلام( d ) بەئێمەی بەخشیوە.

لەكۆتاییدا چۆن لە دونیا بەخششو خەڵآتێكی خوایە ناردنی پۆشاك بۆ مرۆڤ هەروەها وەك مژدەیەك باسكراوە بۆ بڕواداران لە رۆژی دواییو بەهەشتدا هەروەكو خوای گەورە لە وەصف كردنێكی بەرگی بەهەشتیەكاندا دەفەرموێت ﴿عَٰلِيَهُمۡ ثِيَابُ سُندُسٍ خُضۡرٞ وَإِسۡتَبۡرَقٞۖ وَحُلُّوٓاْ أَسَاوِرَ مِن فِضَّةٖ وَسَقَىٰهُمۡ رَبُّهُمۡ شَرَابٗا طَهُورًا﴾ سورەتی الانسان (٢١) واتە: لەسەرویانەوە جلوبەرگی رازاوەو جوانو سەوزو ڕەونەقدار دانراوە، كە لەئاوریشمی تەنكو ئەستور دروست كراوە لەگەڵ نۆشكردنی خواردنەوەیەكی پاك، كە دەست پیسی نەكردبێت.

بەراستی ئەم یاسایەی خوای پەروەردگار لەبارەی پۆشاكەوە دایناوە نیعمەتێكی گەورەیە بەئێمەی بەخشیوە پێویستە سوپاس گوزاری خوابكەین.



# تاوانی بەناو (ئەنفال)و هەڵوێستی ئەمریکاو هاوپەیمانان

**م. محمد مەلا محمود تاوگۆزی**

ئەنفال زۆری لەسەر ووتراوە ونوسراوە، بەڵام من لێرەدا پێم باشە باس لە لایەنێکی دیکەی ئەو ڕووداوە بکەم، ولە زمانی ئەمریکییەکان خۆیانەوە شارەزای هەڵوێستی وڵاتێکی زلهێزی وەك ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی ببین، تاکو بزانین ئەوان تا چەندە خەمخۆری گەلی چەوساوە وستەمدیدەی دونیان؟ کە بەداخەوە کورد ئەمڕۆ تەواو خۆی تەسلیمی ئیرادەی ئەمریکا کردووە، وهاوپەیمانان وەك تاکە پاڵپشت وخەمخۆر دەزانن.

بۆ ئەم مەبەستەش گەشتێکم بەناو کتێبی (ئەمریکاو ئەنفال/ نوسینی سەمانساپاوەر)دا کرد، کە کتێبێکی قەبارە مامناوەندی (١٥٠) لاپەڕەییەو، بەڕێز (بەختیار کەریم) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی، و لە دەزگای چاپ وپەخشی (سەردەم) ساڵی (٢٠٠٨) لەچاپدراوە.

کتێبی (ئەمریکا وئەنفال) لە نوسینی (سەمانسا پاوەر)ە، کە لەساڵی (١٩٧٠) لە (ئیرلەندا) لە دایك بووە، پاشان لە تەمەنی (نۆ) ساڵی لەگەڵ خێزانەکەیدا چوەتە وڵاتە (یەکگرتووەکان)، دەرچووی زانکۆی (یەیڵ) وبەشی (یاسا)ی زانکۆی (هارڤەرد)ە، مامۆستای (مافی مرۆڤ)و (سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا)یە لە خوێندنگەی (جۆن کەنەدی) لە زانکۆی (هارڤەرد)، وە هەر لەو زانکۆیەدا (سەنتەری کار بۆ مافی مرۆڤ)ی دامەزراندووە، لە ساڵەکانی (١٩٩٣-١٩٩٦) لە (یوگسلافیا)ی جاران هەواڵنێربووە بۆ هەریەکە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی: (بۆستن گلۆب، ئیکۆنۆمیست، نیو ڕیپەبلیك). ئێستاش لە (وینسرۆپ) لە (ماسەچیوتێس) دەژی.

ئەم کتێبە ناوازەیە لەبەر گرنگی وبایەخی زۆری، بەڕێز (بەختیار کەریم) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی، چونکە وەك وەرگێڕ خۆی دەڵێت: (ئەم وەرگێڕانە ناساندنی یەکێکە لەو کارە دەگمەنانەی لەسەر ئەنفال، کە لە زانکۆکانی جیهاندا ئەنجام دراوون)، وە چەند حەقیقەتێکیشی باسکردووە کە (نە سیاسیەکانمان بوێری دەکەن باسی بکەن، ونە ڕۆشنبیرەکانمان). بۆیە ئێەش بە باشمانزانی کورتەیەك لەبارەی ئەو کتێبەوە بدوێین، بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی کورد چمکێکی ئەو حەقیقەتانەیان لا ئاشکرا ببێت، وبزانن ئایا ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دۆستی ڕاستەقینەی ئێمەن؟!

برای وەرگێڕمان لە ستایشی (سەمانسا پاوەر)ی نوسەری ئەم کتێبەدا دەڵێت: (ئەم کتێبەی بەردەستتان نوسینی ژنێکە کە بە واتای وشە مەزنە وشایانی ڕێزە، نوسینی ژنێکە کە ئەمریکای لە هەستیارترین جێگەدا هەژاند، هەموو ئەو درۆیانەی والأکرد کە ئەمریکامان وەك فریادڕەس ودۆستی قوربانی بۆ نمایش دەکەن، "سەمانسا پاوەر" بە کتێبە پڕ فرۆش وخەڵاتەکەی (گرفتێك لە دۆزەخەوە: ئەمریکاو سەردەمی جینۆساید) ویژدانی بیماری ئەمریکای لەجیاتی جارێك هەشت جار کولاندەوە، هەشت جینۆسایدی سەدەی بیستەم کە "سەمانسا" بە سەدەی جینۆساید ناوی دەبات، یادی ئەمریکا وئەمریکیەکان دەهێنێتەوە کە لەسەر هەریەکەیان بێدەنگی و هیچ نەکردنیان هەڵبژارد).

نووسەر چەند ڕاستیەکی تاڕادەیەك شاراوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، و لەسەر چەندین تەوەر دەدوێت، بەڵام ئێمە لێرەدا خاڵبەندی بۆ دەکەین وچەند تەوەرێکی دەستنیشان دەکەین، کە گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن:

١- ململانێو شەڕی ناوخۆ: نوسەر لە زمانی (هەیوود ڕانکین) کە پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە سەفارەتی ئەمریکا لە بەغداد و ساڵانە چەند جارێك سەردانی ناوچە کوردیەکان دەکات دەگێڕێتەوە ودەڵێت: (کوردەکان بێ ئەندازە ملۆزم وکەلە ڕەقن، واز لە خەڵکی دیکە بهێنە ئەوان لەناو خۆیاندا کۆك نین، یەك لەگەڵ ئەوی تردا هەڵناکات، بەڕاستی ئەستەمن، کابوسی ڕاستەقینەن لە مامەڵ کردندا). پاشان (سەمانسا) دەڵێت: (بە درێژایی دەیان ساڵ لە دەردەسەری و جەنگ، کوردەکانی عێراق بە تەنها نیگەرانی دەسەڵاتداری زاڵم و هاوپەیمانێتی نەبوون، دەبوایە چاوێکیان لەسەر یەکتر بوایە، لە ململانێدابوون، بگرە لەگەڵ یەکدا بە شەڕ دەهاتن، هەمان هێندەی لەگەڵ دوژمنەکانیاندا دەجەنگان وهەوڵیان دەدا لە بەغداد خۆیان ڕزگارکەن، پەیامنێری "واشنتن پۆست" "جۆناسان ڕاندڵ" دوژمنایەتی نێوان "بارزانیو تاڵەبانی" وەك دەقی خۆرهەڵاتی دوژمنایەتی نێوان "هاتفیلدو مەکۆی"یەکان ناوزەدکردووە).

٢- ناساندنی کورد لەلایەن ئەمریکاوە: (پیتەر گالبرێس) کە ئەندامی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەمریکایە لە ئەنجومەنی پیران، کوردی وەکو: (یاخی بوو، و بەرهەڵستکارو، هاوپەیمانی ئێران، ئاماژەی بۆ کورد دەکرد).





وە هەروەها لە ڕاپۆرتێکی (نیویۆرك تایمز)دا لە مانگی (نۆ)ی (١٩٨٧) (ئالان کاول) ئاماژەی بەوەدابوو کە: (عێراق لە "شەش" مانگی ڕابردوودا نزیکەی "٥٠٠" گوندی بە "داینامایت" تەقاندۆتەوە، بەڵام شاڵاوەکانی وەك کوشتاری خەڵکی بێ تاوان لە قەڵەم نەدەدا، بەڵکو وەك هەوڵی توونـد بۆ نەهێشتنی پەناگەی یاخیبووانی کورد) لە قەڵەم دەدا.

٣- هەڵوێستی ئەمریکا بەرانبەر ئەنفال و تاوانەکانی دیکەی دژ بە کورد: (لاری پۆپ) سەرپەرشتیاری نوسینگەی (عێراق- ئێران) لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەڵێت: (ئێمە دەمانزانی کە شتێکی سامناك ڕوودەدات، دەمانزانی کە "عەلی حەسەن ئەلمەجید" سەرپەرشتی کوشتارەکە دەکات، وێنەی سەتەلایتمان هەبوو پیشانی دەدا کە چۆن گوندەکان تەفروتوتا دەکران). وە هەروەها ڕاپۆرتی ساڵی (١٩٨٧)ی ناپۆلێنرکراوی "unclassified" مافی مرۆڤی وەزارەتی دەرەوە دەڵێت: (کوشتارو وێرانکاریەکی بەربلاوی گوندە کوردیەکان هەیە، ڕاگواستنی بەکۆمەڵی زۆرەملێ وئاوارەکردنی کوردەکان بۆ ناوچە ناکوردیەکانی دیکەی عێراق لە گۆڕێیە). بەڵام سەرەڕای ئەم زانیارییە بەرفراوانانەی لەسەر ڕاستیەکان، باڵوێزخانەی ئەمریکی لە عێراق وێرانکاری گوندەکان وڕاگواستنی وەك شتێکی ڕەوا وکاتی لە قەڵەم دەدا، باڵوێزخانە جەختی لەوە دەکردەوەکە (ئەلمەجید) بەم زوانە کۆتایی بە شاڵاوەکانی دەهێنێت، باڵوێزخانە لە تێلێگرافێکدا نوسیویەتی: (لەجیاتی ئەوەی بۆ هەر گوندێك بەتالیۆنێك سەرباز بە فیڕۆبدرێت گوندەکان دەڕوخێنرێنو دانیشتوانەکەی لەجێگەی دیکە نیشتەجێ دەکرێن، پاشتر ئەمە هێواش دەکرێتەوە ولە هاویندا دەوەستێنرێت).

(سەمانسا) سەبارەت بە ڕۆڵی میدیاکارانی هاوپەیمانانیش دەڵێت: (میدیای ئەمریکی بەدوای دۆزەکەدا نەچوو، "ڕاندالی واشنتن پۆست" لە ساڵی ١٩٨٥ سەردانی عێراقی کرد، جارێکیان لە هەوڵیدابوو وێنەی کوڕێکی بە گاز کوژراو بڵاوبکاتەوە، سەرنوسەرێك لێی پرسیبوو: کێ گرنگی بەمە دەدات؟).

٤ـ ناڕاستێتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لەگەڵ دۆزی کورددا: (سەمانسا) سەبارەت بە دەوڵەتانی ڕۆژئاوای هاوپەیمانی کورد دەڵێت: (ئەو دەوڵەتە خۆرئاواییانەی دەبوونە هاوپەیمانیان خیانەتیان لێدەکردن). وە لە بڕگەیەکی تری کتێبەکەیدا دەڵێت: (لە دۆزی کورددا ئەمریکا بوو بە هاوپەیمانی ڕژێمێکی جینۆسایدکار). دسیانەوە دەڵێت: (ئەگەرچی کوردەکان هەوڵیاندا لە نێوەندەکانی خۆرئاوا دۆزەکەیان زەق بکەنەوە، بەڵام نە ئەمریکا و نە هاوپەیمانەکانی نیگەرانیان بەرامبەر بەو کوشتارە پیشان نەدا، ئەمریکا بە ئەندازەیەك ناوچەکەی پشتگوێ خستبوو، کە تەنانەت ئەو کاتەش بێدەنگ بوو کە عێراق لە نێوان (٢٠٠ ـ ٤٠٠) تەن مادەی کیمیایی وەدەست خست و دەستیکرد بە تاقیکردنەوەی لەسەر ئێرانییەکان). وە سەرەڕای ئەوەی ئەمریکا ئیدانەی ئەم کارانەی ڕژێمی عێراقی نەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لە پاش ساڵی (١٩٨٩)وە یارمەتییەکانی بۆ ئەو ڕژێمە لە ژێر ناوی هاوکاری کردن بۆ کڕینی (یەکەی کشتوکاڵیو دانەوێڵە) دوو قات زیادیکرد، هەروەك (سەمانسا) لە کتێبەکەیدا دەڵێت: (بەڕێوەبەرێتی "بوش" لە جیاتی وەستاندنی ئەو یارمەتیانە وچەندینی دیکە، لەساڵی ١٩٨٩دا یارمەتیەکانی بۆ عێراق دووقات زیادیکرد، کە یارمەتییەکان گەییشتە زیاتر لە "یەك" بلیۆن دۆلار). ئەم یارمەتی و بێدەنگییەی ئەمریکا گەشتبووە ڕادەیەك کە (عەلی حەسەن مەجید) لە کۆبوونەوەیەکدا لە (٢٦/٥/ ١٩٨٨)دا دەربارەی کوشتنو بڕینی کوردەکان وتبووی: (هەموویان بە چەکی کیمیایی دەکوژم، کێ هەیە هیچ شتێك بڵێت؟ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؟ بیانگێ).

خوێنەری بەڕێز ئەمانە چەند بڕگەیەکی ناو کتێبە بەنرخەکەی (سەمانسا پاوەر) بوون، ئەمانە مەڵۆیەك بوون لە خەرمانی ڕاستیەکانی دوێنێ، ئەم کتێبە سەرەڕای ئەمانە، چەندین زانیاری زیاترو وردتر دەخاتە پێش چاوی خوێنەرانی.

ئومێدەوارین هەموومان لەو ڕاستیە تێگەییشتبین کە ئەمریکاو ڕۆژئاوا دۆستو یاری هیچ کەسو لایەنێك نین، بەڵکو تەنها زلهێزگەلێکی بەرژەوەندی خوازن وهیچیتر، دۆستایەتیشیان تا ئەو کاتەیە کە بەرژەوەندییەکانییان لەگەڵ لایەنی بەرامبەردا کۆتایی دێت ونامێنێت، بۆیە ئێمەش نابێت لەسەر پشتیوانی ئەوان کارەکانمان بنیات بنێین و لە پرۆسە وپرۆژەکانیان بێ ترس و دڵنیابین، ئەگینا ڕابردوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، ودەبینە پارویەك چەور بۆیان.

تێبینی:

١- ئەو بڕگانەی لە ناو کەوانەدا هاتوون دەقی وتەکانی ناو کتێبەکەی (سەمانسا پاوەر)ە.

٢- ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) ژمارە: (٧٢٣) بەرواری: (١٧/٤/٢٠١١/ یەك شەمە) بڵاوکراوەتەوە.

# ئەنفال پرۆسەیەك بەناوی دینەوە دەقاو دەق دژی دینە



**دانا مەلا حەمەئەمین کەلاری- بەکالۆریوس لە دیراساتی ئیسلامی**

ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەو ئاینە ئاسمانیەیە کە بە (خاتم الأديان) ناسراوە و، پێغەمبەرەکەشی کۆتا پێغەمبەرە و، هەرچەندە قورئانی پیرۆز کە سەرچاوەو پەیام و دەستوری ئەم ئاینەیەو لە هەردوو شاری مەککەو مەدینە دابەزی، بەڵام لە بنەڕەتدا ئاینێکی گشتگیرەو بۆ هەموو گەلانی سەر ڕووی زەمینە و هیچ گەل و نەتەوەیەك ناتوانێت خۆی بکات بەخاوەنی ئەم دینە.

بوونی نەتەوەی جیا جیاو زمانی جیا جیاو گەلانی جیاجیا بە نیشانەی خوایەتی خوا دانراوە، هەروەکو خوای گەورە ئەفەرموێت (ومن اياته خلق السموات والأرض واختلاف ألسنتكم وألوانكم ...)، ئێمەی گەلی کوردیش بە پێی زۆرینەی سەرچاوەکان و هەروەکو ئەوەی لە قورئاندا پیرۆزیشدا هاتووە لەسەر خاکێکدا دروست بووین و جێگیر بووین کە بە شوێنێکی پیرۆز ناوی هاتووەو، بەدووەم لانکەی مرۆڤایەتی ئەژمێررێت، هەروەکو ئەوەی پێغەمبەر نوح داوای لە خوا کرد لە شوێنێکی پیرۆزدا کەشتێکەی بنشێنێتەوە (وقل رب انزلنى منزلا مباركا وأنت خير المنزلين) وە خوای گەورەش کاتێك بە پیری داواکەی نوحەوە هات فەرمووی (واستوت على الجودي) جودیش ئەو شاخەیە کە دەکەوێتە خاکی کوردانەوە.

بێگومان کە ئاینی ئیسلام ئاینێکی جیهانی یەو خوای گەورە بۆ سەرجەمی مرۆڤایەتی ناردووە، لە هەمان کات هیچ جیاوازی لە نێوان گەلە جیاجیاکانیشدا نەکردووەو، فەزڵی هیچیانی بەسەر ئەوی تریاندا نەداوە، هەرلەم سۆنگەیەشەوە لە بیروباوەڕی ئیسلامیدا هیچ کەسێك بۆی نییە خاك و ئاوو وڵاتی گەلێکی تر زەوت بکات و لێی داگیر بکات، چونکە ئەو مافانە مافگەلێکی خوایین و بۆ هیچ تاك و نەتەوەیەك نی یە دەستی تێ وەربدات.

خوای گەورە ئەومافانەی بەهۆی مرۆڤ بوونەوە بە ئادەمیزاد بەخشیوە، هەروەکو ئەبینین سەرکردەو پێغەمبەری ئیسلام لە دەمی ئازاد کردنی شاری مەککەو لەکۆتا وتاریشیدا کە بەوتاری ماڵئاوایی ناسراوە، زۆر بەڕاشکاوی ئەفەرموێ: (أيها الناس ان دماءكم وأموالكم و أعراضكم حرام عليكم...) وەکو ئەبینین پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) ئەو پەیامەی بەگوێی تەنها بڕواداران و هەواداران و شوێن کەوتوانی ئاینەکەیدا نەدا، بەڵکو خیتابەکە گشتی یەو بۆ تەواوی خەڵکی یەو، هیچ گەلێك هیچ نەتەوەیەك بۆی نییە گەل و نەتەوەیەکی تر بەسوك سەیر بکات و، ماف و بەهاو پیرۆزییەکانی بشێوێنێ، هەروەکو خوای گەورەش ئەفەرموێت (لايسخر قوم من قوم).

گەلی کورد وەکو گەلێکی زیندوی سەر ڕووی زەمین، سەرەڕای ئەو ئازارو ناڕەحەتیانەی لەگەڵ برا عەرەب و ئیسلامی یەکانیدا هێناویەتی و، ئەو هەموو هەڵوێستە نالەبارانەی لەلایەن هەندێ لە دەسەڵاتدارانیانەوە بەڵام هەمیشە ئێمەی کورد پابەند بوین بە ئیسلامەوە، زوڵم و ناحەقی و جیاوازی یەکان نەیتوانی وە کورد لە ئیسلامەتی پاشگەز بکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەیان و سەدان زانای گەورەی لە ڕێگەی ئیسلامەتیدا خزمەتی کردووە لە بوارەکانی مێژووی ئیسلامی و زانستی حەدیس و عەقائیدو فیقهی ئیسلامی و شۆڕشە ئیسلامییەکاندا ...

بەڵام زۆر بەداخەوە ئەم هەموو خزمەت و دڵسۆزی یەی کورد بۆ ئیسلام و خۆتواندنەوەمان هیچ شەفاعەتێکی لای برا عەرەبە موسوڵمانەکانەوە بۆ نەخواستین لە هیچ سەردەم و کاتێکدا هەرگیز وەکو برایەکی هاوبەش کە ئیمان و ئیسلام یەکمان دەخات سەیریان نەکردووین کە بنەماکەی ((انما المؤمنون اخوة))یە.

چاکەی صلاح الدینی ئەیوبی بە ئەنفال و کیمیاباران و وێرانکردنی وڵاتەکەی ئێمە وەڵام درایەوە

مێژووی ئێمە زۆر پڕکارەسات و مەینەتی یە کەسەد مەخابن ئەوەندەی بەناوی ئاینەوە کڵاومان لەسەرنراوەو ستەممان لێ کراوە ئەوەندە بەدڵسافی خۆمان تێ کەوتوین هەرگیز لە ڕووبەڕوبونەوەو لەمەیدانەکانی جەنگدا ئەوەندەمان زیان بەرنەکەوتووەو ئازار نەچەشتووە، بێگومان ئیسلام وەکو ئاینێك لەوجۆرە هەڵسو کەوتانە بەدور دەگرین و موسوڵمانانی ڕاستەقینەشیان لا جیادەکەینەوە

یەکێك لەو کارە نامرۆڤانەی بەعس وەکو ڕژێمێکی بەعسی عەرەبی بەناوی ئیسلامەوە وەکو کارەسات بەسەر میللەتەکەمانیدا هێنا کارەساتی شومی ئەنفالە کە بەداخەوە هەتا ئەمرۆش زۆر جار باسی ئەنفال دەکرێت زۆر بەزویی وابەستەی ئاین دەکرێت ئەم ناولێنانەش ناچارمان دەکات بگەڕێینەوە بۆ ئەسڵ و بنەچەی ووشەکەو ڕووداوەکان لە ئیسلامدا

ووشەی ئەنفال لە ڕووی زمانەوانییەوە لە (نفل) ەوە هاتووە (نفل)ش واتا (غنيمە) کە بەکوردییەکەی دەکاتە دەستکەوت

هاتنی وشەی ئەنفال لەقورئان و ناولێنانی سورەتێك بەو ناوەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێ موسوڵمانەکان لە ڕووبەڕوبونەوەی بێ باوەڕان بوونەوە کۆمەڵێك دەستکەوتیان هەبوو لەکاتی جەنگدا بەدەستیان هێنابوو مشت و مڕ لەنێوان بڕواداراندا ڕوویدا خوای گەورەش ئەمەی کرد بە هۆکارێك بۆ دابەزاندنی ئایەتی ((ويسألونك عن الانفال قل الأنفال لله ولرسوله...)) بەو مانایەی دەستکەوت و پاشماوەی بێ باوەڕەکان پاش ئەوەی کۆدەکرێتەوە دابەش دەکرێتەوە بەسەر جەنگاوەراندا بەو شێوەیەی کە دیاری کراوە کە لێرەدا ئێمە کارمان پێوەی نییە

هۆکاری ئەوەیش ئایەتەکە بەپرسیار (يسألونك) دەست پێ دەکات چونکە لە پێش ئیسلامدا ئەو دەستکەوتانە دەستیان لێ نەئەدرا لەکاتی بەرپابوونی جەنگەکانی





ئیسلامدا ئەو پرسیارە دروست بوو.

هــەروەکو ئامـــاژەش بــەوەکراوە لـــە فەرموودەدا کە (غنائم) دەستکەوتەکان یەکێکە لەو پێنج شتەی کە لەئاینەکانی پێش محمد دا (د.خ) بۆ هیچ نەتەوەیەك حەڵاڵ نەبووە.

بەڵام لێرەدا جێگەی خۆیەتی بەراوردێك لە لـە نێـوان وشـەی ئـەنفالی قورئـانی و ئـەنفالی کارەسـات باریـیـە پـڕ مەینەتییەکـەی دەسـتی بەعس بکەین و ڕووماڵی ڕاستییەکان بکـەین و بۆ تاکی کوردی ڕوونبکەینەوە کە چ لە نزیك و چ لە دوور ئەو ستەمە گەورەیەی دەسـتی بـەعس پەیوەنـدی بەئاینـەوە نییـەو ئـەنفال ئـەو کارەساتە مەزنە بێ وێنەیـەی سـەدەی بیست بوو کە بەرژەوەند خوازەکانی ئەوکات لەئاستی بێ دەنگ بوون.

چونکە لکاندنی ئەوکارەساتە بەئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە لەگەڵ ڕاستی یەکانی قورئاندا یـەك ناگرێتەوە کە خوای گەورە لە چەندین جێگـەدا پەیمانی دۆزەخی داوە بەستەم کارانو حەزرەتی محمد(د.خ) کەسـەرکردەی ئـەو پەیامەیـە هەستاوە بە بەرپاکردنی شۆڕشێکی خودایی بۆ نەهێشتنی زوڵم و ستەم لەسەر زەویدا.

ڕژێمی بـەعس بۆیـە نـاوی لەوعەمەلیـە نـا ئەنفال تاوەکو گەلی کورد بەکافر لەقەڵەم بدات و کوشتنی خـەڵکی گوندەکان حـەڵاڵ بکـاتو سـەروەتو سـامانی بەرکـەوتوان ببـاتو خـۆی وانیشان بدات کە میراتگری شۆڕشی ئیسلامی یەو کەسی تری بەرامبەر نەیەتە دەنگ.

هــەر بــەخودی عەمەلیەکــەش بۆمـــان دەردەکـەوێت ئـەنفال دژ بەنەتەوەیـەك کـراوە نـەك چـینێکی دیـاری کـراو کـە کـافران بێـت تەنانەت بەرامبەر بەگەلی کافرانش دروست نییە کــە ئەمـــەش دوری ئـــەو ڕووداوەیـــە لـــە ئیسلامەوە... چـونکە هەرلـەدوای ئـەوەی نەتـەوەو خـاکی کـوردان پارچەپارچـە کـراوە حکومەتەکانی عێراق بەچاوی سووك تەماشـای نەتـەوەی کوردیـان کـردووەو شـاڵاوی ئـەنفال یەکـەم ناحـەقی نـەبووە بەسـەرکوردا هاتبێـت (ئەنفال) تەنهاو تەنها بەهانەیەك بوو بۆ قڕکردن و لەناوبردن و بنبڕکردنی گەلێك.

چونکە ئەگـەر ئـەنفالی سـەردەمی ئیسلامی هەوڵێك بوبێ بۆ گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی دەربـەدەران ئـەوا ئـەنفالی بـەعس هـەوڵێکی زۆردارانە بۆ قڕکردنی نەتەوەیەك ، ئەگەر ئەنفالی قورئانی بۆ پاراستنی موسوڵمانان و قورئـان و مزگەوت بوبێ ئەوا ئەنفالی بەعس بـۆ کوشـتنی موسـوڵمانان و سـوتاندنی قورئـان و ڕوخانـدنی مزگەوتەکان بووە ، ئەگـەر ئـەنفالی قورئـانی (٧٠) دیلی لە جەنگاوەرانی بێ بـاوەڕان بـەدیل گرتبـێ ئەوا ئەنفالی بەعس نزیکەی (٢٠٠) هەزار پیاو و ژن و منداڵی بێ تاوانی لەماڵ و حاڵی خۆیـان قڕکـرد، ئەگـەر تـەواوی دیلـەکانی ئـەنفالی قورئـانی گەڕابێتنـەوە مـاڵ و حـاڵی خۆیـان ئـەوا ئـەنفالی بـەعس هەنـدێ لـە پیرەکـانی گەڕانـدەوەو گەنجەکانی کوشت و کیژەکانی فرۆشت و کردینیە دیاری، ئەگەر ئەنفالی قورئانی بەرگری یەك بـوەبێ لە سوپایەك ئەوا ئەنفالی بەعس هێرشی سوپایەك بوو بـۆ سـەر خـەڵکی بـێ دیفـاع، ئەگـەر ئـەنفالی قورئـــانی هـــەوڵێك بـــووبێ بـــۆ نەهێـــشتنی نەخوێندەواری (کە وەکو خیارێك بـە دیلـی بـێ باوەڕان درا) ئەوا ئەنفالی لە ئەنفالی بەعسدا زانکۆو حوجرەو قوتابخانەکان خاپور کران...

ڕژێمی بەعسی لەناوبردنی گەلێکی بە ئایەتی قورئـانی پاسـاودایەوەو ئایەتەکـەی کـرد بـە پەردەیەك بۆ کردە قێزەون و گڵاوەکەی...

بۆیە ئەتوانین بڵێین پرۆسـەی ئـەنفال چـەند دەست درێژی بوبێت بۆسەرگەلی کورد هێندەش دەست درێژی بووە بۆ سەر قورئان

هـەروەکو نوسـەری کـورد بـەختیار عـەلی دەڵێت ((گێڕانـەوەی ئۆتۆماتیکی ئـەنفال بـۆ ئایین و فکری دینی نـەوەکو خۆدزینەوەیـە لـە خوێندنـــەوەی بـــەعس بـــەڵکو گواســـتنەوەی گوناهەکانی بەعسە بۆ ملی ئاین کەلەجەوهەردا ئاین خۆی یەکێك لەقوربانی یەکانی بەعسە)).

بۆیە پێویستە گومانـەکان بڕەوێنینـەوە کـە ڕەوایەتیان خستۆتە پـاڵ سورەتێکی قورئـان بگەینە دەرەنجامی بەسوود وەکو پاراستنی ناو و نـاوەڕۆکی ئـاینی زۆرینـەی گەلەکـەمان کـە ئیسلامە و جێکردنەوەی کارەساتەکە لەخانەی ڕاستەقینەی خۆیدا کە جینۆسایدە

هەروەها ئێمە بەو شێوەیە ئەتوانین کار بۆ ئەنفال بکەین کە ئیش لەسـەر ڕاسـتەکارەکەی بکەین کە جینۆسایدە نـەك بیبەسـتینەوە بـە ئتینێکەوە کە ئیسلامە، بۆ ئەوەی لە پرۆتۆکۆڵ و بەنـــدە نێودەوڵەتیەکانـــدا بەجینۆســـایدی بناسێنین...

لەهەموشی سەیرتر ئـەوەی پێویسـتە لـەبیر نەچـێتەوە لەگـەڵ ئـەم هەمووکارەسـاتەدا بـێ دەنگی موسوڵمانان بـوو بەگشتی، سـەیر بـوو لەسەرانسـەری جیهـانی ئیسلامی و عەرەبیـدا یەکێ هـەڵی نەدایەو قـوڕگی ڕژێمی ئەنفالچی عێراقی بگرێت و پێی بڵێت ئەوەی تۆ دەیکەیت سەرلەبەر دژی بنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و مرۆڤایەتییە... لەدوایشدا تەنها یـەك نامـەی هاوسۆزی و هاوخەمیمان لەهیچ کەسێکەوە پێ نەگەیشت کـە تـەنها کۆپلەیـەك لەگێڕانـەوەی شایەتحاڵێکی ئەنفال بەسەبۆئەوەی ویژدانی برا عەرەبە موسوڵمانەکانمانی بهەژاندایە کـە ئـەڵێ ((شـەوی لەیلـەتول قـەدر تـا بـەیانی کـەس نەخـــەوت هاوارمـــان بـــۆ خـــوا ئەکردئـــەوان فیشقیاتیان بە خواو پاڕانەوە ئەهات ئـەیانووت وا ئێمە سەموون و ئاوەکەتان نادەینێ بـا خـوا لە ئاسمانەوە کەبابتان بۆ بنێرێتە خوارەوە)).

بۆیـە ئـەتوانین بڵـێین تاوانبـارانی پـشت پرۆسەی ئەنفال تـەنها ڕژێمـی دڕنـدەی بـەعس نـەبوو بـەڵکو هەرسـێ کۆمەڵگـەی ئیسلامی و عەرەبی و نێودەوڵـەتیش تاوانبارکـەین چـونکە یـەکێك لـە براموسـوڵمانەکانمان لەکۆمەڵگـەی ئیسلامی هەستی بۆ ئەم میللەتە موسـوڵمانەی ئێمە نەجولا کـە بەهـەموو پێـوەرێ دینمانمـان لەوان بەهێز ترەو پەرستـشمان لـەوان زیاترەو مزگەوتەکانمان لەوانـەی ئـەوان ئـاوەدان تـرەو تەنانـەت تاکـە کانیـاوێکی ئـەم کوردسـتانە نەئەبینرا بەردەنوێژێکی لەسەر نەبێت و لەدوای پرۆسەی ئەنفال و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان یەکەم شتێك گوندنشینانی ئێمە دەسـتیان پـێ دا دروستکردنەوەی مزگەوتەکان بوو

بەهـەمان شـێوەش نـەمانبینی یـەکێك لـە ســـەرکردە عەرەبییـــەکان دەســـتی ئـــەم براشێتەیان بگرن و نەهێڵن گورك ئاسا هەرچـی ئـەوێت بیکـات هـــەروەکو پێغەمبـــەر (د.خ) ئەفەرموێت ((انصر اخاك ظالما أو مظلوما)) بـەڵکو دەقـاودەق پێچەوانەکەیمان بینـی کـە پـشتگیری کـردن و دەستخۆشـانە لێ کردنـی ڕژێمەکەی بەعسی لێ کەوتەوە .

بەهـەمان شـێوەی کۆمەڵگـەی ئیـسلامی و عــــەرەبی، کۆمەڵگــــەی نێودەوڵــــەتیش ئەوکۆمەڵگەیەی ئەگەر بۆ سەرجەم گـەلانی تـر باوك بوبێ ئـەوا بـۆ ئێمـە باوە پیـارە بـووە و نـەمان بیـست و نـەمانبینی لـە ئاسـت ئـەو کارەساتە گەورەیە بەدەنگ بێت و پشتگیری و پشتیوانی یەکی ئەم گەلە بێ چارەیە بکات لـە ترسی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆیان

بۆیـە ئەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـە ئەگـەر پێناسەیەك هەبێت بۆ ئەنفال لای ئێمەی کـورد تـەنها ئـەو هەشـت قۆناغەیـە کـە ڕژێمـی گۆڕبـەگۆڕی بـەعس پێـی هەسـتا دەرهـەق بـە گەلەکەمان کە ئەنجامەکەی بە قڕکردنی ( ١٨٢ ) هـەزار مـرۆڤ و خـاپورکردنی ( ٤٥٠٠ ) گوندو سوتاندنی مزگەوت و قوتابخانەو نەخۆشخانە و شوێنە پیرۆزەکانی کۆتایی هات

بۆیە پێویستە ڕۆژی ئەنفال بکرێتە پرسـەی نیـشتمانی و هـەموومان یـەك ئامـانج و یـەك هەڵوێست و یەك دەنگ و یـەك ئیرادە کـار بـۆ دۆسیەی ئەنفال بکەین و هەمیشە لەبیرمان بێت بۆ ئـەوەی دووبارە نەبێتـەوە چـونکە تـاوەکو ئێـستاش هەرسـێ کۆمەڵگـەی ئیـسلامی و عەرەبی و نێودەوڵەتی بۆ ئێمەی کورد هـەمان خوێندنـەوەی سـاڵی ١٩٨٨ ی ساتە وەختـی کارەساتەکەیان هەیە .

سەرچاوەکان //

* ئەنفال لە ڕوانگەی ئیسلامەوە (عبدالرحمن صدیق)
* گۆڤاری عەرعەر.
* گۆڤاری پەیامی زانایان.

# ئەنفال: لە قورئان و شەریعەت و سیاسەت و میدیادا..

**مەلا ئەحمەد قامیشسی**



پێناسە: (الانفال) زاراوەیەكی قورئانیەو كۆی(نفل) واتە:زیادە،كە مەبەست ئەوماڵە زیادەیە كە بۆتە دەسكەوتی موسڵمانان لە شەڕیاندا لەبەرانبەر بێ بڕوایاندا.

لە قورئان وشەریعەتدا: ئەنفال سورەتێكی قورئانەو باسی شەڕو كوشتن و بڕین ناكات، بەڵكو باس لە بەشكردنی(غەنیمەت) دەكات، ئەوماڵ و سامانەی لە شەڕی بێ باوەڕاندا بووە دەستكەوتی موسڵمانان، نەك كۆمەڵكوژی مرۆڤەكان، پاشان لە شەڕی دژ بە بێ باوەڕان نەك باوەڕداران، نەوەك میللەتێكی موسوڵمانی وەك كورد!.

لەبەر ئەوە دروست نیە بەو تراژیدیایە بگوترێ ئەنفال یان ئەوە دینە ئەو كارەساتەی بەڕەوا داناوە! یان بە دەستەواژەكە بگوترێ بەدناوە ئەنفالەكان ئەمانە هیچیان دروست نین، بەڵكو دەبێ بگوترێ بەناو ئەنفال، چونكە بەبەڵگەی ئەقڵی و نەقڵی نابێتە ئەنفال، زۆر نابەجێیە ئێمە قسەی دوژمنەكەمان دووبارە بكەینەوەو سوكایەتی بە شەهیدەكانمان بكەینەوە.

لە سیاسەتدا: مەرگەساتی بەناوئەنفال پرۆسەیەكی سیاسی بوو نەك ئایینی، سیاسەتی حیزبی بەعسی سیكۆلاری بەشێوەیەك پلان و پیلانی دادەڕشت، كە تاوان و كارە دزێوەكانی بە دروشمەئایینیەكان پەردەپۆش دەكرد!.

وەك ئەنفال و شەڕی قادسیەوهێزەكانی بەناوی بەدرو سعدو قعقاع و هێرشەكانیشی بە(الله اكبر) جۆش دەدا، بەڵام لەبەرانبەردا كارەخزمەتگوزاریەكانی بەناوی خۆی و حیزبەكەی ناودەنا! وەك ( نەخۆشخانەی صدام، شاری هاوچەرخی صدامی ) لەگەڵ زۆرێك لە شەقاو شوێنە گشتیەكان، كە لەو نێوەندەدا دینەكە ئەبووە قوربانیی!.

ئەینا ئەوە پرۆسەیەكی سیاسی بوو بەناوی ئایینەوە بۆ لێدانی ئایین، لەهەندێ سەردەمدا مێژوو خۆی دووبارەدەكاتەوە وە بە پراكتیزەكردنی هەمان پلان لەژێر دروشم و ناوی جۆراوجۆر! هێنانەوەی ڕوفاتی بەناوئەنفالكراوەكان و ناشتنیان لە گۆڕستانی تایبەت بە مەراسیمی شایستەو شكۆداردا جێگەی خۆیەتی و زیاتریان قابیلە، بەڵام پرسەومەراسیمەكە ئەوەندەی سیاسی و ڕوكەش و بازرگانیە، بەوئەندازەیە دڵسۆزی و پەرۆشی لێ ناخوێندرێتەوە!.

بێگومان بێدەنگی لە ئاست جینۆسایدی بەناو ئەنفال بێ دەنگیە لە كارە دزێوەكانی بەعس، بۆیە پێویست بوو دادگایی ئەنفالچیەكانی ناوخۆمان بكرایەو بەتایبەت فایلدارەكان و كرابانە پەندو ئامۆژگاری بۆ ئەوانەی، كە بازرگانی بەم میللەتەوە دەكەن، نەك پلەیان پێ بدرێ و خەڵات بكرێن لەبەر مەنسوبیەت و مەحسوبیەت چاوپۆشیان لێ بكرێت!.

چون ئەگەر لە ئەنفال تێنەگەین، كەواتە لەبەعسیش تێنەگەیشتووین، پاشان ئەپرسین ئەرێ گەلۆ كەسوكاری بەناو ئەنفال چیان بۆكراوە؟ وەچیان ماوە؟ ئەوەی ساڵانە لەدیمانەی هاوڵاتیانی گەرمیان دەبینرێ گلەیی و گازندەیە! دڵ گەرمیە لەشێوەی وتاری بەرپرسەكان! ئەبووكەسوكاری شەهیدەكانی بەناو ئەنفال شارێكی مۆدێرن یان گوندێكی ئەمریكی و ئەوروپی هاوشێوەی گوندی ئەڵمانی سلێمانیان بۆ دروست بكرایە.

لەناو كەلاوەكانی گەرمیان دا نەك موچەیەكی كەمی مانگانە یامۆنۆمێنتێك، ئەوشارە هاوچەرخە تەنها بەئەندازەی مەبلەغی بودجەی تەلاری چەند بەرپرسێكی تێدەچێ! كە دەبوو عەدالەت و مافی مرۆڤ بۆ هەموان بوایە، وە بەجدی هەوڵ بدرایە بۆ بەجێ هێنانی داواكانی پاشماوەی ئەنفال، بەڵام وەك چۆن خودی پرۆسەكە سیاسی بوو، كار بۆ كردنیشی سیاسیانەیە! كە دەبوو دڵسۆزانە بوایە، لەكۆتاییدا منیش ئەڵێم: با لەبیرمان نەچێتەوە تادووبارە نەبێتەوە.

لە میدیادا.. ساڵانە لە (٤/١٤) بەولاوە برینەكان ئەكولێنەوە، خەمەكان وەبیردێنەوە، پەیمانەكانی خزمەت و وەفاداری چەندبارە ئەكرێنەوە! بەڵام زوو لەبیرئەبرێنەوە! بەداخەوە،كە هەندێ لە دەزگای ڕاگەیاندن ئەوەندەی بەخەم گەرمكردنی بەرنامەو بازاڕی خۆیانن ئەوەندە لە خەمی شەهیدەكان نین!.

لەجیاتی خزمەتی پرسە نەتەوەییەكان بەیەك دەنگ و دروشم، ئەوانیش بونەتە دووبەرە لەشێوەی حكومەت و ئۆپۆزسیۆن! ئەمیان خزمەتگوزاریەكان ڕادەگەیەنێ بۆپرسەكە، ئەویان دەڵێ هیچ نەكراوە! كە دەبوو لەو ڕێگەیەوە بزانرێ چیان بۆ كراوەوچی نەكراوە؟ وە بەنەتەوەیی بكرێ نەك بەحیزبی، بەجیهانی بكرێ و بەجینۆساید بناسێنرێ و بەبەبە..هتد...، جێگەی نیگەرانیە كە هەندێ لە ڕاگەیاندنەكان بە مەبەستی سیاسی یان فیكری بە ناڕەوا لەویادەدا بەناڕاستەو خۆ تانە لەدینەكەمان دەدەن و تۆمەتباری دەكەن! كە خۆشیان دەزانن ئەوە هەرچەندە بەناوی دینە بەڵام پەیوەندی بەدینەوە نیە، بەڵكو بۆ ناشیرین كردنی دینەكەبوو.



# ٤/٢٤/ لەقەڵادزێ

حميد احمد عبدالفتاح

٤/٢٤ی شاری قەڵادزێ کارەساتیکی دڵتەزێن و سامناکە کە دوژمنانی کورد وەك دڕندە بە چەکی قەدەغەکراوی ئەو سەردەمە پەلاماری ئەو شارەیان دا. ئەم یادە کارە ساتیکی دڵتەزێنە. یادی شەهید کردنی سەدان کەسە یادی کارەساتێکی جەرکبرە. کە لەهەموو ماڵێکی ئەم شارە لەوڕۆژەدا هەر قیژەو هاوارو ڕۆڵەڕۆو دایە ڕۆو بابەڕۆ بوو کەچەندان منداڵ بێ باوك بوون چەندان ئافرەت بێ مێردو بوون چەندان دایکیش بۆ ڕۆڵەکانیان خەمبارو دڵتەنگو چاو پڕ لەفرمیسك بوون.

وەچەندان کەسی دانیشتووی ئەم شارەو میوانانی ئەم شارە شەهیدو کەم ئەندام و برینداربوون. کە ئەم کارەساتە بوو بەخوشکی بچووکی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە.

وە لەهەموو کوردستانیش بەهۆی شوێنی گونجاو لەبارو هەڵکەوتەی ئەو شارەیان هەڵبژارد کەزانکۆی سلیمانیش تاکە زانکۆی کوردستان بوو. تاکەمەڵبەندی زانستو زانیاری بوو کە زانکۆش لە هەر شوێنێك بێ ئەوە چرای علمو زانست و زانیاریش لەو شوێنیە بەڵام بەداخەوە کە زانکۆی سلیمانی هاتە ناو باوەشی شۆڕش هاتە ناو باوەشی گەرمی شاری شەهیدانو خەباتو ڕاپەڕین...

بەڵام بەداخەوە ئەم زانکۆیە لەم شارەدا شەهید کرا... کە ئەمەش تاوانەکەی گەورە تر کرد کەبێتە گڕی شۆڕشی بلێسە داری کوردستان.

وە مێژوی کوردو کوردستانیش پڕە لەکارەسات لەڕووداو لەقەت لەبیر ناچێتەوە یەکیکیش لەو کارە ساتانە (١٩٧٤/٤/٢٤)ە، وە قەڵازەش هەرلەکۆنەوە مەڵبەندی شورشو خەباتو تیکۆشانو فیدکاریو قوربانی دانو ڕاپەڕین بووە.

قەڵایەکی سەختی دوژمن شکێنو قەڵایەکی پۆڵاینی شۆڕش بووە بۆ هەموو شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی گەلەکەمان وەگەورەترین قوتابخانەش بووە بۆ هۆشیاری پێگەیاندنی نەوەی دواڕۆژ.

قەڵادزە سەنگەریکی گەورەی قایم بووە گۆڕەپانێکی گەرمی سیاسی بووە جەماوەرەکەشی سوتەمەنی ئاگری شۆڕشەکە بوون کە خەڵکی هەموو ناو چەکانی تری کوردستان ڕوویان تێکردووە.

خەڵکی قەلادزە لە هەموو سەردەمەکانی ڕاپەڕینەکان هەوێنی شۆڕش و خەبات ڕاپەڕین بووە. وەبڕبڕەی پشتی هەموو شۆڕشەکانیش بوون قەڵادزەو سنوورەکانی شوێنی سەرکردایەتی هەموو شۆڕشە یەك لەدوایەکەکان بووە قەڵادزە بەدریژای مێژووی خۆی شوێنی شۆڕش گێڕو خەبات گێڕو لانەی شێران بووە قەڵادزە شوێنی چەوساندنەوی خەلکیش بووە هەر بۆیەش لەو شوێنە یەکیەتیو یەك ڕیزی ڕاپەڕین و شۆڕش بەرپابووە.

وە دوژمنانیشی هەموو کات نەخشەو پیلانی لەناو بردنو کاولکاریو ڕاگواستنو تۆقاندنو تەرحیلیان بۆ دانابوو، هەربۆیەش ٤/٢٤شیان کردە ئامانج.

هەر لەبەر ئەمەش کە ڕق و قینی شەهید کردنی ئەم شارە لەدلی گەنج و لاوی هەرمابوو کە ١٩٨٤/٤/٢٤ش ڕاپەڕین و دەنگی نا ڕزای دەربڕین لەسەرقەبران لەسەر گۆڕی شەهیدان بەرزبۆ وەو چریکەی هاوارو قیژەی کوڕان و کچانی ئەو شارە دڵی دوژمنانی بە لەرز خست.



کە دوژمنانیش بە دڵ ێکی پڕ لە قینەوە بە گولەو دۆشکەو بیکەیسیەوە وەلامی خەڵکی ڕاپەڕیویان دایەوە.

کەمیللەت و جەماوەر بە بەردو دوژمنانیش بە چەك و گولە وەلامی یەکتریان دەدایەوە. وەلەسەر گردی حوسنیش دا بارانی گولە لەلایەن ڕژمێمەوە بەسەر خەڵکی ڕاپەڕی و دا وەك بارانی بەهاری دا دەباری کە لە ئەنجامدا دوو شەهید بەناوی دایکە ئامینەو خوشکە سنەوبەر لەگەڵ برینداریك بەناوی سوڕییاحاجی ئیبراهیم لێکەوتەوە وەگیران و بەند کردنی حەڤدە قوتابی کچ و پەنجا قوتابی کوڕ.

وە لەکاتی ئازاد کردنی ئەم حەڤدە قوتابیە کچەش هەموویان بەیەك دەنگ وتیان تاوەکوو هەموو برایەکانیشمان هەموو قوتابیەکانی تر ئازاد نەکرێن ئێمەش نایینە دەرەوە کە لە ئەنجامیشدا بەهۆی کەسایەتی خەڵکی ڕاپەڕی و مامۆستای دەڵگەی ئازاد کران، شاعیر ئەڵێت:

**تائێستا ڕووی نەداوە لە تاریخی میللە تا**

**قەڵغانی گولە سینگی کچان بێ لە هەڵمە تا**

خۆشەویستان قەڵادزە قوربانی زۆری داوەو خاوەنی کاروانی شەهیدانێکی گەلێك زۆریشە خاوەنی شەهیدی هەموو شۆڕشەکانیشە. کەجێ پەنجەشیان لە هەموو شۆڕشەکاندا دیارە وە لە هەموو شۆڕشەکانیش دا قەڵادزەو خەڵکەکەشی پشکی شێریان بەرکەوتووە هەر بۆیەش (بارزانی نەمر سەرکردەی شۆڕشی ئەو کاتە دەی ووت ١٩٧٤/٤/٢٤ ڕۆژی ماتەمینی هەموو میللەتی کوردە کەم کارەساتەش بەیەکەم کارەساتی کۆمەڵ کوژی ئەو سەردەمە دا دەنرێت لەمێژووی میللەتی کوردا. قەڵادزە هەروەك سەنگەری شۆڕش گێران بووە مەڵبەندی عیلم و زانست و زانیاری خوێندن و زانکۆی سلیمانی و سەدان مزگەوت و حوجرەو فەقێ و مەدرەسەی دینی قوتابخانەو تەکیەو خانەقاش بووە شاری خواناسان و سالحانیش بووە شاری فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەو بابانیەکانیش بووە شاری فیداکاری و ڕاپەڕینیش بووە لەپێناو بەختە وەریو سەربەرزی کوردو کوردستان. ئازیزان ئەم کارەساتە لەڕۆژی چوارشەمە دابوو ١٩٧٤/٤/٢٤ دابوو کەبەهاربوو کە حەڤدە بۆمبای ناپاڵم لەکاتژمێر ١٠ سەر لەبەیانی بەڕووی گەشی دانیشتوانی دا تەقیەوە.

١٩٧٤/٤/٢٤ بۆتە ناسنامەو مەدالیاو خەڵاتی ئەم شارە چەندجار شەهیدە هەر ١٩٧٤وە تا ئەمڕۆ یادی ١٩٧٤/٤/٢٤ دەکرێتەوە خەڵك و میللەت و جەماوەرەکەی ئەم یادە دڵتەزێنە زیندو دەکەنەوە لەڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاو کراوەکان لەکوردستان و هەندەران ئەم یادە دەکرێتەوە فەرامۆش نەکراوەو ناش کرێت. هەژار دەڵێت:

**هەرکەسێك نەی بێ بیری تۆلە**

**لەبابی خۆی نەبووەو زۆلە**

دوژمنان ویستیان بە ئاگرو ئاسن ئازادی میللەتی کورد کپ بکەن بەلام ئەم ئاگرو ئاسنە بوو بە مشخەلێك باشتر ڕقی جەماوەری داگیرساندو گڕی تۆلەی تێ بەردان و ڕێگەی ئازادی و سەربەستیشی باشتر ڕووناك کردەوە کە هەرگیز ئەم تاوانە گەورەیە لەبیر نەچێتەوە ڕژانی ئەم هەموو خوێنە لەبیر نەکرێت قەلادزەش بوو بە دایکی شەهیدانی کوردستان بەڵام ئۆخەی کەبەچاوی خۆمان دیتمان کە ئەم پیاو کوژو جەلادانە ئەم زۆردارو دڕندانە شینی مەرگی خۆیان گێڕاو کوردستانیان لێ پاك کرایەوەو تووشی لێ پرسینەوە بۆردومانی ئەم شارەو هەموو شارەکانی تری کوردستانیش بوونەوە ئەم تاوان بارانەش سەر شۆڕو ڕووڕەشن لە بەرامبەر خەلکی کوردستان و مێژووش نەفرینیان لێدەکات قەلادزە کەوەك بە هەشت وابوو لەماوەی کەمتر لەیەك دەقیقە بوو بە جەهەندەمێکی پڕ ئاگر ئاسمانەکەشی بوو بەیەك پارچە تەپ و تۆزو دوکەڵ لە چەند چرکەیکیش دا لافاوی خوێن هەستاو زانکۆ بوو بەقەبرستانی قوتابیان و مالی وا هەبوو بوو بەکڵکۆی سەرجەم ئەندامانی خێزان و دەیان کەلە سەر پەڕین و نەیان توانی ماڵ ئاوای لە لاشەکانیشیان بکەن

دەبالەم یادە پیرۆزەدا دەسەڵاتی کوردی حکومەت مژدەی ئاوەدان کردنەوەو خزمەت گوزاری زیاتر پێشکەش بە هاولاٌتیانی ئەم شارە شەهیدە بکات کەبەشی زۆری قوربانی و کاولکاری ڕاگواستن و نەهمەتیەکان وەبەر ئەم شارە شەهیدو تیکۆشەرە کەوتون وە ئەوەشی کە بۆشی کراوە لەئاستی پێویست دانیە وەبرینی ئەم شارەش تەنها بە ئاوەدانی و پرۆژەی باش و خزمەت گوزاری سارێژدەبێت هەروەك دوژمننان هەستیان بەوەی کرد کەدەبێت ئەم شارە کاول و وێران ببێت ڕابگوێزرێت دەبێت حکومەت و دەسەلاٌتیش هەست بەوە بکەن کەدەبێت ئەم شارە ئاوەدانبێت و گرنگی پێبدرێت ئێستا ئێمە لە ژێرسایەی ئازادی دا دەژین بەلاٌم هێشتا برینی ٣٨ ساڵ پێش ئێستا سارێژ نەبووەو ئازارمان هەرپێدەگەێنێن کە هەموو تەمەنی ژیانی شاری شەهیدان شاری قەڵادزێش لەخزمەت گەل و نەتەوەکەی دا کۆتای پێهات بۆیە پێویستە دەسەلات ئاوریکی تایبەتی تر لەم شارە بداتەوە بەم هیوایە .............



## لە پەراوێزی جەژنی کرێکارانەوە

# ئیسلام چۆن دەڕوانێتە کارو کرێکار

عەبدوڵڵا ئەحمەد

هەموو ساڵێ لە گەڵ هاتنەوەی جەژنی کرێکاران، دەزگاکانی راگەیاندن باس لە ماف و رێزی کرێکاران دەکەن و قسەو باسی زۆر لەو بارەوە هەڵدەرێژن، بەڵام ئەوەی جێگەی بایەخی ئەو راپۆرتەیە، باسکردنە لە پیرۆزی کارو مافی کرێکاران لە روانگەی ئیسلامەوە، کە ئاخۆ چۆن ئیسلام رێنمایی تایبەت و گرنگی سەبارەت بە مافی کرێکار دەرکردووە، رەوشتی کرێکارو چاودێری کردنی کارو خۆ دوور گرتن لە خیانەت و کەمتەرخەمی و فێڵ و کۆمەڵێك شتی تر، یەکێکە لەو باسانەی خەڵکێکی زۆر لەو بارەوە قسەی لەسەر دەکات، لە ئیسلامدا دەبێ خاوەن کار رەچاوی تەواوی مافەکانی کرێکار بکات، لەهەمان کاتیش دەبێ کارێکار بەجوانی و رێك و پێکی کارەکەی بەڕێوە ببات، بۆ قسە کردن لەسەر ئەو یادەو رێزو مافی کرێکار بە پێویستمان زانی چەند پرسیارێك ئاراستەی بەرێز مامۆستا مەلا محمد ئێنەیی ئەندامی لێژنەی باڵای فەتوای کوردستان بکەین، کە بە سوپاسەوەو بەم شێوەیە وڵامی داینەوە:

**※ دەکرێ بزانین لە ئیسلامدا چۆن پێناسەی کارو کرێکار کراوە؟**

– دیارە (کار) ئەو سەرچاوە گرنگ و بایەخدارەیە، کە ژیان و بەختەوەری و کامەرانی مرۆڤی پێوە بەستراوەتەو، وە (کرێکار) ئەو مرۆڤەیە لە ئیسلامدا کە ئەو کارەی بۆی دانراوە، یاخود بە خۆی هەڵیبژاردوە بە رێك و پێکی کارەکەی دەکات لەچوارچێوەی ئیسلامدا، کەواتە دەکرێ بڵێین کارکردن لە ئیسلام شتێکە دەچێتە چوارچێوەی خێرەوە، وەهەر کارێك لە سنووری شەریعەت نەچێتە دەرەوە ئەوە بە باش و پەسەند دادەنرێت.

## ئیسلام فێرمان دەکان پێش وشکبوونەوەی ئارەقی نیوچاوانی کرێکار هەقەکەی بدەینێ

**※ تا چەند ئیسلام داکۆکی لە مافی کریکار دەکات و چ جۆرە رێزێکی بۆ دیار کردووە؟ یان ئەو رێنماییانە چین کە ئیسلام بۆ کەسی کرێکاری داناون؟**

– بێگومان ئاینی ئیسلام زۆر داکۆکی لە مافی کرێکار کردوە زۆر رێزیشی بۆ داناوە، ئەگەر سەیرێکی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی پێغەمبەری خۆشەویستمان بکەین دەبینین لە چەندەها ئایاتی جۆراوجۆرو چەندەها فەرمودەی پێغەمبەر(دروودی خوای لەسەر بێت) باسی کارو کرێکار کراوە.

گەر بەوردی تەماشای بەرزی و پایەی کار بکەین لە ڕوانگەی ئایات و فەرمودەکانی پێغەمبەر(دروودی خوای لەسەر بێت) دەبینین سەر بەرزی و بەختەوەری و شادی هەردوو جیهان بەستراوەتەوە بەکار، بەڵام کاری چاك هەروەك لەم ئایەتە دەفەرموی: ﴿Y Z [ \
] ^ _ ` a b c d
f g h i j k﴾

سورة النحل ٩٧. واتە: هەر کەسێ کارێکی چاك بکا یا کار چاك بێت، جا ئەم کار چاکە پیاو بێت یا ژن بێت وە لە هەمان کاتا خاوەن بڕواو ئیماندار بێت ئێمە ژیانێکی پڕ خۆشی و شادی پێ دەبەخشین، وە باشترین یاداشتی کارە چاکەکەی دەدەینەوە لە هەردوو جیهان، یاخود وەك ئەم ئایەتە پیرۆزە کە دەفەرموێت: ﴿وَقُلِ ٱعۡمَلُواْ فَسَيَرَى ٱللَّهُ µ ¶﴾ وە چەندەها ئایەتی تریش.

## ئیسلام دەستی کرێکار ماچ دەکات و رێزو پاداشتی تاییەتی بۆ داناوە

هەروەها چەندەها فەرمودەی پێغەمبەریش

(دروودی خوای لەسەر بێت) هەن کە هەمویان پڕن لە موژدەو هاندان بۆ کرێکار، وەك ئەم فەرمودەیە: کە دەفەرموێت ((الید العلیا خیر من الید السفلی)) یاخود وەك ئەم فەرمودەیە کە دەفەرموێت: ((جارێك یەکێك لە یارەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) هاتە لای پێغەمبەر دەستی نایە ناو دەستی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) پێغەمبەر پێی فەرموو ئەوە دەستەکانت بۆ وا زوورە؟ پیاوەکە وتی: یارەسول الله دەستەکانم بەهۆی کارکردنەوە وا زوور بوونە بۆ بژێوی منداڵەکانم، پێغەمبەر خۆشەویستمان (دروودی خوای لەسەر بێت) دەستی پیاوەکەی بەرزکردەوەو ماچی کرد فەرمووی: دەستی کارکەر ئاگری دۆزەخی پێناکەوێت.

## وەهەر کارێك لە سنووری شەریعەت نەچێتە دەرەوە ئەوە بە باش دادەنرێت

*** ئەگەر کرێکارێك بە وەزیفەی خۆی هەڵنەستێ و خیانەت لەکارەکەی بکات سزای چیە لە ئیسلامدا؟**

– زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئایاتانە کە هاندانی کارکردنیان تێدایە، لەگەڵ ئیمان هاتونە، واتە ئەو کارەی کە لەلای خوا پاداشتی زۆرو بەرزی هەیە بناغەی کارەکە لە سەر ئیمان دامەزراوە،وەك دەفەرموێت ﴿7 8 9 : ; ﴾ سورة التین ٦. وە چەندەها ئایاتی تریش، وەك کرێکار پێویستە لەسەری کە کارەکەی بەڕێك و دڵسۆزی بکات، چونکە گەر کرێکار کەمتەرخەم بێت لە کارەکەی و غەش لەکارەکەی بکات ئەوە ڕووبەڕووی سەزای خوایی دەبێتەوە، وەك پێغەمبەر (کرێکار کەمتەرخەم بێت لەکارەکەی و غەش لەکارەکەی بکات ئەوە ڕوو بەڕووی سەزای خوایی دەبێتەوە) ((من غشنا فلیس منا)) کرێکار هەر کارێکی کە دەیکات پێویستە لە سەری کە کارەکە بە ڕێکی و بەجوانی بکات، پێغەمبەر (کرێکار کەمتەرخەم بێت لەکارەکەی و غەش لەکارەکەی بکات ئەوە ڕووبەڕووی سەزای خوایی دەبێتەوە) (إن الله یحب اذا عمل احد کم عملا ان یتقنه).

*** ئەی ئەگەر کرێکارێك بەڵێنی بەدرۆ بەخەڵك**

## مافی کرێکار لەو قۆناغەدا بەچ ئاراستیەك دەڕوات ؟

**بدات و کاروباری خەڵك دوا بخات و لەوادەی دیاریکراو نەچێتە سەر کار چ گوناهێکی هەیە؟**

– بێگومان بۆ هەموو کەسێك (بەڵێن شکێنی) دەرچونە لەڕیزی ئیماندارانی ڕاست و تەواو، ئەو بەڵێن شکێنە مرۆڤ دەخاتە ڕیزی بێ ئیمانو دووڕوان، هەروەك پێغەمبەر (کرێکار کەمتەرخەم بێت لەکارەکەی و غەش لەکارەکەی بکات ئەوە ڕوو بەڕووی سەزای خوایی دەبێتەوە) دەفەرموێت: (علامة المنافق ثلاثة إذا حدث کذب، وإذا وعد أخلف، وإذا أتمن خان )، بۆیە نابێ کرێکارێك کە خۆی بە خاوەنی ڕەوشتی بەرزو ئەخلاقی موسڵمانانە دەزانێ، خیانەت و فێڵ و بێ بەڵێنی بکات، چونکە دەزانی ئەمە تاوانە و سزای لەسەر هەیە.



# ئیسلام فێرمان دەکان پێش وشکبوونەوەی ئارەقی نیوچاوانی کرێکار هەقەکەی بدەینێ

*** زۆر جار دەبیستین کە خاوەن کار بەهەر هۆیێ لە هۆیەکان مافی کرێکار پێشێل دەکات و کاری قورس و زیاد لە کاتی دیاری کراوی پێ دەکات ئەمەیان چۆنە؟**

– کرێکار دوای ئەوەی کارەکەی تەواو کرد پێویستە لەسەر خاوەنکارەکە کرێی کارەکەی دەست بەجێ بداتە کرێکارەکە، وەك پێغەمبەر (کرێکار کەمتەرخەم بێت لەکارەکەی و غەش لەکارەکەی بکات ئەوە ڕووبەڕووی سەزای خوایی دەبێتەوە) دەفەرموێت: ((أعطوا الاجیر الاجره قبل ان یجف عرقه)) واتە: کرێی کرێکار بدەن پێش ئەوەی ئارەقەی وشك بێەوە، بۆیە نەدانی کرێی کرێکار یاخود دواخستنی ستەم و گوناهە دەبێتە هۆی تورەی خوا .

*** کرێکار هەیە لە کارگە، یان کۆمپانیا، وەیا کەرتی تایبەت، یا لەشوێنێکی دیاریکراو کار دەکات، بەڵام جاری وا هەیە خیانەت لە پیشەکەی دەکات دەکرێ بزانین سزای ئەمە چۆنە؟**

– لەڕاستیدا هەر کەسێك هەر کارێکی پێ سپێردرا ئەوە ئەو کارەی بۆی داندراوە دەبێتە ئەمانەت لەسەر شانی، هەرکە کەمتەرخەمی کرد، یاخود بە غەش و ناتەواوی کارەکە کرد، ئەوە دەکەوێتە خانەی خائینان، خواش دەفەرموێت ﴿W X Y Z { ﴾ سورة انفال ٥٨. هەروەها پێغەمبەریش دەفەرموێت: (لا إیمان لمن لا أمانة له ولا دین لمن لا عهدله).

## لە ئیسلامدا خیانەتی هەر کارمەندو کرێکارێك بە تاوان هەژمار دەکرێت

*** پەیامی ئیسلام بەشێوەیەکی گشتی لەبارەی مافی کرێکارەوە چیە؟**

– دیارە پەیامی ئیسلام بەشێوەیەکی گشتی بۆ کارو کرێکار ئەوەیە، کاری چاك و پوخت واجبە بەردەوامی هەبێت، وەکرێکاریش ئەرکی سەر شانیەتی ئەو کارەی بۆ دانراوە بەدڵسۆزی و پوختی ئەنجامی بدات، بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی ماندو بوونی شادمان و سەربەرزی بکا خوا دەفەرموێت ﴿ وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَىٰ ﴿٣٩﴾ وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَىٰ ﴾ سورة النجم ٣٩– ٤٠.

*** دوا پەیامتان چیە؟**

– لەکۆتاییدا بەبۆنەی جەژنی کرێکارانی جیهان کە دەکاتە ١ی ئایار داواکارم لەتەواوی ئەو دەستەڵات و کۆمپانیایانەی کە کرێکاریان لەلا کار دەکەن ڕێز لە کرێکار بگرن مافی تەواوی خۆیان بدەنێ و مافیان پێشێل نەکەن، وە لەهەمان کاتیشدا داوا لەکرێکارانی جیهان بەگشتی و کرێکارانی کوردستان بەتایبەتی دەکەم کە کارەکانیان بەدڵسۆزی پوختی بکەن.

## هەر کرێکارێك کەمتەرخەم بێت لە کارەکەی و غەش لە کارەکەی بکات ئەوە ڕوو بەڕووی سەزای خوایی دەبێتەوە

# کوردەکان ئاوری سەرکەوتن بە سەر حکومەتی ماد دا دەکەنەوە

## سامڕەند

لەو بابەتەدا مەبنای ئیستیدلالەکەم ئەو تاریخە ڕەسمییەیە کە هەم کوردو هەم فارس‌و هەم دنیا قبوولّیان کردووە. یانی لێرە من بەپێی بەلگەکانی ئەوانە قسە دەکەم کە نەورۆز پیرۆز دەکەن:

١– وجوودی حکومەتی ماد

٢– دەستپێکردنی ئەو حکوومەتە نزیك بە ٢٥٠ ساڵێك پێش لەحکومەتی پارس.

٣– ڕووخانی حکومەتی ئاستیاك (ئەژدەهاك) کە ئاخرین مەلیکی مادەکانە بەدەستی کورش کە بناغەدانەری حکومەتی ٢٥٠٠ ساڵەی مەلیکیی پارسە.

ئەو سێ مەبنایەی سەرەوە تاریخێکن کە بە عام بەشەرییەت قبوولّیانەو لەلاپەڕەی تاریخی دنیادا سەبت کراون. کوردان لەسروودی ئەی ڕەقیب دا دەڵێن: ئێمە ڕۆڵەی مێدیاو کەیخوسرەوین. مێدیا بە حکومەتی ماد دەڵێن.

### کاوەی ئاسنگەر کێیە؟

لەنێو کوردان کاوەی ئاسنگەر کەسێکە کە لەدژی ئەژدەهاك ڕادەپەڕێ و دەیڕووخێنێ. لەشانۆیەکدا لەڕانیە لە ١٩٩٠ هونەرمەندانی مەعارەزەی ئێرانی ماجەرای کاوەو سەرکوتکردنی زوحاك یان ئەژدەهاك یان نیشاندا. لەپەیامی ڕێبەرانی سیاسی بۆ نەورۆزدا هەمان شت دەبیندرێ. لەشێعرێك دا کە قادر دیلان‌و دوای ویش عزیز شاروخ بە قام دەیلێینەوە هەر ئەوە دەبیندرێ:

ئەژدەهاك زیندانت قەڵا قەڵایە
دیواری کۆنکرێت دەرگات پۆڵایە
ئەژدەهاك کون بڕە سەختە زیندانت
ناڕووشێ بە بڕبەند بەندی گرانت
هەر ئەگری ئەکوژی ئەدەی لە گەرن
مێشك دەرخوارد ئەدەی بە ماری نەوسن

ڕاپەڕینی کاوە لەدژی ئەژدەهاك کە هەمان (ئازیدەهاك یان ئاستیاك)ـە، لەئەدەبو کلتووری کوردەواریدا ڕیشەی داکوتاوە. دەڵێن کاتێك کاوە بەسەر ئەژدەهاك یان ئاستیاك دا سەرکەوت بە نیشانەی سەرکەوتن لەبەرزایی ئاگری کردەوە. بەو ئاگرە دەڵێن ئاگری نوروز. یانی روز نو. بەرهەمەکە فارسییەو لەوێ ڕا هاتۆتە نێو کوردەواری.

لەسروودێکدا دەبیستین:

جێژنە جێژنی کوردستانە جێژنی نەورۆزە، بە تیشکی ئاگر ئەنووسم جێژنە پیرۆزە. سەیری کەن سەیری کەن جەرگ ئەسووتێ‌و بۆکرووزی گەییە ئاسمان، با لە ئێوە ئاشکرا بێ ئەی هەموو جیهان، مێژوومان چەند زوحاك‌و ماری خستە چاڵ، چەند کەسی کرد بە گوڵ بۆ بەهاری ساڵ...

کەس نیە پێمان بڵێ ئەگەر لەو ڕۆژەدا زوحاك (حکومەتی مێدیا) خستراوەتە چاڵەوە، بۆ جێژنە؟و ئەگەر جێژنە بۆ چی جێژنی کوردستانە؟ سەیرە ئەوانەی دەڵێن ئێمە ڕۆڵەی مێدیاو کەیخوسرەوین بۆ ڕووخانی مێدیاو لە چاڵ نانی ئاخر مەلیکی ئەو سیلسیلەیە واتە ئەژدەهاك یان ئاستیاك ئاوری سەرکەوتن هەڵایسێنن!!! هەڵپەڕینی نەورۆز خۆشی‌و کەیفی ڕووخانی حوکمی کوردییەو ئاورکردنەوەکەی ڕەمزی سەرکەوتن بەسەر ئاستیاك ئاخر مەلیکی مێدیایە.

ئاور کردنەوە بۆ نوروز لە کوردستانی ترکیەو عێڕاق نەك لەلایەن خەڵکەوە بەڵکوو لەلایەن هیندێك ئەنستیتۆ وە زاهیرەن وەڕێ خراوە. لە (معهد فنون جمیلە)ی سلێمانی وەختی خۆی لە ١٩٤٨ پێوەندی لەگەڵ مامۆستا پیرەمێرد دەگیرێ‌و داوای لێ دەکەن شێعرێك بۆ نوروز دابنێ. لە ترکیەش لە (٩٠)ەکانەوە لەڕێگای سیاسییەوە نەك خەڵکەوە ئاورکردنەوە هەڵایسا.

کوردستانی عێڕاق لەمەسرەفی کلتووری فارسکرد دا سێ‌و دووی لێ ناکەن. بۆیە لەسلێمانی مجەسسەمەیەکی کاوەی ئاسنگەر دروست کرابوو کە کوتکی لەسەر شان بوو و سەری زوحاکی بریبوو و مارەکەش لەدەستی هالابوو. صدام ئەوەی وە بەر شۆفڵ دا ڕووخاندی، دوایە یەکی دیکەیان ساز کردەوە.

کوشتنی ئەژدەهاك یان ئاستیاك بەدەستی کاوە لەکوردەواری دا کراوە بەشتێکی بنیاتی‌و هەموو دەیلێینەوە.

کوردی ئێرانی نیسبەت بە نوروز بێ مەیل بوون تائێستاش، کوردی عێڕاقی بۆی هەڵدەپەڕن، کوردی تورکیەی کردوویانە بە هۆڤیەتی خۆیان بەعزێك کەس خۆی بۆ دەسووتێنن.

### نوروزو ساڵی ٢٧١٢ی کوردی

ڕوناکبیرانمان زۆر پەلەیان کردووە لەدانانی ئەو مەبنایە بۆ تاریخ. نوروز ئەو ڕۆژەیە کە کاوە ئاگری سەرکەوتن بە سەر ئاستیاك دا دەکاتەوەو کۆتایی بەحکومەتی ماد دێنێ. کە چی دانەرانی تاریخی کوردی بەڕەمەکی هەروا ڕەقەمی ٢٧١٢ یان داناوە. لەواقیعدا ٢٧١٢ ڕەبتی بە نوروزو ئاورکردنەوەی‌و سەرکوتی ئەژدەهاك نییە.

سەرکوتی ئاستیاك لە تاریخی عالەم دا، ئەو تاریخەی لەلایەن عاممەوە بە کوردو فارس‌و بێگانەوە قبوول کراوە، دەبێتە ٢٥٠٠و چەند ساڵێك. هەر وەها ئەو تاریخە دەڵێ کە لەگەڵ ڕووخاندنی حکومەتی ماد، دەورێکی تازە دەستی پێ کرد کە دەبێتە هاتنە سەر حوکمی کورش وەك بناغەدانەری حکومەتی پارس.

کوردان لە نوروز دا هەڵدەپەڕن. ئەو هەڵپەڕینە بۆ ڕووخانی ئاستیاك وەك ئاخر پادشای مادو هاتنە سەر کاری کورش ئەووەڵ پادشای پارسە. ئەو ئاورە کە لە ڕەبەت‌و سیسێرو نەستان‌و بە دەست سەرۆك حیزبەکانی کوردستانی ئێرانی دەکرێتەوە لەم چەند ساڵەی ئەخیردا، ئاوری سەرکەوتنی پارس بەسەر حکومەتی ماد دایە.

لەپارچەکانی دیکە دەڵێن ئێمە ڕۆڵەی کەیخوسرەوین. ئەوە لە جەعلیاتی ئەدەبیاتی فارسە. ئەگەر ئەوان ڕۆڵەی کەیخوسرەو بن هاوڕێیەتی لەگەڵ نوروز سەیر نییە. بەڵام بۆ ئەوەی دەڵێ ئێمە ڕۆڵەی مێدیا ین سەیرە بۆ نوروز هەڵپەڕن‌و ئاور بکاتەوە.

### تەزاددی نوروزو ساڵی ٢٧١٢ی کوردی

ئەگەر تۆ لایەنگری نوروز بی دەبێ دوژمنی ساڵی ٢٧١٢ بی چونکە ئەو نیزامە ئەژدەهاك ی لێ بەرهەم هاتووە. و ئەگەر لایەنگری ٢٧١٢ بی دەبێ لەرۆژی نوروزدا عەزا بگری‌و ماتەمینی وەڕێ خەی چونکە ڕۆژی فەوتانی مادە.

بەحیساب دەڵێن ساڵی کوردی لەوە ڕا دەست پێ دەکا کە حکومەتی ماد دادەندرێ. با بڵێین ئەو تاریخە دەبێتە ٢٧١٢ ساڵ پێش. بەڵام ئاگری نوروز کە لە کلتووری هەم کوردو هەم فارس دا بۆ زاڵبوونی کاوە بەسەر ئەژدەهاك دا هەڵکراوە، تاریخەکەی دەبێتە ئەو ڕۆژەی کۆتایی بە حوکمی ماد دێ. کەوابوو ساڵی ٢٧١٢ کاتی دەست پێکردنی حوکمی مادە، ڕۆژی نوروز کاتی کۆتایی پێهاتنی حوکمی مادە.

نەورۆزی ٢٧١٢ شتێکی پاڕادۆکسە. نەورۆز سەری ساڵی کوردی نییە. ئەگەر ساڵی کوردییەکمان هەبێ نەورۆز کۆتایی پێ هاتنەکەیەتی نەك دەست پێکردنەکەی. دەلیلەکەی ڕوونە. نەورۆز ڕۆژی ڕووخانی ئاستیاك (ئەژدەهاك) وەك ئاخر مەلیکی مادە، ساڵی کوردی ڕۆژی بە حیساب هاتنە سەر کاری مادە. ئاورکردنەوەکەش دەبێتە خزمەت بە عەزەمەتی فارس کە دنە دان و دەست پێکردنەکەی لەپارچەکانی دیکەوە تەزریق دەکرێ، سەرۆك حیزبەکانی خۆمان کە هەر کامە لەو ئاخرییانەدا مەشغەڵێکیان بەدەستەوە گرتووە بۆ هاتنە سەر کاری حکومەتی کورش سەر سیلسیلەی پارس ئاور دەکەنەوە ﴿١، ٢﴾.

سەیری ئەم دەقە بکە بە کوردی لاتین:

# Astiyag

## bû.MadEjî Dehak (an iştovigo) padşahê dawî ya

, kurê wî ku navê wî Astiyag bû deselat girte dest. Ew jî nêzîkey 34 sal HwexşetrePaş deselatdarî kir. li serdema wî de wilatî mad hêmin u kir u kip bû. Astiyag be lasayîkirdinewey patşayanî aşûrî baregay drust kird u xelkêkî zor tiyaî kewtine kar kirdin. derbariyekan clî rengawrengiyan leber dekird u le rêwresm u bone taybetiyekanda zncîr u mlwankey zêrîniyan dekirde ml.
, em kçe drabû be mêrd be yekê le serkirdekanî pars le mandanaastiyag kçêkî hebû be nawî başûr. ewîş dwacar kurêkî debê ke nawî denên kûrş. katê kûrş gewre debê xoy be parsêkî tewaw dezanê u biriyarîş deda ke wilatî mad dagîr bikat.
lemlaw ewla supayek ko dekatewe u be siyasetîş xoy le babiliyekan nêzîk dekatewe u dawayan lê deka ke pêkewe helmet berne ser împiratorîî mad. babiliyekanîş ke demêk bû le hesretî (haran)da bûn ke rêgay hatuçoy nêwan sûriya u babil bû u lejêr destî madekanda bû, debin be hawpeymanî parsekan u dû qolî hêrş debene ser wilatî mad u paş gelê şerî qurs u giran, astiyag ke zorîş betemen bû upatşa u serkirdey supay mad bû, le layen parsekanewe be dîlî degîrê u çemeserîî zor debînê. bewcore deselatdarîî madekan dekewête destî parsekan u kûrş detwanê hkûmetî hexamenşiyekan bo yekemcar damezrênê.
bewcore împiratorîî mad le salî 550î pêş le zayînda estêrey deselatî le tirûske dekewê
http://ku.wikipedia.org/wiki/Astiyag

# بەكارهێنانی مۆبایلو ئەنتەرنێت

**مەلا نەوزاد شەرەبۆتی**




لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، كە دەبینین سەردەم بەرەو پێش دەڕوات، كە وڵاتانی جیهان زۆر داهێنان دەكەن، تەكنەلۆژیای زۆر پێشتكەوتوو بەرهەم دێنن، وەك ئامێرەكانی مۆبایلو ئەنتەرنێت وكۆمپیوتەر.. هتد... ئێمەی میللەتی كورد لەڕووی داهێنان و پێشكەوتوو زۆر دواكەوتوین، بۆیێ پێویستە گرنگی بە خوێندن بدەین، هەوڵ بدەین ئاستی هۆشیاریمان بەرزبكەینەوە، بە بەكارهێنانی مۆبایلو ئەنتەرنێت، كە ئەو ئامێرانە هەموو نیعمەتی خوایە، بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە،خودای گەورە دەفەرمووی ﴿وان تعدوا نعمة الله لاتحصوها..﴾ پێویستە مۆبایل بە چاك بەكاربێنین، زۆر جار بەكارهێنانی مۆبایل بە خراپە بوویتە تێكدانی شیرازەی خێزان، ئەویش ئافرەتان باجەكەیان داوە، كە لە سەری تەلاق دراوە، یان كوژراوە. ئەو كەسانەی كە مۆبایل بە خراپ بەكاردێنن، ئەوانە ئاژاوەگێڕن كەخوای گەورە دەفەرموی ﴿الفتنة أشد من القتل﴾ كەواتە فیتنەوئاشوب گێڕان لە كوشتن گەورەترە، بۆیێ پێویستە پیاوەكان بەتایبەت زوو توڕەنەبن، چونكە پیغەمبەر(درودی خوای لەسەربێت دەفەرموێت: (لاتغضب.. لاتغضب.. لاتغضب..) سێ جار بە پیاویكی فەرموو: توڕەمەبە. ئەگەر هاتوو زەنگێك یان نامەیێك بۆ مۆبایلی خیزانەكەت هات. پیاوەكان باش خێزانی خۆیان دەناسن پێویست ناكات لەسەر مۆبایل ژیان لەخۆیانو خێزانی تێك بدات، چونكە شەیتان زۆر حەز دەكاتن ژن تەلاق بدرێت ئەو كەسانە كەدەیانەوێت، شیرازەی خێزان تێك بدەن، بەڕاستی ئەمە شەیتانە. بۆیە دایكانو خوشكان دەبێت زۆر وشیاربن، لە بەكارهێنانی مۆبایل، هەموو ژمارەیەك وەڵام نەدەنەوە. هەركەسێك خۆی بە موسڵمان دەزانێت دەبێت هەموو موسلمانان بە خوشك و برای خۆی بزانێت، كە پێغەمبەر درودی خوای لە سەر بێت فەرموی (المسلم اخو المسلم).

ئەمڕۆ دەبینین زۆری بە فەیسبوك بەخەڵك رادەبوێرن، زۆری خوێندەواری نیە ئەنتەرنێتی هەیە، ئایە چ سودێك لە ئەنتەرنێت وەردەگرن، ئەو كەسانەی ئاستی زانست و زانیاریان نیە، هەندێك بەس بۆ كاری خراپ بەكاری دێنن، بۆیە پێویستە ئەو كەسانەی ئەنتەرنێت بەكاردێنن، شتی خراپ لەسەر یەكتر بڵاونەكەنەوە، چونكە رەوشتی موسلمانان نیە ئەك كارە .مۆبایل وئەنتەرنێت شتێكی زۆر پێویستە لەبۆ كاروباری رۆژانەمان، یان لە بۆ ئاستی هۆشیاریمان، ئەوكەسانەی بە چاك ئەم ئامێرانە بە كاردێنن، ئەوە موسلمانێكی باشو ڕاستە، با ئێمە هەوڵ بدەین ئەو نیعمەتانەی كە خودای گەورە بە ئێمەی مرۆڤی داوە با لە شتی چاك و باش بەكاری بێنین، باهەموو كاروباری رۆژانەمان لەگەڵ یەكتر بەخۆشی ببەینەسەر، با خۆمان دوور بگرین، لەشتی خراپ یان ئەوەتە ناوی یەكتر بە سووك نەبەین، ئابڕوی یەكتر نەبەین، زۆر پێویستە لەسەر هەموو لایەكمان هەست بەبەرپرسیاریەتی بكەین بەرامبەر بە خوشك وبرایانمان، چونكە هەمووبمان خاوەن خوشك وبراین، بۆیە شەرەفو كرامەتی هەركەسێك باس بكەی بە خراپە چ بە بلاوكردنەوەی وینەو ژمارەی مۆبایلی ئافرەتان لە فەیسبوك یان بێزاركردنی خەڵك بە مۆبایل ئەو كەسە دوورە لە رەوشتی پێغەمبەر درووی خوای لە سەر بێت، دەبا هەموومان ئەنتەرنێتو مۆبایل بە كاری بێنین بۆ خزمەت كردنی گشتی.

گۆزە

# ئایا جنۆکە دەچێتە لاشەی مرۆڤ؟



درەنگی شەو بوو لەدەرگەی ماڵیاندا، دەرگام دەرەوە، کوڕێك بوو، گوتی: مامۆستا (کەسێکم) تێکچووە، ئەگەر بێیت سەیری بکەیت، گوتم: برا ئەز لەو شتانە نزانم، هەندەك قورئانی بەسەردا بخوێنن، بە زوترین کاتیش بیگەیننە لای دکتۆر.

شەوی پاشتر بەهەمان حسێب هاتەوە، گوتی: بە خوای دەبێ هەر بێیت، گوتم: لەو شتانە نازانم، بەڵام هەر دێم، کە چووم نەخۆشەکە بەڕاستی لە حاڵەتێکی دەروونی خراپ دەژیا، لێرەدا ئەوەی گرنگە باسی بکەین‌و، پێویستی بە بڵاوکردنەوە هەیە، هۆکاری نەخۆشییەکەیە.

ئەو کەسە تووشی ئەو نەخۆشییە ببوو، بەهۆی ئەو گرتە ڤیدیۆییە‌و ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنانەی باس لە مەسەلەی جندو ئەو نەخۆشیانە دەکەن، ماوەیەکە هەندێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، چەند کەسێك (کە خۆیان پێ شارەزایە لەبواری نەخۆشی دەروونی) وەکو پزیشك یان وەکو مامۆستای ئایینی یان وەکو هەر کەسێك دەیان هێنن، تا بۆ خەڵکی باس بکەن، بگرە هەندێکیان بەشێوەی عەمەلی ئەو حاڵەتانە پیشان دەدەن، ئەو کەسەی من دیتم یەکێك بوو لە قوربانییەکانی ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنییانە.

لێرەوە داوا لەو (مامۆستایانە‌و دکتۆرانە) دەکەم، کە باسی ئەو شتانە دەکەن، تکایە خۆتان لە تەلەفزیۆنەکانەوە دوور بگرن‌و، ئەو حاڵەتانە باس مەکەن، چونکە هەموو کەسێك دەیبینێت‌و، زۆر کەسیش لە بری چاك بوو، لێیەوە تووشی نەخۆشی دەبن، هەروەك داوا لە ڕاگەیاندنەکان دەکەین، تکایە ئەو باسانە هی تیڤی نیینە، با خەڵکێکی دیکە نەبێتە قوربانی، ئەگینا تێناگەم ئیشی وەزارەتی ڕۆشنبیری چییە سنوورێك بۆ ئەو کارانە دانەنێت.

سەرنووسەر



(مەلا) لە تەفسیرەکەی (مەلای گەورە)دا

# مەلایەتیو تەڵقین

**١٨**

هێمن عومەر خۆشناو- شەقلاوە

قسەکردنی ئەمجارەمان لەسەر دروستیو نادروستی تەلقین نییە، ئەوەندەی دەمانەوێ لەڕێگای ئەم دیاردەیەوە لە زات کردنی ڕۆحی گۆڕانکاریو خۆدواندنو پێداچوونەوەی نەریتەکانو تیشك خستنە سەر هەڵسوکەوتی هەندێ لە مامۆستایانی ئایینی بدوێین، چونکە گومانی تێدا نییە بەشێك دابونەریت لەناو چوارچێوەی دینداریدا خۆی بەرجەستە کردووەو خودی ئەم نەریتانە ئەگەر لەسەر ملی دینداریش حسێب نەکرێن، دەچنە چوارچێوەی نەریتە باشەکانو ئەگەر دەستبەرداریشیان نەبین، دەبێ ئەم دابانە بەشێوەیەکی جوان سوودمەندانە ئەدا بکرێنو هەڵەو پەڵەی نامەعقولیەتیان تێدا ڕەنگ نەداتەوە.

تەلقین دانی مردوو، کە بە ئیجماعی زانایان واجب نییە، بەڵام زۆربەیان بەشتێکی باشیان داناوەو زیاتریش بۆ ئەوە چڕیان کردۆتەوە کە کاریگەری بۆ ئامادەبووانی سەر گۆڕەکە هەبێت، لەو سۆنگەیەوە دیمەنو شوێنو کاتەکەی زۆر لەبارە بۆ هەژانی دڵو دەروونو مرۆڤ لەحاڵەتێکی وا دایە کە لەبەردەمیدا مرۆڤێك تەسلیمی خاك کراوە. بۆیە نکۆڵی کردنو وازهێنانیو خەڵك جێهێشتن لەو دیمەنە بەبێ تەلقین، کارێکە بەهاو جوانییەکانی نەریتی ئەسپەردنەکە کەم دەکاتەوە، هەروەك بەباشی ئەدانەکردنەکەیشی هەمدیس دوو حەربان لەسەر قەرزار دەبێتەوە.

لەناو کۆمەڵگای کوردیدا، زۆربەی مامۆستایانی جاران، تەلقینی مردووانیان بەزمانی عەرەبی دەخوێندەوە، خودی تەلقینەکەیش لەئەسڵدا لای زانایان بە سێ ڕەهەند تەماشاکراوە: الاستحباب والكراهة والإباحة، لە هەر یەکێکیش لەوانە کۆمەڵێك زانا پشتگیری دەکەن، بە هەرحاڵ کە لای ئێمە بە ڕێپێدراوو شتێکی باش تەماشاکراوەو بەو فەرموودەی إن العبد إذا وُضع في قبره وتولى عنه أصحابه إنه ليسمع قرع نعالهم، رواة البخاری، یان لقنوا موتاكم لا إله إلا الله رواه مسلم والترمذی، و چەندین فەرموودەو گوتەی زانایان، بەڵام کێشەکە لەوەدایە بۆچی بەزمانی عەرەبی؟ ئەگەر بۆ مردووەکەیەو مردووەکە گوێی لێیە، وا پێویستە بەزمانی مردووەکە بێت، ئەگەریش بۆ زیندووەکانو ئامادەبوانی مەراسیمی ناشتنەکەیە، هەمدیس دەبێ بە زمانی ئەوان بێت، کەواتە گرنگە مامۆستای ئاینی زاتی ئەوە بکات، ئەو شتانەی نامەعقولو نەگونجاو ناواقیعین، بیانخاتە پشت گوێ یان بەشێوەو شێوازێکی تازەو واقیعیانەو شەرعیانە پەیڕەویان بکات، چونکە پێداگرتن لەسەر شتی هەڵەو بە بیانووی ئەوەی لەکۆندا وا گوتراوەو کۆنەکان لە ئێمە زاناترن، ئەمانە پاساوی نەشارەزاییو زات نەکردنی خۆگۆڕینە. بەدڵنیاییشەوە تا مامۆستایانو ئەنجا پەیڕەوکارەکانیان نەتوانن تەڵقینی خۆیان بدەن، ناتوانن پەیامی ڕاستو ڕوون بە تەلقینێکی شەرعیانەو ژیربێژییانە ئاراستەی دەوروبەر بکەن.

ئەگەر پێشتر وایان زانیوە زمانی کوردی بۆ ئەو مەسەلانە ناشێ، ئەوا لەحاڵێکدا بووینە کە نەیانزانیوە زمان تەنیا ئامڕازو وەسیلەیەو بەس، ئەگەر دابونەریتێك، کە کردنەکەی باشترە لە نەکردنەکەیو دەستبەرداربوونی ئەستەمە، مادەم هەر پێی لەسەردادەگیرێ، ئەوا پێویستە پاك بکرێتەوە لە خڵتو خارو بەزمانێکی کوردی ڕێكو دروست بگوترێت. ئەم تەلقینەش کە بەزمانی عەرەبی دەگوتراو ئێستایشی لەگەڵدا بێت هەندێك مامۆستا تەنیا عەرەبیەکە دەڵێنو کوردییەکەی لەگەڵ ناڵێن، سەردەمێك ببوو بە بنیشتە خۆشەی سەرزاری ناحەزانی ئایینو کردبویانە وەسیلەیەك بۆ توانجو نەقیزەدان لەحاڵەتی دینداری کوردستانو دەیانبەستەوە بەمەسەلەی ناسیۆنالیزمەوە.

جەنابی مامۆستای گەورە، ئەوسا خەمی ئەو حاڵەتەی بووەو بە تەنگی ئەوە بووە، دین بە پاکی بێ خەوشییەوە ڕابگەیەندرێتو ئەدا بکرێتو تانەی لەو مەلایانە داوە کە بە تەنیا بە زمانی عەرەبی تەلقین دەخوێننەوە ((مەلای مولەققین زۆر ئەشیرێنێ، تا مردی گوێی لێ بێ، ئەننەهو لە ڕەغمی قورئان، قووەت ئەداتە خۆی، ئاگاشی لێ نییە، چ جایە مردی، زیندییەکان نایبیستن، تێی ناگەن! من گەلێ جار ئەڵێم: برادەران تەلقینی سەر قەبران بۆ زیندییانە، تێی بگەن، بخوونن، کوردی بەستەزمان لە عەرەبی ناگا (کە مرد هەموو شتێ فێر ئەبێ!) تەمام، خۆزی تا زیندین شتەکتان زانیبا، چ قەیدییە تەلقین بۆ کوردان، بە کوردی بێت، خۆ خوتبەی جومعە نییە، واجبیش نییە، سوننەتیش نییە، ئیتر بڵێم چی؟!)) تەفسیری کوردی، ب٨، لا٧٩. یان دەنووسێ: ((مەلای تەلقین خوێن ئەوەندە ئەشیرێنێ، لەناو قەبری مردی گوێی لێ ئەبێ؟ من گەلێ جار بە موسڵمانان ئەڵێم: ئەو تەلقینە بۆ زیندییانە زۆرباشە، ئەمما لێی بگەن، بزانن سوئالی چییان لێ ئەکەن، بەگوێرە ئیحزارات بکەن. ئەوی مردی ئەوا ڕۆیی، چۆن بوو، ئەگەر موئمینی بێ خەدشە بێ جواب ئەداتەوە، وەئیللا نەڕەنەڕی ئێمە فایدەی نییە! ئەمما نازانم بۆچی ئەبێ تەلقینیش هەر بەعەرەبی بێ؟ هەر قەومە بە لیسانی خۆی بێ، زیندییەکان ئیستیفادەی لێ ئەکەن.)) ب٧، لا٩٨.

بە ئومێدی ئەوەی مامۆستایان لەو نەریتەیشدا پەیامەکەیان ڕوونتر بکەنەوەو بە زمانی کوردیو زمانی مردووەکە زاتی تەلقین دانەکە بکەنو (مەلای گەورە) ئاسا شتێك کە شیاوو ئامانجداربوو قسەی زیاتری لێوە بکەنو بەرگی کرچو کاڵی کۆن لابدەنو بەرگی زانستانەو مەعقولیانەی کۆنو تازەی لۆجیکیانە زیاتر بپۆشنەوە. خۆزی بۆ پەیڕەویکردنی هەموومان!!!

Hem992003@yahoo.com
Facebook:Hemn Omar Khoshnaw

# ساتێك لەگەڵ بەهرەمەندێکی کورد

## دیمانە: مەلا تەیب زیارەتی



خوای گەورە هەر کاتێك نیعمەتێکی لە بەندەی خۆی ساندبێتەوە، ئەوە بەچەندین دەرگای دیکە بۆی پڕدەکاتەوە، بەمەش مرۆڤ هەست بە دڵنیا بونەك دەکات، بەڕێز کاك مەلا (فەرید چۆمانی) هەر لە منداڵیەوە بەهۆی تەقینەوەی لوغمێك هەردوو چاوەکانو دەستێکی لەدەست داون، بەڵام هەر دوای ئەوە نەك هەر بێ ئومێد نەبووە، بەڵکو بویتە مایەی هاندانی زۆری خەڵکی چاوساغیش، جا با پێکەوە کەمێك بە ژیانی ئەو بەهرەمەندە دابرۆینو بیر لە خۆشیو ناخۆشیەکانی بکەینەوە.

+ سەرەتا ئەگەر خۆت بناسێنی

– برای بچوکتان

ناوی تەواوی:

**فرید محەمەد نابینا چاوی،**
**خەڵکی چۆمانم کوندی رایەتیٚ،**
**هەوای خۆش وەکو باغی جەنەتیٚ**
**لە ماڵو حاڵیش من خێزان دارم**
**سیٚ کورم هەیە زۆر کامەرانم**

+ دەربارەی هۆکاری چاو لە دەست دانی گوتی:

کارەساتەکە ئەوەبوو لە گوندێك نزیك گوندی خۆمان لوغمێکمان لەدەست تەقیەوە ٦ نەفەر بریندار بووین ئەوان سوپاس بۆ خودا بەو شێوەیە زیانیان پێ نەگەیشت تەنها منو زانای برام چاوەکانمان لەدەست دا من جگە لە چاو قاچێکیشم لەدەستدا.

ئەمە بە شیعربوو بەکورتی بەدرێژیش من ناوم فەریدە لەساڵی ١٩٧٨ لە قەزای چۆمان چاوم بە دونیا هەڵێناوە لەساڵی ٢٠٠٦ ژیانی هاوسەریم پێکهێناوە سیٚ منداڵیشم هەنە بەناوەکانی (موحەمەد)و (عبد المالك)و (مەولان) لەدوای ئەوەی لەبەر شەڕی عیراقو ئێران راگوێزراین هاتوینە شارۆچکەی حەریر لەتەمەنی ١٠ ساڵی دەستم بە خوێندن کرد، تا پۆلی شەشەمی سەرەتایم خویندو زیاتر نەم توانی لەساڵی (٩٢) دەستم بەقورئان کرد هەردوای تەقینەوەی لوغمەکە ئەوەبوو باوکم پێی دەگوتینو ئیمەش لەبەرمان دەکرد.

+ سەبارەت بەوەش کە ئایا بەشداری هیچ پێشبرکێیەکت کردوەکی کردوە ناوبراو گوتی:

لەوانە ساڵی رابردوو پێشبرکێیەك کرا لەسەر ئاستی بیست جوزو بوو وەکو دەنگ خۆشیو حیفزو تەجوید ئەوەبوو بە پلەی دووەم دەرچووم کە بەغدا سەرپەرشتی پێشبرکێیەکەی دەکرد، وەهەروەها ئەو پێشبرکێیەی دەزگای حاجی یەحیاش تییدا بەشدار بووم سوباس بۆ خودا لە وێندەریش پلەی زۆر باشەم بەدەست هێنا کە دوو ساڵ لەوی بەشداریم کردووە جگە لەمانە چەندین پێشبرکێی تریش بەشداریم تییدا کردوە، دەربارەی ئەوەش کە بە چ قیرائەتو قورئان خوێنەك سەر سامی بەڕێزی گوتی: بەپلە یەك قیرائەتی عیراقی لام خۆشەویستە وەکو حافز خەلیلو شێخ وەلید ئیبراهیم وە لەمیصریەکانیش وەکو مەنشاوی، رۆژانە بەچی خەریکی دەچمە مزگەوت دەوری قورئان دەکەمەوە لەپەنای ئەمەش کەسابەتێك دەکەم ئەویش کارت فرۆشتنە بەرهەمەکانیشی یەکەم گەشتێکی خێرای هۆنراوەیی بەژیانی پێغەمبەر درودی خودای لەسەر بێت کە ئەوەبوو لە ٢٠٠٦/٢/١٤ ئەوکاتەی کە دانیمارك سوکایەتی بە پێغەمبەرمان کرا زۆر دڵم تەنگ بوو کە رێپێوانەکی گەورە لەشاری هەولێر کرا ئەوەبوو یەکسەر سۆزم هەستاو شیعرم بۆ هات بێ ئەوەی دیوانی هیچ شاعیرکیشم بۆ خوێندرا بێتەوە یەکسەر ئەم گەشتەم نووسی کە هەمووی باسی ژیانی پێغەمبەرمان دەکات درودی خوای لەسەر بێت وەك دەربرینی چۆرێك خۆشەویستی لەهەمان کاتیشدا وەڵامێکیش بێت بۆ ئەو بێ ئەدەبانەی کە باسی خۆشەویستمان دەکەن بەرهەمی دووەمیشم چەپکە گوڵێکی بۆندار بۆ سەیدی سەردار کە هەردووکیانم لەسەر ئەرکی خۆ بە چاپ گەیاندووە، هەرچەندە وەزارەتی ئەوقاف کەمێك موساعەدەی کردم، بەڵام کەم بوو، جگە لەمانە چەندین شیعری دیشم هەنو رۆژانەش خەریکم، وەهەندێك لە شیعرەکانم کراینە سرود، لەوانە شیعری ئەی موحەمەد ئەی تیشکی خۆر

**ئەی کانیاوی بەخشندەی زۆر**
**ئەی هەوێنی خۆشەویستی**
**نیشاندەری ڕێگەی راستی**
**پێش تۆ ژیان مانای نەبوو**
**خەڵك لەناو جەهلی دابوو**
**نایان زانی بۆچی ئەژین**
**لە دڵیان بوو زۆر رقو قین**
**دەوڵەمەندو دەسەڵاتدار**
**ئەی چەوساندەوە چینی هەژار**
**روحمو سۆزو خزمایەتی**
**نەبوو لەبەر دژایەتی**
**کە تۆ هاتی هیچیان نەما**

**لە ڕێ لاچوو مژو تەما**
**ئەی بانگ کەری ڕێگەی ڕاستی**
**ئەی هێنەری خۆشی و ئاشتی**
**ئەی مەرحەمی زام و برین**
**پەیمان دەدەین تاکو دەژین**
**فیداکاری ڕێگەی تۆبین**
**لەڕوی دوژمن وەك بورکان بین**
**هەرچەند ئەوان خوین بمێژن**
**بەڵام لاشەی خۆ ئەنێژن**

+ دەربارەی ئەوەش کە نابینایی چی لێ سەندیەوە گوتی:

زاهیری خودای گەورە چاوی لێ سەندیمەوە، بەڵام لای من چاوی دڵ ئەساسە، من هەست ناکەم خودای گەورە شتی دیکەی لێ سەنبمەوە، بەڵکو لەبری چاو دەیان نیعمەتی ترم پێ بەخشراوە ئەگەر شوکر بم، یەك لەوانە خودای گەورە منی ئەوا خۆشەویست کردوە لەناو خەڵك، بەجورێك خەڵك ئەوندە منیان خۆش دەوێتو تا دەمرم قەرزاری هەموویانم، لەوانەیە ئەگەر چاوم ساغ با ئاوا نەبام.

دووەمین خودای گەورە زەینێکی باشی پێداوم، ئەگەر یەکجار دەنگی کەسێکم گوێ لێبیتن، دواتر بەس دەنگی بێت دەزانم کییە، جگە لەمەش ماوەك پێشی ئێستا هەڵستام بەدانانی کەناڵێکی رادیۆ لەسەر شەپۆلی fm بەناوی رادیۆی (پرشنگدار) کە ئەوەبوو لە هەموو کۆمەڵگەی شاوەیس پەخشم دەکردو وەری دەگرت، بەڵام دوایی لەبەر ئەوەی لەڕوی یاساوە ڕێگە پێدراو نەبوو وازم لێ هێنا، کە ئێستاش کەلوپەلەکانم ماون وەتوانیتم نزیکەی هەموو قورئانی پیرۆز لەبەر بکەم، بۆیە خوای گەورە زۆری بۆمن کردوە تا دەمرم شەرمەزاری خودام.

+ دەربارەی ئەوەش کە چاو چ نیعمەتێکە بەڕێزی گوتی:

هەموو ئەندامەکانی مرۆڤ نیعمەتێکی گەورەن بەتایبەت چاو نیعمەتێکی یەکجار گەورەیە هەر نابینایان ئەم کرنگیەد زانن هەروەك شاعیر دەڵێت:

(الصحة تاج علی رؤس الصحیاء لایراها الا المرضی) بەڵێ چاو زۆر گەورەیە، سەبارەت بەو کەسانەش کە چاویان هەیە گوناهی پێ دەکەن گوتی:

ئەو چاوە نەبیتن زۆر باشترە نەك چاوت هەبیتو گوناهی پێ بکەی، من نزیکەی ٢٠ ساڵە ئەم کارەساتەم بەسەر هاتووە ئەوکەسەی گوناهی بەچاو کردوە خۆشی دیتووە ئێستا وەکو منە خۆشی‌وناخۆشییەکان رۆیین‌و لەبیرکران، چ ئەو لەزەتەی کە بەچاو بینیتی ئەوەی کە منیش نەم بینیە، داناخۆشترین رۆژم لەو رۆژەبوو وەك پێگوتی کە سوکایەتیا بە پێغەمبەر کرد وە مردنی باوکم و شەهید کردنی فاروقی برام بەتایبەت باوکم چونکە هەم باوکم بوو هەمیش مامۆستا چونکە ئەوەندەی ریز لی دەنایں بۆیە من تا دەمرم خزمەتی خۆری سەر قەبری بکەم هەرکەمە بەردەوام دەیگوت: حەز بە ژیان ناکەم بەڵام حەزم لییە تەمەنم ١٠٠ ساڵ بێت بەس بۆ ئەوەی خزمەتی ئێوە بکەم‌و ڕێنمایتان بکەم لەبارەی ئەوەی ئەگەر چاوت چاك ببویەوە حەز دەکەی چی بدینی گوتی چەند شتێك لەوانە یەکەم دایکی بەڕێزم وەهەروەها لەدوای ئەوەی چاوم لەدەستدا چەند برایەکم پەیدا بوونە حەز دەکەم بیان دینم وەهەروەها منداڵەکانم‌و خێزانم بینینی تۆشە بەهەمان شێوە کە چاوپێکەوتنم لەگەڵدا دەکەی خۆشترین رۆژی ژینم یەك لەوانە کە گەیشتمە نیوەی قورئان وە کە ئەو دوو کیتابەم تەواو کرد وەهەروەها رۆژی ریپێوانەی چواردەی دوو بۆ دەربرینی خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر وەهەروەها ئەو رۆژەی پرۆسەی هاوسەرگیریم پێکهێنا لەکۆتایش بەم شێوە وەڵامی هەندێك پرسیاری بە کورتی دایەوە قورئان مانای ژیان مزگەوت شوینی نەمانی گرفت دایك خۆشەویست هاوسەر هەموو خۆشیەك منداڵ ڕۆنایی هەولێر پایتەختی جوان داهاتووی ئیسلام‌و موسڵمانان گەشبینم هەژاری دەردی گران دوژنی بەختەوەری‌و دۆزەخ.



taybzyarati@gmail.com



# سیفەتەکانی بەندە چاکەکانی خودا لەقورئاندا

**بەشی سێیەمو کۆتایی** | **نووسینی: حیدر محمود حسن**

٧- خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿...وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ...﴾ (الفرقان/٦٨) واتە: (کەسیش ناکوژن کەخوا کوشتنی حەرام کردبێت مەگەر بەحەق وڕەوا) (ت/ئاسان)، نەکوشتنی هیچ کەس یەکێکە لەسیفەتە دیارەکانی بەندە صاڵحەکان مەگەر بەحەق نەبێت، بەڵام لێرەدا شتێك هەیە کەپێویستە کەمێك لەسەری بوەستین ئەویش ئەوەیە کوشتنی کەسێك بەناحەق کەجەزاکەی ئەوەیە کەبکوژرێتەوە، بەلآم لێرەدا خودا ئاماژە بەکوژرانی بڕوادارێك بەئەنقەست بەم شێوەیە باس دەکات وەك دەفەرمووێ: ﴿وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا﴾ (النساء/٩٣) واتە: (هەر کەسێك بەدەستی ئەنقەست ئیماندارێك بکوژێت (بەحەلاڵی بزانێت) ئەوە تۆڵەی ئەو کەسە دۆزەخە، نەمرە تیایدا، هەروەها خوا لێی توڕە بووە ونەفرینی لێکردووە وسزایەکی گەورە وبێ سنووری بۆ ئامادە کردووە) (ت/ئاسان)، وە پێغەمبەر( d ) لەم باسەدا فەرموویەتی: (اجتنبوا السبع الموبقات" قيل: يارسول الله، وما هنَّ؟ قالِ: "الشرك بالله، والسِّحر، وقتل النفس التي حرم الله إلا بالحق،..) (رواه أبو داود) واتە: (خۆتان بپارێزن لەحەوت تیا بەرەکە، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوانە چین؟ فەرمووی: هاوبەش بڕیاردان بۆخودا، جادوو ، وکوشتنی نەفسێك کەخوای گەورە حەرامی کردووە تەنها بەحەق نەبێت)، لێرەوە بۆمان ڕوون بوویەوە کەوا کوشتنی کەسێك نەحەق جائیز نییە وڕێگە پێنەدراوە، مەگەر بەحەق نەبێت، بۆیە گەیشتن بەکاروانی صاڵحان دەبێت ڕەچاوی ئەم گوناهە گەورەیە بکەین کەوا تووشی نەبین (خودا پەنامان بدات).

٨- خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿...وَلَا يَزْنُونَ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا...﴾ (الفرقان/٦٨) واتە: (هەروەها زینا ناکەن ونزیکی ناکەون، جا ئەوەی ئەو جۆرە کارە خراپانە ئەنجام بدات، ئەوە تووشی سزا وئازار وڕیسوایی دەبێت) (ت/ئاسان)، یەکێك لەسیفەتە هەرە بەرزەکانی بەندە صاڵحەکان لەلای خودا ئەویش زینا ناکەن وخۆیان وئاڵ وبەیتیان دەپارێزن، زینا کردن واتە گەیشتنی ئافرەت وپیاوێك نامەحرەم (لیەك مارە نەکراو) جووت بوونیان بەشێوەی نادروست، لەم بابەتە پەیوەندی بەشەهوەت وئارەزووبازیەوە هەیە، سەرەڕای گەورەیی گوناهەکە کەیەکێکە لەگوناهە گەورەکان قەردێکیشە لەسەرت وەك ئیمامی شافعی دەفەرمووێ: (زینا کردن قەردێکە لەسەرت دەبێت بیدەیتەوە بەهەر شێوەیەك بێت)، دەبێت بۆ خۆپاراستنمان خۆمان لەهەموو ئەو شتانەی ڕێگایەکە بۆگەیشتن بەم تاوانە بپارێزین وەك (نەزەر کردن، بینینی شتی خراپ چ ڤیدیۆ بێت یان رسم، جوڵاندنی شەهوەتت هەتا غوسلی جەنابەتت بێتە سەر (دەستپەڕ)، ... هتد) پێویستە ئێمەی موسڵمان خۆمانو ماڵو منداڵمان لێیان بپارێزین کەچی لەقورئاندا زیاتر لە (١٤٠٠) ساڵە خودای گەورە گڵۆپی سووری بۆ پێکردووین کەوا نەك نزیکی زینا نەکەوین بەڵکو نزیکی ئەو هۆیانەش نەکەوین کەوا ڕێ خۆشکەرن بۆ زینا وەك دەفەرمووێ: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا﴾ (الاسراء/٣٢) واتە: (هەرگیز نەکەن توخنی زینا بکەون ولێی نزیك ببنەوە، چونکە ئەوە بەڕاستی گوناه وتاوان وهەڵە وڕێچکەیەکی زۆر ناقولآیە) ت/ئاسان)، سەرەڕای هەموو زیانێکی جەستەیی زیانێك ودەردێکی زۆر گەورەی پێوەیە ئەویش وەك پێغەمبەر( d ) دەفەرمووێ: (إذا زنى العبد خرج منه الإيمان وكان كالظلة فإذا انقلع منها رجع إليه) (رواه أبوداود والحاكم) واتە: (گەر کەسێك زینا بکات، باوەڕ تیایدا دەردەچێت و وەك سێبەرێك بەسەرییەوە دەمێنێتەوە گەر وازی لێ هێنا ودەست بەرداری بوو ئەوا دەچێتەوە ناوی) واتە باوەڕەکە دەچێتەوە ناو دڵی ئەو کەسە، شتێکی گرینگ لێرەدا هەیە پێویستە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە یەکێك لەو حەوت جیلانەی کەوا لەڕۆژی پاداشت و سزا لەژێر سێبەری خودادا دەبن، (... رجل دعته امرأة ذات منصب و جمال ...) (رواه البخاری) واتەکەی بەشێوەیەکی درێژ وایە: (کەسێکە بڕوایەکی بەتین ودەروونێکی زیندووی هەبێ وترسی خودای گەورە لەقولآیی دڵیدا جێگیر بووبێت، هیچ هێزێك نەتوانێت لەخشتەی بەرێت، وئەو کەسە ئەگەر بێت و ئافرەتێکی شۆخ وشەنگی خانەدان هەوڵی سەرنج ڕاکێشکردنی بدات بۆ بانگهێشتی بکات بۆ کاری نابەجێ، دان بەخۆیدا بگرێ ودەڵێت: من لەخودا دەترسم و کاری لەو جۆرە ناکەم، بێگومان ئەمەش داوێن پاکییە وپاداشتی ئەو کەسە تەنها سێبەری میهرەبانی پەروەردگارە، هەروەها ئەم لایەنە ئافرەتی داوێن پاکیش دەگرێتەوە.) کەواتە بەندە چاکەکارەکان ئەوانەن کەخۆیان دەپارێزن لەزینا وئەمسالی زینا وهەموو هۆیەکانی زینا.

٩- خودای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَامًا﴾ (الفرقان/٧٢) واتە: ((بەندەکانی خوای میهرەبان) ئەوانەشن کەشایەتی ناحەق نادەن، هەرگیز لەشوێنێکدا ئامادە نابن کەشایەتی ناحەقی تێدا ئەنجام دەدرێت ویان درۆی تێدا دەکرێت، کاتێکیش بەلای گەمەو گاڵتەو چۆپۆکانی نەفامانندا تێدەپەڕن، بەهێمنی و لەسەرخۆیی و سەربەرزیەوە تێدەپەڕن) (ت/ئاسان)، بەڕاستی خۆپارێزی لەم گوناهە خیرەتێك وجورئەتێکی ویژدانی دەوێت کەدڵ ودەست وعەقڵ بڕیاری لەسەر نەدات کەئەنجامی بدات، کەئەمەش سیفەتێکی دیاری بەندە چاکەکارەکانە پێویستە لەسەر ئێمە موسڵمان خۆمان لەدرۆ بپارێزین بەگشتی وبەتایبەتی شایەتی درۆ ئەوەتا پرسیاریان لەخۆشەویست کرد( d ) وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا موسڵمان زینا دەکات؟ فەرمووی: بەڵێ لەدوایدا تەوبە دەکات، وتیان: ئەی ریبا دەخوات؟ فەرمووی: بەڵێ، دوایی تەوبە دەکات.... هەتا وتیان: ئەی موسڵمان درۆ دەکات؟ فەرمووی: نەخێر، موسڵمان درۆ ناکات)، شایەتی درۆ یەکێکە لەو گوناهە گەورانەی کەپێویستە هەرچی موسڵمان هەیە کەوا خۆی لێ بپارێزێ چونکە پیشەی موسڵمانان نییە وەك خودای گەورە دەفەرمووێ: ﴿فَاجْتَنِبُوا الرِّجْسَ مِنَ الْأَوْثَانِ وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ﴾ (الحج/٣٠) واتە: (هەروەها لەگوفتاری درۆو قسەی هەڵبەستراو خۆتان دوور بگرن) (ت/ئاسان)، ئەم کارەش پشەی مرۆڤی خوا پەرست وباوەڕدار نییە چونکە ئەمەش هۆی چوونە ناو ئاگرەوەیەو سزایەکی توندی پێوەیە وەك لەفەرموودەیەکی پێغەمبەردا ( d ) هاتووە کەدەفەرمووێ: (لن تزول قدما شاهد الزور حتى يوجب الله له النار) (رواه ابن ماجة والحاكم) واتە: (پێی خاوەن شایەتی درۆ



ناجوڵێت لەقیامەتتدا تاوەکو ئاگری بەمولگا نەبێت)، وەهەروەها لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە کەدەفەرمووێ: (ألا أخبركم بأكبر الكبائر قالوا: بلى يا رسول الله قال: الإشراك بالله وعقوق الوالدين وشهادة الزور أو قول الزور). قال فما زال رسول الله( d ) يقولها حتى قلنا ليته سكت) (رواه الترمذي) واتە: (هەواڵتان بدەمێ بەتاوانە گەورەی گەورەکان، وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: هاوبەش بریاردان بۆ پەروەردگار وەنەدانی مافی دایك وباوك، وە شایەتی درۆ، یان وتەی درۆ، ڕاوی دەڵێت: هەردوو بارەی دەکردەوە ئەوەندە تاکو وتمان: خۆزگە بێ دەنگ دەبوو)، بەڵام لێرەدا شتێك کەگرنگە ئاماژەی پێبدەین کەوا پێغەمبەر( d ) فەرموویەتی: کە پوختەی فەرموودەیەکە وایە (هەر کەسێك ڕووداوێکی بینی، حەق بوو بەنا حەق وە بەپێچەوانەوەش بوو، کەسەکە شایەتی نەدا لەسەر ئەوەی کەوا ئەو حەقە وئەویش ناحەق وەکو ئەوە وایە کەوا شایەتی بەدرۆی دابێت)، درۆزن خودای گەورە لەعنەت ونەفرەتی لەدونیا وقیامەتی لێکردووە وەك دەفەرمووێ: ﴿ثُمَّ نَبْتَهِلْ فَنَجْعَل لَّعْنَتَ اللَّهِ عَلَى الْكَاذِبِينَ﴾ (آل عمران/٦١) واتە: (پاشان لەخوا بپاڕێنەوە وئینجا داوا بکەین نەفرین ولەعنەتی خوا داببارێتە سەر درۆزنەکان) (ت/ئاسان)، لەبارەی درۆزنانەوە پێغەمبەر( d ) دەفەرمووێ: (...وان الكذب يهدي الى الفجور، وان الفجور يهدي الى النار، وان الرجل ليكذب حتى يكتب عند الله كذاباً) (متفق عليه) واتە: (درۆکردن سەر ئەکێشێت بۆ تاوان باری وە تاوان باریش سەر ئەکێشێت بۆ چوونە ناو ئاگرەوە، وەپیاو کە هەر درۆ دەکات تاوەکو لای پەروەردگار بەدرۆزن دەنوسرێت)، وە درۆکردن پیشەی مرۆڤی دووڕووە خوای گەورە بمانپارێزێت، پێویستە خۆمان بپارێزین لەگوناه چونکە یەکێکە لەنیشانەکانی دووڕووەکان وەك پێغەمبەر( d ) دەفەرمووێ: (آية المنافق ثلاث: إذا حدث كذب، وإذا وعد أخلف، وإذا أؤتمن خان) (رواه البخاري) واتە: (سیفەتی

وگەورەیی ئایەتەکانی خودا دەزانن، لێرەدا تەنها نموونەی ئەم پیاو چاکانەتان بۆ باس دەکەم، دەڵێن: جارێك سوڵتان مەحمودی غەزنەوی، دێ بۆ حزمەت ((شێخ ئەبولحەسەن))ی خەرقانی، بۆ ئەوەی (شێخ ئەبولحەسەن) تاقی بکاتەوە، لەڕێگادا لیباسەکانی خۆی لەبەر هەیاس دەکاو لیباسی هەیاس لەبەر دەکا، وشیرێك بەدەستەوە دەگرێ ولەپشت سەر هەیاس دەڕوا، کاتێ لەخانەقای شێخ ئەبولحەسەن نزیك دەبنەوە پیاوێك دەنێرێ بۆلای شێخ ودەڵێ: بەشێخ بڵێ، سوڵتان مەحموود لەغەزنەینەوە بۆ خزمەت جەنابت هاتووە، تۆش لەخانەقا وەرە دەرەوە بەخێرهاتنی بکە، ئەگەر نەش هات ئەو ئایەتەی سوورەتی (النساء)ی بۆ بخوێنەوە کە خوا دەفەرمووێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ﴾ (النساء/٥٩) واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، فەرمانبەرداری وگوێڕایەڵی خوا وپێغەمبەرو فەرمانڕەواکان بکەن کەلە خودی خۆتانن (لەبیرو باوەڕو پابەندیدا) (ت/ئاسان)، کابرا ئایەتەکەی بۆ خوێندەوە، (سەیر بکەن بەڕێزان چۆن وەڵام کابرا دەداتەوە) شێخ فەرمووی: بەسوڵتان مەحموود بڵێ، ئەبولحەسەن دەڵێ: وەها لە (أَطِيعُوا اللَّهَ)دا غەرق بووم، ئاگام لە (وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ)یش نەماوە، جا چبگات بە (وَأُولِي الْأَمْرِ)، کەواتە پێویستە لەسەر ئێمەی موسڵمان بۆ ئەوەی بگەین بەکاروانی صاڵحان وپیاوچاکان دەبێ گوێڕایەڵی فەرمایشتەکانی خوداو پێغەمبەر( d ) بین وبێدار بینەوە.

١١- خودای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا﴾ (الفرقان/٧٤) واتە: (ئەوانەشن کەدەڵێن: پەروەردگارا لەهاوسەران و نەوەکانمان کەسانێکمان پێ ببەخشە کە ببنە مایەی ڕووناکی دیدەمان و شادمانی دڵمان وبمان کەبەپێشەوا بۆ پارێزکاران وخواناسان) (ت/ئاسان)، بەگشتی دوعا کردن بۆ ئەوەی خودا

واتە: (چاکترین ژن ئەوەیە کە کاتێك سەیرت کرد دڵخۆشی کردی، وە کاتێك فەرمانت پێدا گوێڕایەڵی کردی، وەکاتێك سوێندت لێ خوارد سوێندی نەخستی، وە کاتێك لێی دوورکەوتیتەوە خۆی وماڵەکەی بۆ پاراستی)، بۆ منداڵی صاڵح کەخوای گەورە پێت ببەخشێ، کەچوویتە پاڵ خێزانت (بسم الله) بکە، وە هەروەها دوعا بکەن بۆ ئەوەی خودا منداڵی صاڵحتان پێببەخشێ، وێنەی منداڵی صاڵح وەك وێنەی کوڕی عومەری کوڕی عبدالعزیزە (خوا لێی ڕازی بێت)، کاتێ عمری کوڕی عبدالعزیز بوو بەپێشەوای ئیمانداران (دیار بوو ئەوکاتە نزیکی نیوەڕۆ دەبوو) ویستی بچێ کەمێ بخەوێ (قیلولە بکات) کوڕەکەی پێی وت: باوکە چی ئەکەی؟، ووتی: کەمێ دەخەوم، وتی: باوکە ئەی کاروباری خەڵکی، وتی: دوای هەڵسانم لەخەو بەئەنجامی دەگەیەنم، وتی: باوکە تۆ خۆت داناوە تا نیوەڕۆ بژیت، ئەو کاتە عمر کەمێ وەستاو وتی: سوپاس بۆ خودا کەوا منداڵێکی صاڵحت پێبەخشیم وئاگادارم دەکاتەوە لە فەرمایشتەکانی تۆ. یان هاوسەرەکانی پیاوچاکان کاتێ مێردەکانیان دەڕۆیشتن بۆ کار، بەر دەرگا ڕادەوەستان و ئەیان وت بەمێردەکانیان: (ئێمە بەرگەی برسیەتی دونیا دەگرین بەڵام بەرگەی تین و ئاگری دۆزەخ ناگرین)، کەواتە دوعا کردن وهەڵبژاردنی هاوسەری چاك پێویستە لەسەر ئێمە کەوا بۆ گەش کردنی دواڕۆژمان و گەیشتن بەکاروانی صاڵحان لەکۆتاییدا بەم شیعرەی مەلا مەحمەدی کۆیی (مەلای گەورە) کۆتایی پێ دێنم کەدەربارەی ئافرەت تەفسیرێکی جوانی ئافرەتی چاك کردووە، وەك دەڵێ:

**ژن زینەتی دونیایە**
**ئەمانەتی خودایە**
**حەبیبی مستەفایە**
**قەڵاتن لەبۆ مێردان**
**ژن ئەگەر بەحورمەت بێ**
**بێ زیللەت وزەحمەت بێ**
**بەتەربییە ورەحمەت بێ**
**دڵ گوشاد ولێو خەندان**
**کوڕی دەبێ وەکو شێر**
**عاقڵ ودانا ودلێر**
**بەدڵ غەنی وبەچاو تێر**
**سەردار و مەردی مەیدان**
**دەرحەق ژنان بێ باکن**
**بۆیە بێ داکی چاکن**
**سەیری حاڵی خۆ ناکەن**
**وەك درکن لەنێو عەردان**
**ژنیش وەك موزەکەرە**
**عەینەن ئەویش بەشەرە**
**چاو لادانی لەسەرە**
**هەردوو لەیەك حوکمدان**
**وەزیفەی زۆر گەورەیە**
**دەزانی ئەویش چییە؟**
**منداڵ بوون وتەربیە**
**بێ مەسخەرە وجوێن پێدان**




مونافیق سێیە: گەر قسە بکا درۆ بکات، گەر بەڵێنیدا بەڵێنەکەی ناباتە سەر، گەر شتێکی لادانرا یان پێی سپێردرا خیانەتی تێدا بکات)، لێرەوە پێویستە ئێمەی موسڵمان بۆ گەیشتن بەکاروانی بەندە صاڵحەکانی خودا پێویستە خۆمان بەدوور بگرین لەهەموو جۆرە درۆیە.

١٠- خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَالَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَمْ يَخِرُّوا عَلَيْهَا صُمًّا وَعُمْيَانًا﴾ (الفرقان/٧٣) واتە: (هەروەها ئەوانەش، کاتێك بەئایەت وفەرمانەکانی پەروەردگاریان بێدار بکرێنەوە، هەروا بەکەڕی وکوێری بەلایاندا تێناپەڕن (بەڵکو تێدەفکرن ولێکی دەدەنەوە و پاشان پەیڕەوی دەکەن)) (ت/ئاسان)، سیفەتی بەندە صاڵحەکانی خودا ئەوانەن کەوا نرخ

ماڵ ومنداڵی صاڵحمان پێببەخشێ، لێرەدا هەڵبژاردنی هاوسەر بەویست وهەست ونەستی تۆوە دەبێت بۆ سەربەزیت هاوسەری چاك هەڵبژێرن وەك پێغەمبەر( d ) دەفەرمووێ: (تنكح المرأة لأربع: لمالها، ولحسبها، وجمالها، ولدينها، فاظفر بذات الدين تربت يداك) (رواه البخاري ومسلم) واتە: (ئافرەت لەبەر چوار شت ئەخوازێ: یان لەبەر سامانەکەی، یا بنەماڵەی، یا لەبەر جوانییەکەی، یا لەبەر ئاینەکەی، جا ئەوەی دیندارە بیخوازە دەستت خۆڵاوی بێت ئەگەر وانەکەیت)، یان دەفەرمووێ: (خير النساء من إذا نظرت إليها سرَّتك، وإذا أمرتها أطاعتك، وإذا أقسمت عليها أبرَّتك، وإذا غبت عنها حفظتك في نفسها ومالك) (رواه النسائي وغيره بسند صحيح)


سەچاوەکان:
١- قورئانی پیرۆز
٢- بەرنامەی (موسوعة الحديث الشريف)
٣- کتێبی (فقه السنه) -سيد سابق- وەرگێڕانی: حەمە ئەمین ئەحمەد بەرزنجی
٤- کتێبی (فەرموودە هاوبەشەکانی بوخاری وموسلیم) ئامادەکردن و وەرگێڕانی: حەمە کەریم عبدالله
٥- نامیلکەی (ئاگادار بوون لە ٤٦ تاوانی گەورە کورتەیەك لە (كتاب الكبائر الإمام الذهبي والكبائر للشيخ محمد بن سليمان التميمي) وەرگێڕانی: باوکی ڕەیان
چەند سەرچاوەیەکی تر

# ژیاننامەی مامۆستای ئایینیو پەرلەمانتار ( مامۆستا مەلا تەڵحە )ی مەنتك



ناوی تەواوی مامۆستا مەلا (تەڵحە سەعیدی مەنتك)ەو، لە ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی (دووشیوانی) مەنتك، لە خێزانێكی ئایینپەروەو، نیشتیمانپەروەر لەدایكبووە، هەر لە منداڵییەوە چووەتە بەرخوێندنی ئایینیو، لای چەندین مامۆستای ناوداری ئایینی خوێندوویەتی، وەك: مامۆستا مەلا شەریفو، مامۆستا مەلا تەیب دووشیوانیو، ..هتد، تاكو ئەوەی كە لە ساڵی ١٩٥٣ ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووەو، هەمان ساڵیش ژیانی هاوسەریەتی پێكهێناوەو، لە گوندەكەی خۆیان بووەتە پێشنوێژو وتارخوێن تاكو ساڵی ١٩٧٠ لەوێ ماوەتەوە.

لەسەر ئاستی كاری رێكخراوەیی، مامۆستای خوا لێخۆشبوو یەكێك بووە لە ئەندامانی كۆنگرەی یەكەمی یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان لەساڵی ١٩٧٠ (كۆنگرەی دامەزراندن)و، لەو كاتەوە تادواساتەكانی تەمەنی لە سەركردایەتی یەكێتی زانایان خزمەتی زانایانی كردووەو، لە كۆنگرەكانی دووەمو سێیەم ئەندامی سەركردایەتیو جێگری سەرۆكی یەكێتی زانایان بووە، هەروەها ئەندامی یەكەم پەرلەمانی هەڵبژێردراوی كوردستان بووە.

مامۆستا مەلا تەڵحە خاوەنی كەسایەتیەكی بەرزو هەڵكەوتوو بووەو، لە سەر ئاستی هۆزو بنەماڵەو ناوچەكەی خاوەنی رێزێكی تایبەتی بووەو، ژیانی لە پێناوی خزمەتكردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامو، داكۆكیكردن لە مافی نەتەوەو گەلەكەی بەسەربردووە.

لەنیوەرۆی رۆژی ٢٠٠٧/٤/٢٦ كۆچی دوایی دەكاتو، هەر لە گۆرستانی گوندی (دووشیوان) گیانی بە خاكسپێردراو، لە دوای خۆی پێنج كورو سێ كچی جێهێشت، كە دوای وەفاتی مامۆستا لەسەر ئەركی خۆیان هەڵسان بە دروستكردنی مزگەوتێك لە گەرەكی (شارەوانی) شاری هەولێر، بە ناوی (مزگەوتی مەلا تەڵحەی مەنتك)، وەك رێزو وەفایەك بۆ رۆحی بەرزی مامۆستا، خوای گەورە بە بەهەشتی شاد بكات.

## كوردستانی رۆژهەڵات: مامۆستای ئایینیو كەسایەتی ناودار مامۆستا مەلا خالید میراوەیی كۆچی دوایی كرد

دوای بەسەربردنی تەمەنێكی پڕ لە خزمەتو، ژیانێكی پڕ شكۆ لە پێناو بەرەودان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامو وڵاتەكەی، رۆژی هەینی ٢٠١٢/٣/٣٠ مامۆستای ئایینیو كەسایەتی ناوداری كوردستانی رۆژهەڵات مامۆستا مەلا خالید میراوەیی لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا كۆچی دوایی كرد.

بەم بۆنەیەوە لە مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایانەوە، وێڕای رازی بوون بە ویستو فەرمانی پەروەردگار، بە نزای خێرو پاڕانەوەمان لە دەرگای پەروەردگار، داواكارین كەخوای گەورە مامۆستای كۆچكردوو بە بەهەشتی فیردەوس شاد بكاتو، سێبووری بە زانایانی ئایینیو، دۆستو خزمو بنەماڵەی مامۆستا بدات .

انا لله وانا الیه راجعون

# ناحیەی رزگاری: مامۆستا مەلا عەزیز ابراهیم كۆچی دوایی دەكاتو لقی گەرمیان پرسەنامەیەك ئاراستە دەكات

**دانا مەلا حەمەئەمین- گەرمیان:** پاش حەفتاو دوو ساڵ تەمەنی پر بەرەكەتو خزمەت بەدین، نیوەرۆی رۆژی ٢٠١٢/٤/١٩ مامۆستا مەلا (عزیز ابراهیم علی) دڵە گەورەكەی لەلێدان كەوتو، بۆ هەمیشەیی گەرایەوە بەر دلۆڤانی پەروەردگارو، ماڵئاوایی لە كەسوكارو دۆستانو ئازیزانو زانایانی ئاینی كرد.

مامۆستای كۆچكردوو لەساڵی (١٩٤٠) لەگەرمیان لەدایك بووەو، دواتر چوەتە بەرخوێندنی ئاینیو لای مامۆستا مەلا عبداللەی بەرزنجی بروانامەی زانستی مەلایەتی وەرگرتووە، لەساڵی ١٩٧٢ پاش دامەزراندنی یەكێتی زانایان بە ئەندام قبوڵ كراوەو، لەساڵانی ١٩٩٩-٢٠٠٥ كارگێری ناوچەی ناحیەی رزگاری سەربەقەزای كەلاری یەكێتی زانایان بووەو، سەربەرزانە ئەركە رێكخراوەییەكانی بەجێ هێناوە.

مامۆستای ناوبراو پاش ئەوەی بروانامەی زانستی مەلایەتی وەرئەگرێ، لە گوندەكەی خۆیان (عزیز قادر ) و چەند گوندێكی تر مەلایەتی كردووەو، دواجاریش و تاكاتی خانەنشینكردنی وەكو ئیمام لەمزگەوتی گەورەی ناحیەی رزگاری سەربەقەزای كەلار ماوەتەوە.

ئەمەو هەربەو بۆنەیەوە لقی گەرمیانی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان بروسكەیەكی سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادەو كەسو كاری مامۆستای كۆچكردوو كرد، كە ئەمەی خوارەوە دەقەكەیەتی :

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

**بەرێز/ خانەوادەی**

**مامۆستا مەلا عەزیز ابراهیم علی**

**بابەت / بروسكەی ماتەمینی**

بەخەم و پەژارەیەكی زۆرەو بە رەزابوون بە بەڵێنی پەروەردگار هەواڵی كۆچی دوایی مامۆستا ی بەرێزمان پێگەیشت پرسەو سەرخۆشی خۆمان و زانایانی ئاینی تان پێ رائەگەیەنین و بەشداری خەمتانین كۆچی مامۆستا كەلێنێكی دیاری خستە نێو زانایانی ئاینی یەوە ، داواكارین لە خوای میهرەبان مامۆستا جێگەی فیردەوسی ئەعلا بێت لەبەهەشت و سەبوری ئێوەی بەرێز و دۆست و ئازیزان و زانایانی ئاینیش بدات

انا لله وانا الیه راجعون

**لقی گەرمیانی**

**یەكێتی زنایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان**

**هەینی ٢٠١٢/٤/٢٠**





# هەر مەلایەو قسەیەك دەكات..!

مەلا عەبدوڵڵا شێركاوەیی

زۆرێك لە خەڵكو تاكەكانی نێو كۆمەڵگە، لە ئەنجامی پرسیاركردن لە مامۆستایەكی ئایینی، یان گوێ گرتن لە وتاری وتاربێژێك، یان موتابعەكردنی بەرنامەیەكی ئایینی لە كەناڵەكانی راگەیاندن، ئەو رستەیەی لای سەرەوەی بۆ دروست دەبێ، كە بۆچی مامۆستایانی ئایینی لەسەر هەندێ مەسەلەی شەرعیو ئوموری دینی هەر یەكەو خاوەنی رەئیەكەو، هەر یەكەش رەئیەكەی خۆی پێ لەوانی دی باشترو راستترە!!؟

بەبڕوای من ئەو پرسیارە بە دیوێك هەڵەیە لەبەر ئەوەی ناكرێ بابەتی راجیایی لە فیقهی ئیسلامی دابڕین، بەدیوەكەی تریش راستە كە لە ناوەرۆكدا ناچێتە قاڵبی تەسك كردنەوەی ئازادی بیروڕا، چونكە كێشە ئەوە نیە، كە مامۆستایانی بەڕێزی ئایینی لە ئەدای ئەركو كاریان خاوەنی دەربڕینو شێوازو بۆچوونی تایبەت بە خۆیانن، بەڵكو كێشە لەوەدایە، كە هەر زانایەو ئیسلامەتی تەنها لەلای خۆیەوە ببینیو راستیەكانیش تەنها لەلای خۆیەوە بخوێنێتەوەو باقیەكەی تری پێ هەڵەو ناراست بێ، كێشە لەوەدایە لە هەرێمێك، یان وردتر بڵێین لە شارێك، یان گەڕەكێك، یان لەنێوان دوو مزگەوت، فەتوای جیا جیاو مەزهەبی جیا جیا بوونی هەبێ، كە سەرەنجام ئەمە درزی گەورەی لەخوارەوەو لەناو زۆرێك لە گەنجانمان دروست كردووە.

ئاخر كێشەیە لە رەوشێكی وادا، ناكۆكیو دووبەرەكی فكری ببێتە مایەی لێكترازانی موسڵمانانو لێكەوتنەوەی هەندێ دەرهاوێشتەی وەك جنێوو قسەی ناشیرینو یەكتر بوغزاندنو خۆلێكجیاكردنەوەو تەنانەت زۆر جار تەكفیركردنی یەكتریش.!!

لەپێناو وەلانانی ئەو دیاردانەی سەرەوەو كاركردن بە ئاراستەی گیانی پڕ لە تەباییو هەستی دیندارانەو هەستكردن بە بەرپرسیارێتی، پێویستە هەمووان كار بكەین لەسەر ئەو سێ تەوەرەی خوارەوە:

یەكەم: ئەركە هەمووان خۆمان بەدوور بگرین لە مەسەلەی فەتوادانو قسەكردن لەسەر شتێك كە شارەزاییمان لەبارەوە نیە، هەروەك ئەركیشە خەڵك رابێنین لەسەر ئەوە، كە لەو هەرێمە لێژنەی فەتوا هەیەو ئەوان فەتوادەری پرسو بابەتو پێشهاتەكانن‌و ئەركی ئێمە پابەندبوونە بە بڕیاری ئەوانەوە، هەم بۆ ئەوەی كێشە بۆ هیچ لایەك دروست نەبێ، هەمیش بتواندرێ رێگە لە پشێویو هەراو بەزمی فەتوای بێ بنەما بگیرێ.

دووەم: پێویستە گیانی تەواوكاری لە نێوانمان هەبێ، پێكەوە لەپێناو خزمەتكردنی ئیسلامو موسڵمانان هەوڵی باشتركردنی ژینو ژیان بدەین، بەبێ جیاوازی بۆچوونو مەزهەبو ئینتیماو... هتد. با رۆحیەتی هاوكاریو هەستكردن بەوەی هەموومان تەواوكەری یەكترینو هەموومان لە روانگەی سۆزی ئایینیو نیشتمانیو مرۆڤ بوونەوە برای یەكترین، بكەینە لایەنێكی بەهێزو سەرەكی گیانی تەواوكاری نێوانمان، چونكە سەرەنجام موسڵمانینو سەرچاوەی دینداریێتیمان یەكەو، هەر دەبێ پێكەوەش خزمەت بكەین، چونكە كاری دەعوەو بانگەوازی بێ حیكمەت سەرناگرێو دواجار بەرهەمیشی لێ ناكەوێتەوە.

سێیەم: دەبێ لەكاتی وتارو بەتایبەت وتاری هەینیدا خۆمان لەباسكردنو وروژاندنی مەسەلە خیلافیەكان بەدوور بگرین، چونكە ئامانجی مینبەرو وتاری هەینی هێندەی تەبلیغو تەعلیمو وەبیرهێنانەوەو هۆشیاركردنەوەیە، هێندە ئامانج لێی خستنە رووی بابەتە خیلافیەكان نیە، لەبەر ئەوەی خەڵكی سادە نازانێ ئەوە بۆچیو ئەمیان بۆچی؟

بۆیە لێرەوە بە پێویستی دەزانم وتەیەكی جوانی شێخ محمد ئەلغەزالی بێنمەوە، كە خۆی زانایایەكی پایەبەرزی ئەزهەر بووەو لە وتاردانیش بە شاهێدی زۆرێك لە پسپۆڕان كاریگەری زۆری ناوەتەوە، ئەو لەبارەی ئەو خاڵەی سەرەوە دەڵێت: (لا یجوز أن تتعرض الخطبة للأمور الخلافیة، ولا أن تكون تعصباً لوجهة نظر اسلامیة محدودة، فإنّ المسجد یجمع ولا یفرق، ویلم شمل الأمة بشعب الإیمان التی یلتقی عندها الكل دون خوض فی المسائل التی یتفاوت تقدیرها، وما أكثر العزائم والفضائل التی تصلح موضوعاً لنصائح جدیدة وخطب موفقة).

Sherkaway83@gmail.com

# شاندێکی باڵای ئەنجومەنی زانایانی ئەنبار سەردانی مەکتەبی تەنفیزی دەکات




ڕۆژی ٢٠١٢/٤/١٧ شاندێکی باڵای ئەنجومەنی زانایانی ئەنبار، بە سەرۆکایەتی بەڕێز شێخ عبداللە حسین ئەلکوبەیسی سەرۆکی ئەنجومەنی ناوبراو، لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە زانایانی شارەکە، سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانیان کردو، لەلایەن بەڕێزان مامۆستا مەلا عبداللە مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانو، ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی بەگەرمی پێشوازیان لێکرا.

ئەمەو لە دانیشتنێکدا، وێڕای بەخێرهێنانی شاندی میوان، لەوتەیەکدا بەڕێز سەرۆکی یەکێتی زانایان پوختەیەك لە باسی مێژووی دامەزراندنو، کاری ڕێکخراوەییو، کارو چالاکیەکانو، پەیامی یەکێتی زانایان خستەڕوو، دواتر لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا جەختی لەگرنگی بوونی پەیوەندیو، هەماهەنگیو، پێویستی سەردانی هاوشێوەی نێوان دەزگاو ڕێکخراوەکانی زانایان کردەوە.

لە بەرامبەردا شاندی ئەنجومەنی زانایانی ئەنبار، سوپاسی سەرۆکی یەکێتی زانایانیان کردو، پێداگریان لەسەر پتەوترکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان کردەوە، خۆشحاڵی خۆیان نیشاندا بە پێشکەوتنو هەوڵو کاروچالاکیەکانی یەکێتی زانایانو، هیوای سەرکەوتنو بەردەوامیان خواست.

شایانی باسکردنە هەر یەك مامۆستا مەلا عومەر سوێریو مەلا جەعفەر گوانی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان ئامادەی دانیشتنەکە بوون.

# سەرۆکی یەکێتی زانایان بەیاوەری زانایانی سنووری لقی سۆران سەردانی فەرماندەی سپیلکی لەشکری کوردستان دەکات




**ڕاگەیاندنی لقی سۆران/** بەمەبەستی بەرزنرخاندنو ڕێزگرتن لە ڕۆڵو ماندووبونو خەباتی پێشمەرگەکانی کوردستان، بە تایبەت لە پاراستنو بەرقەرارکردنی هێمنی و ئاساییشی سنوورەکان، شاندێکی باڵای یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، بە سەرۆکایەتی بەڕێز مامۆستا مەلا عبداللە مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایان و، بەیاوەری بەڕێزان مامۆستا مەلا خالد مەلەکی بەرپرسی لقی سۆرانی یەکێتی زانایانو، ژمارەیەکی بەرچاو لە زانایانی سنووری لقی سۆرانو، بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران، سەردانی فەرماندەی سپیلکی لەشکری کوردستانیان کردو، گەرمی لەلایەن بەڕێز (سەید نایف) فەرماندەی فەرماندەیی سپیلكو، جێگرو ئەندامانی فەرماندە پێشوازیان لێکرا.

ئەمەو لەمیانەی دانیشتنێکدا، بەڕێز سەرۆکی یەکێتی زانایان باسی لە ڕۆلی پێشمەرگەی کوردستان کرد لە پارێزگاری کردنیان لە خاکی پیرۆزی کوردستان، هەروەك باسی لە هەماهەنگی نێوان زانایانی ئایینی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردو، هەردوولا خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بۆ ئەو سەردانەو، ئومێدیان خواست هەموو لایەك هاوکار بن بۆ سەرخستنی دەسکەوتو ئەزموونی هەرێمی کوردستان.

# دهۆك: سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری شاندێك سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف دەکات

ڕۆژی ٢٠١٢/٣/٢٩ بەمەبەستی پیرۆزباییکردنی دەستبەکاربوونی وەك بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی دهۆك، شاندێکی باڵای یەکێتی زانایان، بە سەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان مامۆستا مەلا عبداللە مەلا سەعید گرتکیو، بەڕێزان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکو، مامۆستا شێخ عبدالباسیت بالیسانی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیو، مامۆستا مەلا ئەنەس بەرپرسی لقی دهۆکی یەکێتی زانایان، سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی دهۆکیان کردو، لەلایەن بەڕێز سمیان عبدالخالق بەڕێوەبەری گشتی بەگەرمی پێشوازیان لێکرا.

ئەمەو لە دانیشتنێکدا باس لە گرنگیو پێویستی کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو کرا، بە مەبەستی باشتر ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانو زیاتر برەودان بە خزمەتکردن.

لە بەشێکی دیکەی دانیشتنەکەدا، جەخت لەسەر هەماهەنگیو پەیوەندی نێوانیان کرایەوە، لە لایەن خۆیەوە بەڕێز سەرۆکی یەکێتی زانایان تەواوی پشتیوانیو هاوکاری و هەماهەنگی خۆی دوپات کردەوەو، هیوای سەرکەوتنی ئیش و کارەکانیان بۆ بەڕێوەبەرو کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو خواست.

# شاندی باڵای ئەنجومەنی زانایانی ئەنبار سەردانی لقی سلێمانی یەکێتی زانایان دەکات




**ڕاگەیاندنی لق: ملا محمد کەڵکەسماقی/** ڕۆژی ٢٠١٢/٤/١٥ بەمەبەستی دروستکردنی پردی پەیوەندی و بەهێزترکردنی هەماهەنگی نێوان زانایان، شاندێکی باڵای ئەنجومەنی زانایانی ئەنبار، بە سەرۆکایەتی بەڕێز شێخ عبدالله حسین ئەلکوبەیسی سەرۆکی ئەنجومەنی ناوبراو، لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە زانایانی شارەکەو، وەقفی سوننی شارەکانی رومادی و فەلوجە سەردانی لقی سلێمانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانیان کردو، لەلایەن بەڕێزان مامۆستا مەلا نجم الدین قادر بەرپرسی لق ، مامۆستا مەلا مستەفا صابیر و، مامۆستا مەلا کریم عبدالله و، مامۆستا مەلا سعید همزە بەرپرسی ناوچەی یەك و، مامۆستا مەلا اسماعیل گەلاڵی بەرپرسی ناوچەی چوار بە گەرمی پێشوازیان لێکرا.

ئەمەو لە دانیشتنێکدا، بەڕێز بەرپرسی لق وتەیەکی پێشکەشکردو، تیایدا ویڕای بەخێرهێنان، خۆشحاڵی خۆی و ستافی لقی ڕاگەیاند بە سەردانەکەی بەڕێزیان و، هیوای سەرکەوتن و پەیوەندی بەردەوامی خواست.

لە بەرامبەریشدا شاندی میوان دوای سوپاسو پێزانینی خۆیان بۆ پێشوازی گەرمی زانایانی لقی سلێمانی، ئاماژەیان کرد بە ڕۆڵ و تێکۆشانی زانایانی کورد لەکۆن و لەتازەدا، هەر لەسەردەمی (صلاح الدین)ی ئەیوبیەوە کە فەتحی قودسی کرد، تادەگاتە ئەمڕۆ، کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لەگەشەندنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامو، پێگەیاندنی زانایانی بەناوبانگ وەك مامۆستا (عبدالكریم)ی مودەڕیسو، چەندان کەڵەپیاو.

لە بەشێکی دیکە وتەکانیاندا ئاماژەیان بەو زوڵم وستەمانەی ڕژێمی بەعس کرد بەرامبەر بە گەلی کورد، وەك: جینۆسایدی بەناو ئەنفال و، کیمیابارانی هەڵەبجە و بالیسان و شوێنەکانی تری کوردستان و، پاکتاوی ڕەگەزی و، ڕوخاندنی گوندوشارۆچکەکانیو، هاوخەمی خۆیان دەربڕی بەرامبەر بەو کارەساتانەی کە بەسەر گەلی کورد هاتووە.

دواتر شاندەکە بە یاوەری زانایانی لق سەردانی مۆنۆمێنتی شەهیدانی کیمیایی بارانی هەڵەبجەیان کردو، بە بینینی وێنەو فیلمە دێکومنتیەکانی کارەساتەکە فرمێسکو گریان دایگرتنو، خەمباری خۆیان دوپاتکردەوەو، هیوایان خواست کە کۆتایی نەهامەتی بێت بۆ سەر گەلی کوردی موسڵمان

# شاندێکی لقی سۆران ئامادەی فیستیڤاڵی ڕۆشنبیری سۆران دەبێت

ڕاگەیاندنی لقی سۆران: بەمەبەستی بەشداریکردن لە یەکەم ڤیستیڤالی ڕۆشنبیری سۆران کە بەبۆنەی یادی ١١٤ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی سازکرابوو،شاندێکی لقی سۆرانی یەکێتی زانایان کە پێکهاتبوو لەبەرێزان مەلاوەیسی مەلاسەعید،مەلامەلحەم گەردی کارگێرانی لق ومەلاسەدیق ئەسعەد ئەندامی لق ئامادەی ڕێورەسمی کردنەوەی یەکەم ڕۆژی ڤیستیڤالەکەبوون، ئەمەو لەڤیستیڤالەکەدا پیرۆزبای لقی سۆرانی یەکێتی زانایان کە بەبۆنەی سالیادی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانیەکان ئاراستەی ڤیستیڤالەکە کرابوو خوێندرایەوە .

شایەنی باسە ڤیستیڤالەکە بۆیەکەم جارە لە سنورەکە ئەنجامدەدرێت وبۆماوی سێ ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

# لقی گەرمیانی یەکێتی زانایان گەشتێکی بەهارە بۆ زانایانی ئاینی سنوورەکەی ڕێکدەخات




**دانا مەلا حەمەئەمین – گەرمیان:** ڕۆژی ٢٠١٢/٤/١٩ لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بەهارە گەشتێکی بۆ زانایانی ئاینی سنوری ناوچەکانی کەلارو خانەقینو کفریو دەربەندیخان رێکخستو، لەو گەشتەدا کە بۆ سەیرانگای دڵرفێنی قەرەداغ ڕێکیانخستبوو نزیکەی زیاترلە سەد زانای ئاینی بەشداربوون.

ئەمەو بەڕێز بەرپرسی لق لە وتەیەکدا سوپاسی مەکتەبی تەنفیزی و ئیدارەی گەرمیانی کرد بۆ سازدانی ئەو گەشتەو، سوپاسی بەشداری زانایانی ئاینیشی کرد و، ئەنجامدانی ئەو جۆرە گەشتانەی بەئەرکی یەکێتی زانایان زانی بۆ گرینگیدان بە بتەوکردنی برایەتی و لێکنزیکبونەوەی زانایان و قوڵکردنەوەی گیانی دڵسۆزی و هاوکاری نێوانیان، لەبەرامبەریشدا زانایانی ئاینی بەشداربووی گەشتەکە سوپاسی خۆیان ئاراستەی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایان کرد بۆ سازدانی ئەو گەشتە.

# لقی چەمچەماڵ بەشداری یادەکانی ئەنفال دەکات

**ڕاگەیاندنی لقی چەمچەماڵ/** سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٢/٤/١٤ شاندێکی لقی چەمچەماڵی یەکێتی زانایان کە پێك هاتبوو لە بەڕێزان مامۆستا مەلا وهاب عمر سەنگاوی لێپرساوی لق و مامۆستا محمد تاڵەبانی کارگێڕی لق و هەر یەك لە مامۆستا مەلا أحمد تەیفور و مامۆستا سامان عوسمان بەشداریان کرد لە بیست و چوارەمینساڵیادی ئەنفالدا کە لە شاری چەمچەماڵ و لە مۆنۆمێنتی ئەنفال سازکرا بوو، شایانی باسە مەراسیمەکە بە خوێندنی قورئان پیرۆز دەستی پێکرد و پاشان هەر یەك لە (صلاح کوێخا) سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان و مامۆستا ئارام وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان وتاریان پێشکەش کرد و تاجە گوڵینەی لایەن و دام و دەزگا و کەسایەتیەکان لەسەر گڵکۆی ئەنفال دانراو چەند لاواندنەوەو شانۆگەریەك پێشکەش کراو لقی چەمچەماڵیش بە بروسکەیەکی ماتەمینی بەشدار بوو .

هەر لە یادی ئەنفالدا ڕۆژی ٢٠١٢/٤/١٥ لە فاکتەڵی زانستە ڕامیارییەکانی قەزای چەمچەماڵ چەند مامۆستایەکی دیکەی لقی چەمچەماڵ کە پێك هاتبوون لە مەلا سیامەند سەنگاوی و مەلا محمدی تاڵەبان و مەلا هیدایەت جاف بەشداری بۆنەیەکیان کرد .

# چەند چالاکیەکی لقی پشدەری یەکێتی زانایان



### * لقی پشدەر کۆبونەوەیەکی گشتی سەرجەم مامۆستایان ئەنجام ئەدات

رۆژی ٢٠١٢/٤/١٩ لەمزگەوتی (حاجی قادرخانەڵەیی) بەئامادەبوونی لێپرسراوی لقو کارگێڕانو بەرپرسی ناوچەکان ئەندامانی لیژنەی فتوا کۆبوونەوەیەکی گشتی سەرجەم مامۆستایانی ئاینی ناوشاری قەڵادزێمان ئەنجامدا بەمەبەستی پتەوکردنی زیاتری پەیوەندی نێوان زانایانمانو ڕوونکردنەوەی هەندێك بواری ئاینیو هەندێك لەچالاکییەکانی یەکێتی زانایان بەگشتیو لقی پشدەرمان بەتایبەتی.

سەرەتا کۆبوونەوەکەمان بەخوێندنی چەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆز دەستپێکردو پاشان بەرپرسی ئیدارەی لق م.ملا سیدعبدالرحمن بەخێرهاتنی مامۆستاکانی کردو هەندێك لەئامانجەکانی کۆبوونەوەکەی خستەڕوو پاشانیش بەڕێزیان لێپرسراوی لقی تەقدیم کرد بۆ قسەکردن لەسەر تەوەرو ئامانجەکانی کۆبوونەوەکە، کە بریتی بوون لە خۆشەیستوی برایەتی زیاتری نێوان زانایانو بەهێزکردنی زانایان لەبواری زانستی شەرعیو زانستی سەردەمیو هەڵی یەکرێزی مینبەرەکان لەبوارەکانی ئاینیو نیشتمانپەروەریو متمانەی زیاتر بەیەکتری لەبواری چالاکییەکانی یەکێتی زانایانو هەوڵی وەدەستهێنانی هەر بەرژەوەندیەك بۆ زانایانمان. پاشان لێپرسراوی لیژنەی فتوا م.ملا علی ئاوەژەیی وتەیەکی ئامۆژگاری پێشکەش کرد. دوابەدوای ئەو دەرگای پرسیارو تێبینی مامۆستایان کرایەوەو چەند مامۆستایەك پرسیارو تێبینی جوانیان پێشکەش کردو لەلایەن لێپرسراوی لقەوە وەڵام درانەوەو ڕوونکردنەوەی پێویست کرا. وەلەلایەن سەرجەم مامۆستایانەوە دەستخۆشی لەدەستەی کارگێڕی لق کرا بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆبوونەوەیەو بەپێویستیان زانی کە مانگانە جارێك کۆبوونەوەیەکی ئاوا گشتی سازبکرێت. وەبەسەرکەوتویی کۆتایی پێهات.

### * لقی پشدەر بەشداری کردنەوەی مزگەوتی ( گوندی وەسوێنە ) دەکات:

رۆژی ٤/١٩ شاندێك لق بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەوقافی قەڵادزێ بەشداریمان کرد لەکردنەوەی مزگەوتی (گوندی وەسوێنە)ی سەر بەناحیەی هێرۆ. ئەوەی شایەنی باسە وتاری لقو ئەوقاف لەلایەن لێپرسراوی لق (م.ملا أحمدی خانقا)وە پێشکەش کرا، کە تێیدا بەناوی لقی پشدەری زانایانو ئەوقافی قلادزێوە پیرۆزبایی ئەم مزگەوتەی لەدانیشتوانی گوندەکە کردو سوپاسو دەستخۆشی کرد لە خێرخوازان کوڕانی (شێخ حسینی شێخ بایزید) کە هەڵسابوون بەدروستکردنەوەی ئەو مزگەوتە. وەهیوای خواست کە مزگەوتێکی ئاوەدانبێت بەعیبادەتو خواپەرستی.

* وەهەمان ڕۆژ شاندێکی لق کەپێکهاتبوو لە لێپرسراوی لقو چەند مامۆستایەکی دیکە سەردانی مامۆستایانی ناحیەی هێرۆیان کردو لەنزیکەوە لەئەحواڵی ئەوانی پرسی.

# خەلاتی ڕێز لێنان ی ژینگە بەخشرا به بەرپرسی لقی شەقلاوەی یەکێتی زانایان



سەر لەئێوارەی ڕۆژی ٢٠١٢/٤/١٩ز کاتژمێر ٤:٣٠ لە هۆلی هەوارگە ی سەفین بەسەرپەرشتی سەنتە ری رۆشنبیری ژینگەی شەقلاوە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی ئاینیو رۆشنبیرانو لاوانو قوتابیان کۆرێك بۆ بەڕێز (عبدالرحمن صديق) وەزیری پێشووی ژینگەی عێراقو شارەزا لە ژینگە بەناونیشانی (بەهارو ژینگە) سازکرا، کۆرگێر بەوردی تیشکی خستە سەر ژینگە بەگشتیو ژینگەی کوردستان بەتایبەتیو چۆنیەتی پاراستنی ژینگەو رۆڵی مامۆستایانی ئاینی لە وشیارکردنەوەی خەڵك لەپاراستنی ژینگە لە پیسیو پۆخلیو ژینگەپارێزی وەك ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێك ئەمەو لەکۆتایدا خەڵاتی رێزلێنان لەلایەن سەنتەری رۆشنبیری ژینگەی شەقلاوە بەخشرا بە چەند کەسایەتو لایەنێك کەوا رۆڵی بەرچاویان هەبووە لەمەر هۆشیارکردنەوە لەپاراستنی ژینگە لەنێوانیاندا بەڕێز (عبدالرحمن صديق)و م.تحسین خۆشناو بەرپرسی لقی شەقلاوەی یەکێتی زانایان بوون.

# لقی هەولێری یەکێتی زانایان لە نزیکەوە دوو مامۆستای نەخۆش بەسەردەکاتەوە



ڕاگەیاندنی لقی هەولێر: مەعروف مەلاعولا روستایی: سەر لەئێوارەی ١٧/ ٤/ ٢٠١٢ بەڕێز مامۆستا شێخ نیاز راغب دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان، بەیاوەری بەڕێزان مامۆستا مەلا عبدالكريم و مەلا معروف روستایی ئەندامانی لق، بەمەبەستی پرسیارکردنولە نزیکەوە ئاگاداربوون لە باری تەندروستیان، سەردانی هەریەك لە بەڕێزان مامۆستا مەلا محمد عزیزو، مامۆستا مەلا پاشا رەمەزانیان کردو، بە گەرمیەوە لەلایەن مامۆستایانی ناوبراو و خانەوادە بەڕێزەکانیانەوە پێشوازیان لێکرا.

ئەمەو لە هەردوو سەردانەکاندا، بەڕێز بەرپرسی لقی هەولێر بەناوی خۆیو شاندی یاوەریو سەرجەم مامۆستایانی سنووری لقی هەولێری یەکێتی زانایان، هیوای هەرچی زووتر چاکبوونەوەو تەمەن درێژی بۆ مامۆستایان خواست، بۆ زیاتر خزمەتکردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلامو خاكو وڵاتو، دیاری پێشکەش بە مامۆستایانی بەرێز کرد.

لەلایەن خۆشیانەوە هەریەك لە مامۆستا مەلا محمد عزیزو مامۆستا مەلا پاشا رەمەزان، دڵخۆشی خۆیان دەربڕی بەم سەردانەیانو، دڵسۆزیو کارکردنی لقی هەولێری یەکێتی زانایان بۆ سەرجەم مامۆستایانی ئاینی سنورەکەیانو، سوپاسی ئەم بەسەرکردنەوەیان کردو، هیوایان خواست کە بەردەوام بن بۆ ئەم کارەی کە پێی هەڵساون.

# لقێ دهوکێ ئێکەتیا زانایان کۆمبوونا ئاساییا خۆیا هەیڤا نیسانێ گرێدا

**ڕاگەهاندنا لقێ دهۆك/ ملا جهاد بێسفکی:** ل رۆژا پێنجشەمبی رێکەفتی ٢٠١٢/٤/٥ لقێ دهوکێ یێ ئێکەتیا زانایێن ئاایینێ ئیسلامێ، ب ئامادەبونا بەرپرسێ لقێ دهوکێ زانایان بەڕێز مامۆستا مەلا انس محمد شريف و کارگێڕێت لقێ و رێزدار مفتییێ دهوکێ و، بەرپرسێت لژنێت نافخۆ، کۆمبوونا خۆ یا ئاساییا هەیڤا نیسانێ، ل بارەگایێ لقێ دهوکێ گرێدا.

هەژی گۆتنێیە: کو د کۆمبونێدا بەحسێ بارودوخێ کوردستانێ ب گشتی هاتەکرن و، ئاماژە ب هندەك کارێت گرنك هاتەدان، وەك دارێشتنا بەرنامێ هاڤینی، کو خولێت فێربوونا قورئانا پیرۆز ل هەمی مزگەفتێن سەرانسەری بازێرێ دهوکێ بێنەڤەکرن و ماموستاییێت ئاایینی ڤێ ب ستویێ خوڤە بگرن، داکو زارۆیێن مە د ماوێ بهێنڤەدانا هاڤینێدا مژیلی کارێن باش ببن و بێنە دیر ئێخستن ژ کارێن خراب.

هەر د کومبوونێ دا بەحسێ رولێ ماموستاییێت ئاایینی هاتەکرن، کو هاندەرن ژبو پاراستنا رەوشتێ پیروزێ ئاایینێ ئیسلامێ و، دیڤچونا پەیاما پیروزا ئیسلامێ، ئەڤە و چەندین گەنگەشە هاتەکرن ژلایێ ئامادەبویان ڤە ل سەر چەندین تەوەرێن جودا.

# چەند چالاکییەکی لقی سۆرانی یەکێتی زانایان

**ڕاگەیاندنی لقی سۆران:**

* شاندێکی لقی سۆرانی یەکێتی زانایان بە سەرۆکایەتی بەڕێز مامۆستا مەلا خالد مەلەکلی بەرپرسی لق یاوەری مەلاوەیسی مەلاسەعید بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران، بەمەبەستی پیرۆزبای لەستافی نوێ سەردانی لقی ١٠ی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کردو لەلایەن بەرپرس و کارگێرانی لقەوە بەگەرمی پێشوازیان لێکرا،لە سەردانەکەدا شاندی میوان پیرۆزبای خۆیان ئاراستەی ستافەکە کردو هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواستن.

لەلایەکی ترەوە هەمان شاند ئامادەی خوانێکی نیوەڕۆ بوون کە لەلایەن بەڕێز کاک هەلگورد خدر فەرماندەیی فەرماندەی هەلگوردی لەشکری کوردستان بۆ مامۆستایانی ئاینی سنورەکە سازکرابوو.

* بەمەبەستی هەوال پرسین و بەسەرکردنەوە شاندێکی لقی سۆران لە ئەندامانی لق سەردانی مامۆستا مەلا عبداللە خورشید ڕەژوکەری کردو هیوای لەش ساغی و تەندروستیەکی باشیان بۆ خواست کە ماوەیەك بەهۆی نەخۆشیەوە باری تەندروستی ناجێگیربووە. شایەنی باسە هەمان شاندیش ئامادەی پرسەیەك بوو لەناوچەکە.

*بەرپرسی لق بەڕێز مامۆستا مەلا خالد مەلەکی بەمەبەستی ئاگاداربوون لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارو چالاکیەکانی ناوچەکان، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی ناوچەکانی لەبارەگای لق کرد.

لەکۆبونەوەکەدا کە سەرجەم کارگێرو ئەندامانی لق ئامادەی بوون چەند تەوەرێکی گرنگو پەیوەست بەبارودۆخی ئەمرۆی کوردستانو مامۆستایانی ئاینی تاوتوێکرانو قسەو باسیان لێوە کرا. هەر لەکۆبوونەوەکەدا چەندین سەرنجو تێبینی خرانە بەرباس لێکۆلینەوەو بریاردرا لەناوچەکەدا کاریان لەسەر بکرێ.

* شاندێکی هاوبەشی لقی سۆران و ناوچەکانی سۆران ودیانای زانایان بەمەبەستنی بەخێرهێنانەوە سەردانی چەند مامۆستایەکی ئاینیان کرد کە لەسەفەری عومرە گەڕابونەوە.

# لقی سلێمانی یەکێتی زانایان کۆبوونەوەی ئاسایی لق سازدەکاتو جەخت لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ دەکاتەوە

